# پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران

**توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە**

**(بۆ سامپلێک لە ڕاگەیاندنکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)**

**نامەی ماستەر**

**(کۆلیژی ئەدەبیات – زانکۆی سەلاحەددین)**

**دڵشاد مستەفا سلێمان**

**سۆران - هەولێر**

**٢٠١٩**

ئەم بەرهەمە لە سەر ئەركی بەڕێز (موحسین سلێمان باڵەكی) چاپ كراوە

# پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران

دڵشاد مستەفا سلێمان

سۆران - هەولێر
٢٠١٩

**ناوی کتێب: پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران**
**نووسەر: دڵشاد مستەفا سلێمان (دلشاد باڵەکی)**
**بابەت: توێژینەوەی ئەکادیمی (نامەی ماستەر)**
**پاکنووسی زمانەوانی: جبار علی سرێشمەیی**
**بەرگ: تەیب موعتەسم**
**نەخشەسازی ناوەوە: ئەکرەم فەرەیدون**
**تیراژ: (٥٠٠) دانە**
**چاپی: یەکەم**
**چاپخانە: هێڤی - هەولێر**
**ساڵی: ٢٠١٩**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٣٠٧)ی ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.**

# پێشکەش

**بە...**

* گۆڕی خوای لێ خۆشبێت باوکم، کە ئامادەبوو جامانەی سەری خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی منداڵەکانی لە خوێندن دانەبڕێن.

* سەرمایەی ژیانم (دایکم).

* خوشک و براکانم.

* هاوسەری ژیانم (شیکار عەبدوڵلآ).

* سەرجەم مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین.

* گۆڕی خوای لێ خۆشبێت هاوڕێم ڕێباز ڕەحیم گەناوی (قەڵادزەیی)، کە مەرگ ڕێگەی نەدا خوێندنی ماستەر بخوێنێت.

* هەموو ئەوانەی لە کاروانی خەباتی زانست تێدەکۆشن بۆ درووست کردنی نەوەیەکی پڕ زانست و مەعریفە.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ یەزدانی مەزن، کە دوای ماندووبوونێکی زۆر و ئەو هەموو ئاستەنگو لەمپەرانەی، کە هاتنە بەردەمم لە قۆناغی خوێندنی ماستەر و بە تایبەتی نووسینی نامەی ماستەرەکەم، کە توانیم و بە سەریان زاڵ بم و هەنگاوەکان بە سەرکەوتوویی تەواو بکەم.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم، کە هاوکارو پشتیوانم بوون لە نووسینەوەی نامەی ماستەرەکەم و بە چاپ گەیاندنی، بە تایبەت لە پێدانی سەرچاوەو ئەنجامدانی رێکاری مەیدانی توێژینەوەکە ئەوانیش:

- هەرچی وشەیە لە تەک یەک ڕیزی بکەم، ئەستەمە ڕستەیەک بدۆزمەوە، کە قەرەبوی ماندووبوون و شەونخونی مامۆستاو سەرپەرشیتاری نامەی ماستەرەکەم (پ. ی. د. حەبیب کەرکوکی) بێت، کە بەردەوام و بە هەموو شێوەیەک لەگەڵم بوو، ئەگەر هەوڵ و کۆششی ئەو نەبووایە، ئەستەم بووم ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامە بگەیشتبایە.
- بەرێز (موحسین سلێمان باڵەکی) ئەرکی لە چاپ دانی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت، سوپاس گوزاری بەرێزیانم.
- بەڕێزان لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی راپرسی (پ. ی. د. احلام ابراهیم ولی، پ. ی. د. خالد حمدامین میرخان، پ. ی. د. مەغدید سەپان، پ. ی. د. سامان جلال مولود، د. امیر نامق عبداللە، د. نەزاکەت حسین حمەسعید، د. حکیم عثمان حمید، د. فوئاد عەلی ئەحمەد).
- هەروەها بەڕێزان (پ. د. طاهر حسۆ زێباری، د. هۆشیار مظفر علی، د. عیماد گوانی، د. رزگار مەغدید ئەحمەد، د. ئەکرەم فەرەیدون).
- دایکم و خوشک و برا خۆشەویستەکانم، کە هاوکاری بێ سنووریان کردووم.
- مامۆستا جەبار عەلی سرێشمەیی، ئەرکی پاکنووسی زمانەوانی لە ئەستۆ گرت.
- نووسەر و وەرگێر (ڕابەر ڕەشید)، کە زۆر هاوکاری کردم، لە وەرگێڕانی سەرچاوەکان بۆ سەر زمانی کوردی.
- هەموو هاوڕێیانم ئەوانیش (نەشوان نیعمەت، ئەنەس عەزیز، وڵات محسن، هودا محەمەد، هیوا مەلا قادر، سوبحان حەسەن، هێمن ساڵح، محیەدین تەها، ئیسماعیل عەبدولکریم، موراد موزەفەر).
- تێکرایی مامۆستا و فەرمانبەرانی بەشی ڕاگەیاندن -کۆلیژی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەددین.

- فەرمانبەرانی هەر یەکە لە کتێبخانەکانی (بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلیژی ئەدەبیات و پەیمانگای تەکنیکی هەولێر و سۆران و شەقلاوە، و کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابوری — زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی تەکنیکی کارگیری و ڕاگەیاندن – زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، فاکەڵتی ئاداب ـــ زانکۆی سۆران).

# پوختە

یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە کاریگەری زۆری هەیە لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە تەلەفزیۆنە، چونکە دەنگو وێنەیە بە تایبەت لەو سەردەمەدا بەهۆی پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆجی، لە هەرێمی کوردستانی عێراقیش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەرکەوتن. لە کاتی درووست بوونیشیان خاوەنداری کەناڵەکان هەڵسان بە دانانی شێوازی بەڕێوەبردنو چۆنیەتی کارکردنو بەرپرسیارەتی ڕاگەیاندنکارەکان لە کەناڵەکە، کە بە شێوەیەک بگونجێ، لەگەڵ سیاسەتی گشتی کەناڵەکە گونجاو بێت.

بۆیە هەر یەک لەو کەناڵە کوردییانە سیستەمی کارگێڕیو بنەمای کارگێڕی تایبەت بە خۆیان دانا، چونکە بەڕێوەبردنی کەناڵەکان لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر جیاوازە، ئەمەش وا دەکات کاریگەری لە سەر شێوازی کاری ڕاگەیاندنکار لە سەر کەناڵەکە بکات. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران) کە توێژینەوەیەکی ڕووپێویە بۆ سامپلێک لە ڕاگەیاندنکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە تاوتوێی بابەتێک دەکات، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە نێو میدیای کوردی بە تایبەتیش نێو دامەزراوەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها بایەخی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیەکان و پەیوەستبوونیان بەو کۆمەڵگایەی، کە کەناڵەکە پەخشی خۆی تێدا دەکات.

ئەم لێکۆلینەوەیە توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە، یەکێک لە تیۆرە دیارەکانی، کە بە شێوەی جۆراو جۆر بەکاردێت، لە توێژینەوە وەسفییەکانە، چونکە زۆرترین داتاو زانیاری لە بارەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە هەمووو ئەو کەناڵە ئاسمانیانەیە، کە لە ناو هەرێمی کوردستان پەخشی ئاسایی خۆیان دەکەن. نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ڕاگەیاندنکارەکانی پێنج کەناڵی ئاسمانی ئەوانیش (گەلی کوردستان، پەیام، کەی ئێن ئێن، سپێدە، ڕووداو)، کە تێکرای نمونەکان (١٥٦) سەتو پەنجاو شەشە یەکەن.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە چەند ئامانجێک بەستووە لەوانە:

١. خستنە ڕووی واقیعی ڕاگەیاندنکار لە نێو سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٢. زانینی بایەخی ڕاگەیاندنکار لە نێو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٣. خستنەڕووی بایەخی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی و ئەو فشارانەی لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک لە گرنگترینیان:

١. ڕێژەی (٥٠%) یەکەکان تاڕادەیەک پێیان وایە، کە خاوەنداری کەناڵەکە دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان.

٢. ڕێژەی (٣٧.٨%) تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردووە لە کاتی کارکردندا.

٣. دەرئەنجامەکان دەریان خستووە، کە ڕێژەی (٢٨.٨%) تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا ناکۆکی نێوان پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری خراپ دەخاتە سەر ڕاگەیاندنکاران.

٤. ڕێژەی (٣٠.٨%) لەگەڵ ئەوەدانین بە تەواوی کەوا ئەو مووچەی ڕاگەیاندنکار وەری دەگرێت بەشی بژێوی ژیانی بکات، پێویستی بە کارکردنی دیکە نەبێت.

# ليستی ناوەڕۆک



| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەش | ٥ |
| سوپاس و پێزانین | ٦ |
| پوختە | ٨ |
| ليستی ناوەڕۆک | ١٠ |
| ليستی خشتەکان | ١٢ |
| پێشەکی | ١٤ |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** | **١٦- ٥٧** |
| باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | ١٦ |
| ١. کێشەی توێژینەوە | ١٦ |
| ٢. گریمانەکانی توێژینەوە | ١٧ |
| ٣. پرسیارەکانی توێژینەوە | ١٧ |
| ٤. گرنگی توێژینەوە | ١٨ |
| ٥. ئامانجی توێژینەوە | ١٨ |
| ٦. تیۆری پاسەوانی دەرگا | ١٩ |
| باسی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە | ٣٢ |
| باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ٣٧ |
| **بەشی دووەم: کارگێڕی و سیستەمی کارگێڕی  لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن** | **٥٨- ١٠٣** |
| باسی یەکەم: کارگێڕی و کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٥٨ |
| یەکەم: پێناسەی کارگێڕی | ٥٨ |
| دووەم: گرنگی کارگێڕی | ٥٩ |
| سێیەم: وەزیفەکانی بەڕێوەبردن | ٦٠ |
| چوارەم: ئەرکەکانی ڕێکخراو | ٦٨ |
| باسی دووەم: سیستەم و سیستەمی کارگێڕی | ٧٥ |
| ١. پێناسەی سیستەم | ٧٥ |
| ٢. پێکهاتەکانی سیستەم | ٧٥ |
| ٣. ڕەگەزەکانی سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا | ٧٧ |
| ٤. جۆرەکانی سیستەمی کارگێڕی و پێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان تیایدا | ٧٩ |
| ٥. جۆرەکانی ستایلی بەڕێوەبەر | ٨١ |

| | |
|---|---|
| باسی سێیەم: کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٨٣ |
| یەکەم: سروشتی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٨٣ |
| دووەم: پێکهاتەی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٨٤ |
| سێیەم: پێکهاتەی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕاگەیاندن | ٨٧ |
| چوارەم: سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٨٨ |
| پێنجەم: سیستەمی ڕاگەیاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٨٩ |
| شەشەم: بنەما نوێیەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن | ٩٢ |
| حەوتەم: ڕەهەندەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن | ٩٣ |
| باسی چوارەم: سەرهەڵدان و سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | ٩٤ |
| ١. سەرهەڵدان و گەشەکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان | ٩٤ |
| ٢. سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکانی نمونەی توێژینەوە | ٩٦ |
| **بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی** | **١٠٤-١٧٦** |
| باسی یەکەم: ڕێکارییەکانی مەیدانی توێژینەوە | ١٠٤ |
| ١. میتۆدی توێژینەوە | ١٠٤ |
| ٢. کۆمەڵگای توێژینەوە | ١٠٤ |
| ٣. نمونەی توێژینەوە | ١٠٤ |
| ٤. سنورەکانی توێژینەوە | ١٠٤ |
| ٥. گۆڕاوەکانی توێژینەوە | ١٠٥ |
| ٦. کەرستەکانی توێژینەوە | ١٠٦ |
| ٧. ئاستەنگەکانی توێژینەوە | ١٠٧ |
| ٨. پێوەری ڕاستی توێژینەوە | ١٠٩ |
| ٩. ڕادەی جێگیری توێژینەوە | ١١٠ |
| ١٠. ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان | ١١٢ |
| باسی دووەم: خستنەڕووی زانیاریی و تاقیکردنەوەکانی گریمانە | ١١٣ |
| یەکەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان | ١١٣ |
| دووەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان | ١٤٨ |
| سێیەم: دەرئەنجامەکان | ١٥٨ |
| چوارەم: ڕاسپاردەکان | ١٦٢ |
| سەرچاوەکان | ١٦٣ -١٧٦ |

# لیستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | ڕوونکردنەوەی کۆی گشتی ژمارەی نمونەکانی توێژینەوە | ١٠٤ |
| (٢) | ئاماژەی ژمارەی دەستەواژەی پۆزەتیف و نەگەتیف دەردەخات | ١٠٧ |
| (٣) | کەناڵە دەستنیشانکراوەکانی نمونەی توێژینەوە | ١١٣ |
| (٤) | ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکان ڕوون دەکاتەوە | ١١٤ |
| (٥) | ڕوون کردنەوەی تەمەن | ١١٥ |
| (٦) | باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکان ڕوون دەکاتەوە | ١١٦ |
| (٧) | ئاستی خوێندەواری نمونەکانی توێژینەوەکان ڕوون دەکاتەوە | ١١٦ |
| (٨) | ماوەی کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە لە کەناڵەکان ڕوون دەکاتەوە | ١١٧ |
| (٩) | پیشەی نمونەی توێژینەوەکان دەردەخات | ١١٨ |
| (١٠) | ساڵانی خزمەت لە بواری ڕاگەیاندن نمونەی توێژینەوەکان ڕوون دەکاتەوە | ١١٩ |
| (١١) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی خاوەنداری | ١٢١ |
| (١٢) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی ڕێنمایی | ١٢٥ |
| (١٣) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی کاتی کارکردن | ١٢٩ |
| (١٤) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی مامەڵە کردنی کارگێڕی | ١٣٢ |
| (١٥) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی پلەبەندی | ١٣٦ |
| (١٦) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی ئازادی کارکردن | ١٤٠ |
| (١٧) | ڕوونکردنەوەی ڕادەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی مووچە | ١٤٤ |
| (١٨) | تاقیکردنەوەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان | ١٤٨ |
| (١٩) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەڕەهەندی خاوەنداری. | ١٥٠ |
| (٢٠) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەڕەهەندی ڕێنمایی. | ١٥١ |

| | | |
|---|---|---|
| (٢١) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەرەهەندی کاتی کارکردن | ١٥٢ |
| (٢٢) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەرەهەندی مامەڵەکردنی کارگێڕی. | ١٥٣ |
| (٢٣) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەرەهەندی پلەبەندی. | ١٥٤ |
| (٢٤) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەرەهەندی ئازادی کارکردن. | ١٥٥ |
| (٢٥) | تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بەرەهەندی مووچە. | ١٥٦ |

## پێشەکی:

یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە کاریگەری زۆری هەبێت لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە تەلەفزیۆنە، چونکە دەنگ و وێنەیە، لەم سەردەمەشدا، بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامێرە کارەباییو تەکنیکەکان، تەلەفزیۆن خواستی زیاتر لە سەرە وەک لە ئامرازەکانی تر بە هۆی ئەم پێشکەوتنەش تەلەفزیۆن پشکی باشی بەرکەوتووە لەم چەرخەدا، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ تەلەفزیۆنو کەناڵی ئاسمانی دێنە دامەزراندن.

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە سەریان هەڵداو، گەلی کوردیش وەکو سەرجەم گەلانی دیکەی جیهان هەوڵیدا دەنگی ڕەوای خۆی بە دنیا بگەینێت، هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٩) ەوە شێوازی کەناڵە ئاسمانییەکانی لە رێگای پەخشی کەناڵی ئاسمانی کوردستان (KT.V) ناسی، دوای ئەوەش کەناڵی ئاسمانی دیکەی بە دواداهات.

هەموو کەناڵێکی ئاسمانیش لە بواری کارگێڕی سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ببێتە هۆی پێش خستنی کەناڵەکە و شێوازی کارکردنو هەروەها لەگەڵ سیاسەتی کەناڵەکە بگونجێت، کە خاوەنداری کەناڵ ئامانجەتی.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران)، کە توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ سامپڵێک لە ڕاگەیاندنکارانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەو پێیەی کە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە توێژەر هەیەتی لەم توێژینەوەیەدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر دوو گۆڕاو گۆڕاوی سەرەکی بریتییە لە "سیستەمی کارگێڕی" هەروەها گۆڕاوی دووەم، کە گۆڕاوی پاشکۆیە، کە بریتییە لە "کارکردنی ڕاگەیاندنکاران". لە رێگەی گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی پاشکۆ گۆڕاوی مام ناوەندی دەدۆزرێتەوە، کە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانن، کە بە پێی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن).

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمییان بریتییە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە لە باسی یەکەم تیشک خراوەتە سەر ڕەهەندەکانی توێژینەوە، ئەوانیش کێشەی توێژینەوە، گریمانەکانی توێژینەوە، پرسیارەکانی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، هەروەها مێژوو و گریمانەو فشارە پیشەییەکانو هۆکارەکانی سەر تیۆری پاسەوانی دەرگا کراوە.

لە باسی دووەمی توێژینەوەکە، چەمکەکانی توێژینەوە شیکراونەتەوە، ئەوانیش چەمکەکانی (کارگێڕی، سیستەمی کارگێڕی، کەناڵی ئاسمانی، ڕاگەیاندنکار)، لە باسی سێیەم باسی توێژینەوەکانی پێشوو کراوە، کە توێژینەوەکان لە چوارچێوەی تیۆری پاسەوانی دەرگا و کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ گفتوگۆیی توێژینەوەکانی پێشوو.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە دابەشی سەر چوار باس کراوە، لە باسی یەکەم باسی پێناسە و گرنگی و وەزیفەکانی بەڕێوەبردن و ئەرکەکانی ڕێکخراو کراوە، لە باسی دووەم، باسی پێناسەو پێکهاتەکانی سیستەمو جۆرو رەگەزەکانی سیستەمی کارگێڕی و جۆرەکانی ستایلی بەڕێوەبەر کراوە.

هەروەها باسی سێیەم باسی چەند بابەتێکی کراوە ئەوانیش سروشتی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پێکهاتەی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پێکهاتەی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕاگەیاندن، سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، سیستەمی ڕاگەیاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بنەما نوێیەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن، هەروەها رەهەندەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن. لە باسی چوارەم باسی سەرهەڵدانو گەشەکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانو سەرهەڵدانو گەشەکردنو سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوە کراوە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو باس کراوە، لە باسی یەکەم تیشک خراوەتە سەر ڕێکارەکانی مەیدانی توێژینەوە، هەروەها لە باسی دووەم باسی خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانو تاقیکردنەوەی گریمانەکان کراوە، دواتر توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرنگ، لە کۆتایی توێژینەوەکە چەند راسپاردەییەک خراونەتە ڕوو.

ئەم کتێبە، توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نامەی ماستەرە لە رێکەوتی (٢٠١٥/١٢/٥) لە هۆڵی فەرهادی- کۆلیژی ئەدەبیات — زانکۆی سەلاحەدین تاوتوێکراوە، کە لیژنەی گفتوگۆ پێکهاتبون لە هەر یەکە لە (پ. ی. د. رضوان خضر عەلی - زانکۆی سەلاحەدین - سەرۆکی لیژنە) ئەندامانی لیژنە بریتی بوون لە (د. سامان جەلال مەولود - زانکۆی سەلاحەددین، د. حکیم عوسمان حەمید- زانکۆی پۆلیتەکینکی سلێمانی) هەروەها ئەندام و سەرپەرشتیار (پ. ی. د. حەبیب مال الله ئیبراهیم- زانکۆی سەلاحەددین)، گفتوگۆیەکە سێ کاتژمێری خایاند، لە کۆتایی بە راو سەرنج و تێبینیە زانستیەکانی لیژنە، نامەکە بە پلەی زۆر باشە پەسەند کرا.

**دڵشاد مستەفا**

**٢٠١٩/٣/٢٠**

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### ١. کێشەی توێژینەوە

بەشێک لەو ڕاگەیاندنکارانە، کە لە نێو کەناڵە ئاسمانییەکان کاردەکەن، سیستەمی کارگێڕی فشاری لە سەر درووست کردوون، بۆیە ڕاگەیاندنکاران هەوڵ دەدەن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو سیستەمەی، کە لەکەناڵەکە پەیڕەو دەکرێت، بۆ نمونە دەستخستنی خاوەنداری کەناڵ بۆ سەر کارەکانی ڕاگەیاندنکار وای کردووە، ئەو ڕاگەیاندنکارە سست بێت لە سەر کارەکەی، نەتوانێت پابەند بێت بە کاری کارگێڕی و میدیاییەکەی.

ڕاگەیاندنکار دەیەوێت لە چوارچێوەیەک کار بکات، کە بە ئازادیو فشارێکی ئەوتۆی کەناڵەکەی لە سەر نەبێت، ئەگەر فشاری لە سەر بوو چ لە بواری کارگێڕی یاخود کارە ڕۆژنامەوانییەکە، وا دەکات ئەو ڕاگەیاندنکارە پابەند نەبێت بە ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی.

سیستەمی کارگێڕی هاوکارێکی باش بوونە بۆ سەر کاری ڕاگەیاندنکاران، ئەمەش وا دەکات، کە ڕاگەیاندنکار بۆچوونەکانی لەگەڵ ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی یەک بگرێتەوە ببێتە هۆی سەرخستنی کەناڵەکە.

ئەو ڕاگەیاندنکارانەی لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کاردەکەن، دووچاری فشاری جۆراو جۆر بوونە، ئەم فشارانەی زیاتر لە لایەن خاوەنداریو سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنکاران دەبێتەوە، ڕاگەیاندنکار لە بەر بژێوی ژیانی خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ سیستەمەکە، جاری واش هەیە ڕاگەیاندنکاران بەرهەڵستی فشارەکان دەبنەوە ناهێڵن ئەو پاڵەپەستۆیانە بە سەریاندا زاڵ بێت.

هەر بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە دوو گۆڕاو لە خۆ دەگرێت گۆڕاوی سەرەکی بریتییە لە "سیستەمی کارگێڕی" هەروەها گۆڕاوی دووەم کە گۆڕاوی پاشکۆیە، بریتی لە "کارکردنی ڕاگەیاندنکاران".

سیستەمی کارگێڕی کاریگەری زۆری بە سەر خودی کەناڵەکەو ئاراستەکردنی ڕاگەیاندنکارو سیاسەتی کەناڵەکە هەیە، بۆیە ئەو سیستەمە وا دەکات، کە کەناڵەکە لە سەر ڕێرەوێک بڕوات، کە ببێـە هۆی پێشخستنی کەناڵەکەو خودی ڕاگەیاندنکاران، لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕاگەیاندنکارەیەی لە کەناڵەکە کاردەکات، لە سەر ئەو سیستەمە دەڕوات، کە کەناڵەکە پەیڕەوی دەکات، یان سیستەمەکە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کارەکەیان بە باشی بەڕێوە ببات.

### ٢. گریمانەکانی توێژینەوە

**گریمانەی سەرەکی یەکەم**: پەیوندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان فاکتەرە دیمۆگرافییەکانو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی یەکەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان ڕەگەز و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی دووەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان تەمەن و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی سێیەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان باری کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی چوارەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی خوێندەواریو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی پێنجەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان ماوەی کارکردن لە کەناڵو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی شەشەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان پیشەو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی لاوەکی حەوتەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان ساڵانی خزمەتی ڕاگەیاندنو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**گریمانەی سەرەکی دووەم**: پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان جۆری کەناڵی حزبی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

### ٣. پرسیارەکانی توێژینەوە

لە گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوە بریتین لە:

١. ئایا خاوەنداری کەناڵ دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان؟

٢. تاچەند ئەو ڕێنماییانەی لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن بە ڕاگەیاندنکاران ئاسانکاری دروست کردوون لە کاتی کارکردندا؟

٣. ئایا ماوەی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران گونجاوە بۆ کارکردن لە کەناڵەکە؟

٤. ئایا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لە پێدانی بەرپرسیارەییەتی جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران دەکات؟

٥. ئایا ڕەتکردنەوەی هەندێ هەواڵ لە لایەن پلەبەندی نابێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لە سەر کارەکەی؟
٦. تا چەند ئەو ڕێنماییانەی لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردوون لە کاتی کارکردندا؟
٧. ئایا ئەو مووچەی ڕاگەیاندنکار وەری دەگری بەشی بژێوی ژیانت دەکات؟ ئایا پێویستیت بە کارکردنی دیکە نیە؟

### ٤. گرنگی توێژینەوە

هەموو ڕاگەیاندنکارێک لە نێو هەر دامەزراوەیەکە، ئەگەر ببێتە راگەیاندکارێکی سەرکەوتوو، ئەرکو مەرجو تایبەتمەندی خۆی پێویستە، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە، کە باس لە گرنگی سیستەمی کارگێڕی دەکات لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

گرنگی ئەم توێژینەوەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە تاوتوێی بابەتێک دەکات، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە نێو میدیای کوردی بە تایبەتیش نێو دامەزراوەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

هەروەها بایەخی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییەکانو پەیوەستبوونیان بەو کۆمەڵگاییەیی، کە کەناڵەکە پەخشی خۆی تێدا دەکات. بۆیە توێژەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە گرنگی بەم بابەتە بدات بیخاتە بەر باس و لێکلۆڵینەوە، چونکە ئەگەر چەندە ڕاگەیاندن گرنگ بێت، ئەوا کارگێڕی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

### ٥. ئامانجەکانی توێژینەوە

لە کاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی توێژەر چەند ئامانجێکی گرنگی هەیە، ئەگەر ئامانجی نەبێت ناتوانێت بگاتە ڕاستی و دەرئەنجامی گرنگ. دەکرێ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێک کۆ بکەینەوە:
١. زانینی ئەو فشارانەی، کە ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیەتی.
٢. خستنە رووی واقیعی ڕاگەیاندنکار لە نێو سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.
٣. زانینی بایەخی ڕاگەیاندنکار لە نێو سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٤ . زانینی ڕۆڵو کاریگەری سیستەمی کارگێڕی لە سەر ڕاگەیاندنکارانی نێو کەناڵە ئاسمانییەکان.

٥. خستنەڕووی بایەخی سیستەمی کارگێڕی و ئەو فشارانەی لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیە لە کەناڵە ئاسمانییەکان.

٦. زانینی ئەو فشارانەی کە خاوەنداری کەناڵ لە سەر ڕاگەیاندنکاری کەناڵەکە درووست دەکات.

**٦. تیۆری پاسەوانی دەرگا**

**یەکەم: سەرهەڵدانی تیۆری پاسەوانی دەرگا**

ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە کۆنەکانی مێژووی لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی پەیوەندی کردن. (Dale Blasingame.٢٠٠٦. p٤).

پەرەپێدانی ئەم تیۆرە بۆ (کێرت لیوین) Kurt Lewin (*) دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەم جار ئەم چەمکەی لە ساڵی ١٩٤٧ بەکارهێنا، لێکۆڵینەوەکەی (لیوین) بە باشترین لێکۆڵینەوەی ئەم بوارە لە قەلەم دەدرێت. (د. ئازاد ڕەمەزان عەلی، ٢٠١٠، ل٦٩). یەکەم جار وشەی پاسەوانی دەرگای بەکارهێنا. (Pamela J. Shoemaker. p٨. ١٩٩٨).

"دەرگا" بە واتای زاڵبوون بە سەر شوێنێک لە ستراتیژی زنجیرەی پەیوەندیکردن دێت. (د. سعد لبیب، ١٩٨٤، ص ٨٤). تەنانەت لە ڕوانگە و گۆشەنیگا هزری و پاشخانە ئایدیۆلۆژییانەوە هەنگا و هەڵدەهێنێت و تێڕامان و سەرنجی ڕاگەیاندنکار لەخۆدەگرێت. (محمد سعود البشر، ٢٠١٤، ص ١٠٩).

لەوەدا دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی ڕێگە بە چوونە ژوورەوەی کەسانێک بداتو ڕێگەش لە کەسانی دیکە بگرێت، (عەبدوڵڵا مەحمود، ٢٠٠٦، ل٩)، چونکە ئەم تیۆرە جەخت لە سەر توێژینەوەی ڕەفتارەکانی ڕاگەیاندنکارو چۆنیەتیی هەڵبژاردنی بابەتەکانی ڕاگەیاندن و بیروباوەڕەکانی دەکات. (د. تیسیر مشارقە، ٢٠١٣، ص١٦١). گەلێ جاریش ڕێزو بەهای

---

* کێرت لیۆن: زانایەکی دەروونناسی بە ڕەچەڵەک نەمساوی و خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمریکی یە، لە ساڵی (١٨٩٠) لە دایک بووە، لە ساڵی (١٩٤٧) کاری لە سەر بیردۆزی دەرگاوانی ڕاگەیاندن کردووە. سەرچاوە، (chris Roberts, ٢٠٠٥, p٣).

کەسێتی کار لە بڕیاری پاسەوان دەکەن. (د. خیرالدین علی عویس و عطا حسن عبدالرحیم، ١٩٩٨، ل٣٧).

ئەگەر چی ئەم تیۆرە لە کاتو ساتێک سەریهەڵدا، کە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن وەک ئێستا نەبوون، تەنانەت ڕاگەیاندنکارانیش وەکو ئێستا گەشەیەکی باشی میدیاییان بە خۆیەوە نەبینی بوو، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنکاریش بوو بە بەشێک لەو پێشکەوتنە، کە بووە هۆی پێشخستنی بواری ڕاگەیاندن و خودی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن .

ئەو تیۆرە وایدەبینن، کە ئەو کەسانەی لە ڕاگەیاندندا کار دەکەن بڕیار لەسەر گەیشتنی بابەتی ڕاگەیاندن دەدەن لە گەیشتنی بە جەماوەر. (محمد عارف محمد عبدالله، ٢٠١٢، ص ٤٨)، بە درێژایی ئەو گەشتەی، کە بابەتی ڕاگەیاندن دەیبڕێت تا دەگاتە دەستی جەماوەری بە ئامانجکراو، چەندین خاڵی (دەرگا) هەیە. (ابراهیم بن احمد السعید، ٢٠٠٤، ص٢١).

ئەوەش بە راوەستانیان لە بەردەم دەرگای جەماوەرو تێپەڕاندنی هەندێ بابەتی ڕاگەیاندنی دیاریکراو بۆیان و ڕێگەگرتن لە هەندێکی دیکە. (د. محمد عبدرالرحمان الحضیف، ١٩٩٨، ص ٢٥). دەسەڵاتی وەرگرتنی بڕیاریش لە تێپەڕاندنی هەندێک بابەت لە دەرگاکەیەوە دەبێت و چۆنیش تێدەپەڕێت، تا لە کۆتاییدا دەگاتە جەماوەر. (د. حسن ابراهیم مکی و د. برکات عبدالعزیز محمد، ٢٠٠٣، ص ٨١). ئەو زانیارییانەی دەرفەتی ئەوەیان دەبێت، کە لە میانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا تێبپەڕن، کارێکن دەیان کەس لە ڕاگەیاندنکاران (دەرگاوانەکان) بەشداری لە دروستکردنیاندا دەکەن. (د. عصام سلیمان موسی، ١٩٨٦، ص٨٨).

یاخود "هەرچەندە کەناڵەکە درێژ ببێتەوە، ئەوا گەیشتنی پەیامی پەیوەندیکردن بە تەواوەتی کەمتر دەبێتەوە، ئەوەش لە بەر زۆری کەمکردنەوە لە ناوەڕۆکی پەیامە ڕەسەنەکە لە کاتی تێپەڕبوونی بەهەر دەرگایەکدا". (هدى عادل طه الغرب، ٢٠٠٦، ص٥٦).

لە لایەکی دیکەش، وا دەردەکەوێت کە پاسەوان (دەرگا) دڵسۆزن بۆ بنەما بنچینەییە ئاکار و ڕەوشتییەکان لە رۆژنامەگەریدا لە پێویستیی ڕاگەیاندنی جەماوەر لە دەستپاکی ڕاستگۆییان بە پێی توانا لە سەر ڕووداوەکانی کۆمەڵگا لە دەوروبەریان لە جیهاندا. (جون ل. هاتلنج، اخلاقیات الصحافە، ١٩٨١، ص٧٤).

**دووەم: پێناسەی ڕاگەیاندنکار**

توێژەران و شارەزایانی بواری میدیا پێناسەی جۆراو جۆرییان بۆ چەمکی ڕاگەیاندنکار کردوە، کە بریتین:

ڕاگەیاندنکار: کەسێکە ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لە کەسێکەوە بۆ یەکێکێتر لە میانی ئامرازێکی ڕاگەیاندنەوە، یان پەیوەندیی هەیەو چاودێریی بڵاوکردنەوەی پەیامەکان دەکات بۆ جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە. (اشراف خوخه، ٢٠٠٤، ص ٢٥،٢٣).

ڕاگەیاندنکار: "کەسێکە بەرپرسە لە ئامادەکردن و ئاراستەکردنی ئەو زانیاری و چەمک و کارامەییانەی کە ئەو کەسانە پێویستیی پێیانە، چ تاک بن، یان کۆمەڵ لە هەڵوێستێکی دیاریکراو بە ئارەزووکردن لە هێنانەدی بەشداریکردن لە نێوان خۆی و نێوان ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات". (خیری الجمیلی، ١٩٩٧، ص ٢٠).

هەروەها (ڕاگەیاندنکار)(*): "کەسێکە سەر بە یەکێک لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە، بەرپرسیارێتییەکی لە ئەستۆدایە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی پەیامێکی پەیوەندیکردن، نموونەی زیندووش لە سەر ڕاگەیاندنکاران لە ناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، (ڕۆژنامەنووسان، هەواڵساز، نووسەر، بێژەر، پێشکەشکاری بەرنامەکان، هەتا وێنەگرانیش دەگرێتەوە). (توێژەر)

**سێیەم: گریمانەی تیۆری پاسەوانی دەرگا**

تیۆری دەرگا پشت بە کۆمەڵێک گریمانەی ناوەکی و ڕاگەیاندراو دەبەستێت، لەوانە: (شاهیناز طلعت، ٢٠٠٣، ص ٥٦).

١. جوولەی لێشاوی زانیاریو هەواڵ بە زنجیرەیەکی پەیوەست بەیەکترییەوە تێپەڕ دەبن، لەو زنجیرە، یان ناوەندانەدا کەسانێک هەن خاوەن توانایەکی ئەوتۆن، کە ڕێگە لەو لێشاوی زانیارییە، یان هەموارکردنە بگرن، چ بە خستنەسەر، یان کەمکردن لێی.

---

(*)ڕۆژنامەنووس: (الصحفی) ئاماژەیە بۆ کەسێک، کە (ڕۆژنامەنووسی) وەکو پیشەی خۆی، وەرگرتووە. سەرچاوە، (د. هێرش ڕەسول، ٢٠١٣، ل١٧).

ئەی دەرگاکان کێن؟: ئەو ڕۆژنامەنووسانەن، کە دەنگوباسەکان کۆدەکەنەوە، هەروەها سەرچاوەی هەواڵەکانن، کە هەواڵ دەدەنە ڕۆژنامەنووسان و بریتین لە تاکەکانی جەماوەر ئەوانەی، کە کاریگەری دەکەنە سەر درکپێکردن و بایەخی تاکەکانی دیکەی جەماوەری بابەتەکانی ڕاگەیاندن، هەر هەموو ئەوانە لە خاڵێک لە خاڵەکان، یان لە قۆناغێک لە قۆناغەکان، کە هەواڵێک پێیدا تێپەڕدەبێت، دەرگان. سەرچاوە، (د. جیهان احمد رشتی، ١٩٧٨، ص ٢٩٥).

٢. ئەو کەسانەی توانای بەرزەفتکردنی لێشاوی زانیارییان هەیە، بە پاسەوانی سیستەمێکی دیاریکراوی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابووری ناسراون، هەر خودی خۆیان بەشێکی رەسەنی ئەو سیستەمەن، ئەوەش بە هۆی پابەندبوونیان لە رووی ئایدیۆلۆژی، یان بونیادییەوە"، یاخود بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیانەی، کە لەلایەن باڵەباوەکانی دەسەڵات، یان ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە کاری تێدا دەکەن، هەندێ جاریش بەهۆی هۆکاری تەکنەلۆژییەوە کە توانای دەرخستنی سەرجەم لایەنەکانی لە هەموو بارەکاندا نییە. (شاهیناز طلعت، ٢٠٠٣، ص ٥٦).

٣. "دەرگاوانەکان — بەهۆی پلەوپایەکانیان- بەسەر زانیارییە رەخساوەکانی بەردەستیاندا زاڵ دەبن، چونکە ئەوان بەسەر ئەو زانیارییانەدا زاڵ دەبن، کە لەناو وڵاتدا دەیخوێنینەوەو گوێبیستیان دەبین، ئەوە کاریگەری لە سەر پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتیدا دەبێت، کە یارمەتیمان دەدات بۆ دیاریکردنی سەرنجەکانمان بەرانبەر ئەم جیهانە. زۆرێک لە توێژەران بایەخ بەو پێوەرانە دەدەن، کە کاریگەری دەکاتە سەر کاری دەرگاوانی ڕاگەیاندن، بەمەش لە سەر سیاسەتی ڕاگەیاندنو دەستەی نووسەرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتیو رۆژنامەگەری بە شێوەیەکی تایبەت پێویستە، لە سەرەتاشدا پێوەرەکانی کۆمەڵگاو بەهاو نەریتەکانی، واتە ئەو سیستەمەی، کە بەهاو رێساگەلێک لەخۆدەگرێت و هەوڵی جێگیرکردنو بڕیار لەسەردانیان دەداتو کار بۆ پەسەندکردنی دەکات لەلایەن هاووڵاتییانەوە، ئەوەش پەیوەستە بە گەشەی کۆمەڵایەتییەوە.

(دارین برید) پێیوایە، کە هەندێجار ڕاگەیاندنکار لە هەستکردنی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیو پارێزگاریکردن لە هەندێک ئاکاری تاکیو تایبەت، یان هی کۆمەڵ لە هەندێک ڕووداوی هەستیار بێدەنگ دەبێت. خەسڵەتو تایبەتمەندییە کەسییەکانی ڕاگەیاندنکار رۆڵێکی کاریگەر لە رۆڵی دەرگای ڕاگەیاندن دەبینێت، وەکو: (جۆر، تەمەن، داهات، چینی کۆمەڵایەتی، فێربوون، پابەندێتیی هزری، یان باوەڕی، هەستکردن بە خود)، زێدەباری لەبەرچاوگرتنی ئەو پاڵەپەستۆ پیشەییانەی، کە ڕاگەیاندنکار لە کارەکەیدا دووچاریان دەبێتو کاریگەرییان لە سەر کارەکەی دەبێتو وای لێ دەکەن لەگەڵ سیاسەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکەی سازانێک بکات، کە پێوەرگەلێک لە سیاسەتی ئامرازی ڕاگەیاندنو هەواڵە بەردەستەکانو پەیوەندییەکانی کارو پاڵەپەستۆکانی و ئەو فشارانەی، کە ڕاگەیاندنکار تووشیان دەبێت زۆرن، لەوانەیە ناوخۆیی، یان دەرەکی بن، وەکو پێگەی ئامرازەکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی باو و ئاستی پەیوەستبوونی بە بەرژەوەندیی بژێویی وەکو بوونی

دەزگا ڕاگەیاندنە ململانێکارەکان، یان ئەوانەی پەیوەستن بە شێوازی خاوەندارێتی و شێوازی بەرزەفتکردن‌و سیستەمی کارگێڕی‌و پاڵەپەستۆکانی بەرهەمهێنان‌و هەندێک پرسی دیکە" . (دیفلیز مافیور و کیتشاندرابول، ١٩٩٩، ص ٤٥).

لە کۆتاییدا پێوەرەکانی جەماوەر، کە کاریگەرییان بۆ سەر ڕاگەیاندنکار دەبێت، هاوشێوەی ئەو کاریگەرییەی بۆ سەر جەماوەریی دەبێت، بۆ نموونە ئەو پەیامانەی کە ڕاگەیاندنکار پێشکەشیان دەکات، ئەو پێشبینییانە دەستنیشانیان دەکەن، کە لە پەرچەکرداری تایبەتی جەماوەرەوە بەدەستیان دەهێنێت، بەمەش جەماوەر ڕۆڵێکی ئەرێنی لە کرداری پەیوەندیکردندا دەبینێت، هەروەها سەرنجی ڕاگەیاندنکار کاریگەری بۆ جۆری ئەو هەواڵانە هەیە، کە پێشکەشیان دەکات، ئەو توێژینەوە ئەزموونکارییانەی، کە (ریمۆن بار) ئەنجامیدا ئەوەی دەرخست، کە ئەو جەماوەرەی ڕاگەیاندنکار دەیدوێنێت، کاریگەریی زۆری لەسەر ڕێگەی هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی هەواڵ و ڕووماڵکردنەکانی دەبێت، چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبێ جەماوەرەکەی رازی بکات، ئەوەش بە پێی پێوەرەکانی جەماوەر. (زهیر حسین، ٢٠١٤، ص ٨٠).

## چوارەم: کاریگەری فشارە پیشەییەکانی سەر ڕاگەیاندنکار

ڕاگەیاندنکار دەکەوێتە ژێر ژمارەیەک فشارەوە لە میانی کارەکەیدا، لە نێوان ئەو فشارانە ئەو هێڵی کارکردنەی، کە دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەیگرێتە بەر، لەوانەیە فشار بخاتە سەر ڕاگەیاندنکارو ناچاری بکات بیروباوەڕێکی پیشەیی دیاریکراو بگرێتەبەر. ئەو فشارانەش خۆیان لە هۆکاری دەرەکی‌و ناوخۆیدا دەبیننەوە، مەبەستمان لە هۆکارە دەرەکییەکان پێگەی ئامرازەکەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندنکارو ئاستی پەیوەستبوونی دەزگاکە بە بەرژەوەندی دیاریکراوەوە. کەچی هۆکارە ناوخۆییەکان بریتین لە سیستەمی خاوەنداری‌و شێوازی کۆنترۆلکردن‌و سیستەمی کارگێڕی‌و فشاری بەرهەمهێنان. ئەو هۆکارانە ڕۆڵێکی گرنگ لە شێوەی ناوەڕۆکی ئەوانە دەگێڕێت، کە پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت، تا دەگاتە ڕاگەیاندنکار بەوەی ببێتە بەشێک لە قەوارەی گشتیی دەزگاکە. (د. منال هلال المزاهره، ٢٠١٢، ص ٢٤٤).

هەر بۆیەش ڕاگەیاندنکاران دەچنە ناو کاروباری پەیوەست بە ئارەزووی خەڵکی. (ادوین امری، واخرون، ٢٠٠٠، ص١٨٢). لایەنێکی دیکەی فشار، کە دەزگای ڕاگەیاندن لەسەر ڕاگەیاندنکار ئەنجامی دەدات لە چوارچێوەی کرداری گەشەو ئاراستەکردندا لە میانەی

پابەندبوونی ڕاگەیاندنکار بە سیاسەتەکانی دەزگاکە و ئاراستەکانی لە جیاتی ئاراستەکانی، یان بیروباوەڕە کەسییەکانی. (د. محمد عبدالحمید، ٢٠٠٤، ص ١٧٦).

بۆیە لە تەواوی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ڕاگەیاندنکار دووچاری کۆمەڵێک فشار دەبێ، ئەوەش کۆمەڵێک هەلومەرج، کە ڕاگەیاندنکار لە سایەیی کرداری ڕاگەیاندنکار کاری تێدا دەکەن، ئەو فشارانەش بەم جۆرەن:

**١. فشاری ژووری هەواڵەکان**

سەرجەم هەواڵسازەکان ئاستی ئەو فشارە دەزانن، کە واقیعی بونیادی بیرۆکراسیو کاری ژووری هەواڵ دەیسەپێنێت. سروشتی هەواڵ، یان کاریگەرێتییە چاوەڕوانکراوەکەی، یاخود واتا کۆمەڵایەتییەکانی وا لە هەواڵساز ناکەن بابەتی دیاریکراو هەڵببژێرێت، بەڵکو فشاری میکانیکییە، کە هەواڵساز بە دەستییەوە دەناڵێنێتو کاریگەری دەخاتە سەر لە هەڵبژاردنی ئەو ناوەڕۆکەی کە پێشکەشی دەکات. واتە هەڵسەنگاندنی خودی هەواڵساز بۆ هەواڵ بە زۆری ڕۆڵی سەرەکییان نییە، بەڵکو ڕاوبۆچوونی خاوەنی کار کاریگەریی گرنگییان هەیە لە گێڕانی ڕۆڵی بنچینەیی. چونکە پەیامنێران وا هەست دەکەن، کە فەرمانبەرن لە بیرۆکراسییەتی سەرجەم هەواڵەکاندا. (د. جیهان احمد رشتی، ١٩٧٨، ص ٣٤٧،٣٣٤،٣٣٣).

**٢. فشارە پیشەیی و کارگێڕییەکان**

فشار پیشەیی و کارگێڕییەکان بە یەکێک لە لایەنە گرنگەکان لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنکاری دادەنرێت. (د. عواطف عبدالرحمان، واخرون، ١٩٩٢، ص ٦٧). ئەو هۆکارانە، کە سیاسەتی دەزگاکە پێکدەهێنن، وەکو خاوەندارێتی، سروشتی دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکە، کە ئامانجی قازانج کردنە، پابەندبوون بە کۆمەڵێکی تایبەتی هەلومەرجی بازاڕ، زێدەباری ئەو بنەمایانەی، کە دامەزرێنەرە پێشەنگەکانی دەزگاکە دایانناونو چەسپاندوویانن.

**٣. فشارە ڕۆتینییەکان**

وەکو هەڵبژاردنی هەواڵە بڵاوکراوەکان، لە بەرئەوەی دەرئەنجامی سیاسەتێکی دیاریکراون، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەیانگرێتەبەر، بەپێی بونیادی ڕێکخراوەیی دەزگاکە، ڕێوشوێنە ڕۆتینییەکانیش وەکو کاریگەریی ئەنجومەنی نووسین و ڕۆڵی کارگێڕی نووسین و کارگێڕیی تەکنیکی و کاریگەریی هۆکاری کات و بەدواداچوونی هەواڵەکان. (ولاء محمد جمال الدين الشملول، ٢٠٠٦، ص ٣٨، ٣٩).

### ٤. فشاری دەروونیەکان

جگە لەم فشارانەی سەرەوەش هەروەها فشاری دەروونی ئەویش لەگەڵ سەپاندنی ئەو پاڵەپەستۆ دەمارگیری و دڵەڕاوکێ و بەردەوامەی بە هۆی پێکدادانی ڕووداوو ململانێ ڕۆژانەییەکان لە ئەنجامی گەڕان بەدوای پێشینەیی ڕۆژنامەنووسی (السبق الصحفی)، هۆکاری دەروونی دیکەش هەن، کە نووسەرو هەواڵسازە بیانییەکان، ئەوانەی لە ڕۆژنامەی وڵاتەکانی خۆیاندا کار ناکەن، کە خۆی لە جێگیرنەبوونی خێزانی، یان ئەرکداریدا دەبینێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژنامە ئەهلییەکان (کەرتی تایبەت)دا کاردەکەن. ئەوەش لە ترسی هەڵەکردن، زێدەباری ئەگەری کارکردن لە شوێنی نەگونجاو و ڕێزنەگرتنی هەندێ سەرچاوەو لایەنی بەرپرس بۆ ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیو ئەرکەکەی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها ترسانیان لە کۆتایی هێنانی لەناکاو لە گرێبەستەکەیاندا، هەروەها تێپەڕاندنی هەندێ ڕۆژنامەنووس لە بەخششەکان و پلە بەرزکردنەوەو سەرمووچە و دەرفەتی گەشتکردن لە ئەرکە ڕۆژنامەنووسییەکان بۆ دەرەوە. (احمد نفادی، ١٩٩٦، ص ٢٠٩،٢١٠).

### ٥. فشارە کۆمەڵایەتییەکان

کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کرداری ڕۆژنامەوانی زۆرترین هۆکارە کاریگەرەکان لە سەر کارگێڕی لە ڕووی هونەرکارییەوە هەیە، چونکە لە نێو بەها کۆمەڵایەتییەکان لە هزری ڕاگەیاندنکاراندا پابەندبوونێک هەیە.

هەتا ئەگەر باوەڕیشیان پێی نەبێت، ئەوەش وەکو فشارە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکانی پەیوەست بە خودی سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە. (می مصطفی عبدالرزاق، ٢٠١٣، ص ١٤١). هەروەها لە دیاردە ئەرێنییەکانیش، ئەوەیە وەرگر بایەخ بە هەموو ئەو شتانە بدات، لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکاتەوەو بەشداری لە ڕۆڵی کاریگەری لە کرداری هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەو ئامرازە، بەوەی بۆ خوێنەر ئەوە بڕەخسێنین، کە مافی زانینی پێبدرێت و ڕۆژنامەش هێنانەدی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر کۆمەڵگە لە ئەستۆدایە. (احمد نفادی، ١٩٩٦، ص ٢١٠).

### ٦. فشارە یاساییەکان

جگە لەم فشارانەی سەروو کۆمەڵێک پاڵەپەستۆی دیکەش هەن، کە کار دەکەنە سە ڕاگەیاندنکار وەک فشارە یاساییەکان، هیچ وڵاتێک نییە، کە ئازادی ڕەها بە ڕۆژنامەوانی ببەخشێت لە تاوتوێکردنی ڕووداوەکاندا، چونکە فشارە یاساییەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەو لە ڕژێمێکی سیاسی بۆ یەکێکیتر جیاوازییان هەیە، وەکو دەشبینین، کە فەلسەفەی هەر وڵاتێک لە فەلسەفەی وڵاتانی دیکە جوودایە، چونکە کۆمەڵە پێوەرێک هەن، کە

ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بەخشینی ئازادی بە ڕۆژنامەگەری لەو فەلسەفانەش: فەلسەفە بنچینەییەکانی ڕاگەیاندن و یاساکانی حکومەتەکان لە تیۆرە جیاوازەکاندا، هەروەها یاساگەلێکی گشتیی (نا ڕۆژنامەگەریش) بڕیار لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری دەدەن، هەروەها یاسا ڕۆژنامەگەرییەکان، چ ئەوانەی سەربە و ڕژێمە سیاسییەن، کە ئامرازەکە هی ئەوە، یان ئەو ڕژێمە سیاسییە تایبەتەی دەوڵەت. (مى مصطفى عبدالرزاق، ٢٠١٣، ص ١٤٢).

**٧. فشارە ئابورییەکان**

زۆرێک لە توێژینەوەکان جەختیان لە سەر فشار ئابوورییەکان کردۆتەوە، کە لە پێشەوەی ئەو هۆکارانە دێن کاریگەرییان بۆسەر کاری ڕاگەیاندنکار هەیە، چونکە بەشێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن  بە دەست سەرچاوە دارایی و پاڵپشتییە دەرەکییەکانەوە دەناڵێنن، کە پێشکەشیان دەکرێت، هەروەها کاریگەریی جارِدان لەسەر سیاسەتی نووسین و فشاری پیاوانی کارو گرفتی کرێی ڕۆژنامەنووسان و ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پابەندبوونی پیشەییان بۆ ئامرازەکە، لە بەر ئەوەی حکومەتەکان هۆکاری فشارن بۆ سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە میانی پێشکەشکردنی یارمەتی و بەخشش بۆیان، ئەمەش کاریگەری بۆسەر ئاستی ئازادییان دەبێت لەکاتی کارکردنیاندا. (مى مصطفى عبدالرزاق، ٢٠١٣، ص ١٤٢). بەڵام لە وڵاتە دیموکراسییەکان تاڕادەیەک پێچەوانەیە.

**٨. فشارە سیاسییەکان**

مێژوویەکی درێژ لە دوژمنکاری و دژایەتی لە نێوان ڕۆژنامەگەری و حکومەتدا هەیە، زۆر ناوچەی ململانێ هەن، کە مشتومڕیان سەبارەت بە مافی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تێدایە لە پاراستنی نهێنی سەرچاوەکانی بەرانبەر مافی حکومەت لە پاراستنی نهێنییەکانی خۆی لە کاتی تەنگەتاوی و قەیرانەکاندا، مافیش لە دادگایی کردنێکی دادپەروەرانەدایە. (محمد النعيمات، ٢٠١٠، ص٦١).

**چوارەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە بۆ سەر دەرگاوانی ڕاگەیاندن:**

دەکرێ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان بۆ سەر کاری دەرگاوانی ڕاگەیاندن هەیە بۆ چوار هۆکاری سەرەکی دابەش بکرێن ئەوانیش بریتین لە:

**١- ٤: داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان**

ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەیاندا کار دەکەن، لەو هێزە کاریگەرییە بنچینەییانەن، کە کار لە ڕاگەیاندنکاران دەکات، هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی چەندین بەهاو ڕێسا لەخۆدەگرن و هەوڵی چەسپاندنیان دەدەن و کار لەسەر

ئەوە دەکەن، کە هاوڵاتییان پەسندیان بکەن. (د. حسن عماد مکاوی و د. عاطف عدلی العبد، ٢٠٠٧، ص٢٩٨). ئەوەش گرێدراوی ئەرکی گەشەی کۆمەڵایەتی، یان ئاسایی کردنەوەیە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش ئەم بایەخدانە لە هەوڵی پارێزگاریکردن لە بەها ڕۆشنبیرییەکان و کۆمەڵایەتییە باوەکاندا ڕەنگرێژ دەکات. (رجاء یونس سلیمان ابو مزید، ٢٠١٣، ص٧٤). بۆیە هەندێک بەها هەن وەک "خۆشەویستی نیشتیمان، ئاین، باوکو دایک،" پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت (د. یەحیا عومەر ڕێشاوی، ٢٠١٢، ل٣٢).

## ٢- ٤: پێوەرە خودییەکانی ڕاگەیاندنکار

بەها خودییەکانی ڕاگەیاندنکار، کە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازییان هەیە، یەکێک لەو پێوەرانە پێکدەهێنن، کە بڕیار لە سەر دەستەبژێرکردن و چارەسەرکردنی هەواڵەکان دەدەن، ئەو بەهایانە لە ئەنجامی سەرکەوتنی هۆکار گەلێکی زۆر پێکهاتوون، لەوانە (گەشەی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی بڕیار، پێکهاتە سیاسی، ڕۆشنبیرییەکان). بەهاکانیشیان لە وەرگرتنی بڕیارەکانی و ئەنجامدانی ڕەفتاری دیاریکراو دەردەکەون. (ولید رشید العبیدی، ٢٠١٠، ص٩٠).

بەمەش ڕەگەزێکی کاریگەری پەیامی پەیوەندیکردنو بیرکردنەوەو کارلێک لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا پێکدەهێنێت. (عاصم علی الجرادات، ٢٠٠٩، ص٢٠). لە هەمان کاتیش پێوەرە خودییەکان و خەسڵەتە کەسییەکان و پاڵنەرو ئارەزوو و ئاراستەکان لای ئەو کەسەی بە ئەرکەکە هەڵدەستێت "پاسەوانی دەرگا - دەرگاوانی ڕاگەیاندن".(فهد بن عبدالرحمان الشمیری، ٢٠١٠، ص٦٥،٦٤).

## ٣- ٤: پێوەرە پیشەییەکانی ڕاگەیاندنکار

ڕاگەیاندنکار دەکەوێتە بەر ژمارەیەک پاڵەپەستۆی پیشەییەوە، کە کاریگەری بۆ سەر کارەکەی دەبێت و دەبێتە هۆی سازانی لەگەڵ سیاسەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکەی. هەروەها ئەو پێشبینییانەی، کە ڕۆڵی لە سیستەمی پەیوەندیکردندا دیاری دەکات. (د. حسن عماد مکاوی و د. سامی الشریف، ٢٠٠٠، ص١٤٦).

پێوەرە پیشەییەکانیش دابەشی سەر سێ خاڵ دەبن ئەوانیش: (سیاسەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، سەرچاوەی هەواڵەکان، پەیوەندییەکانی کارکردن و فشارەکان).

**پێوەرە پیشەییەکان سیاسەتی ئامرازی ڕاگەیاندن و سەرچاوەکانی هەواڵی ڕەخساو و پەیوەندییەکانی کارکردن و پاڵەپەستۆکانی لەخۆدەگرن، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١. سیاسەتی دامەزراوەی ڕاگەیاندن**

پاڵەپەستۆکانی دەزگاکە بەشێوەیەکی بەرچاو و زۆرتر لەوەی ئەو توێژینەوانەی تاوتوێیان دەکەن هەمەچەشنەترن، ئەو پاڵەپەستۆیانە خۆیان لە هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکان دەبیننەوە، مەبەستمان لە هۆکاری دەرەکی پێگەو شوێنی ئامرازە لە سیستەمی باوی کۆمەڵایەتیی وەکو بوونی وێستگە ململانێکارەکان. کەچی هۆکارە ناوخۆییەکان، شێوازی خاوەندارێتی، شێوازی زاڵبوون، سیستەمە کارگێڕییەکان و پاڵەپەستۆکانی بەرهەمهێنان لەخۆدەگرن. ئەو هۆکارانە ڕۆڵێکی گرنگ و بەڵگەدار لە شێوەی ئەو ناوەڕۆکە دیاری دەکەن، کە پێشکەشی جەماوەر دەکرێت، هەروەها لە ڕاگەیاندنکار کۆتایی دێت و دەبێتە بەشێک لە قەوارەی گشتیی دەزگاکە. (د. حسن عماد مکاوی و د. عاطف عدلی العبد، ٢٠٠٧، ص٢٩٨).

هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە جیهاندا تێڕامان، یان فەلسەفەیەک دەردەچوێنێت و بڕیار لەسەر کاری ڕاگەیاندنەکەی دەدات و ئاراستەی دەکات و کاریگەریشی دەکاتە سەر، ئەگەر دانی پێدا بنێت، یان نا، ئەو تێڕامانە بەشێک نییە، بەڵکو هەمەلایەنە، چونکە ئەوە تەنها تێڕامانێکی سیاسیی نییە، کە هەڵوێستی ئامراز، یان پابەندبوونی سیاسی دیاری بکات، بەڵکو هەڵوێستی ئامرازەکەو تێڕامانو شێواز، یان قوتابخانە ڕۆژنامەنووسییەکەیشی دیاری دەکات (لیلی عبدالمجید و محمود علم الدین، ٢٠٠٤، ص١١).

بەڵام لە ڕووی فەرمییەوە، سیاسەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکە بە زۆری شاراوە دەبێت، ئەوەش بە هۆی ئارەزووی لە پەیدابوونی وەکو ئامرازێکی ڕاگەیاندن، بە ئاراستەیەکی پێشوەختە نا دەرهەق بە پرسە جیاوازەکان. (ولید رشید العبیدی، ٢٠١٠، ص٥٤).

لە زۆربەی کاتەکانیشدا هەڵسەنگاندنی خودی هەواڵسازی هەواڵ، ڕۆڵێکی بنچینەیی نابێت، بەڵکو ڕاوبۆچوونی خاوەن کارەکە ئاماژەی بنەڕەتین، چونکە هەواڵسازان هەست بەوە دەکەن، کە فەرمانبەری بیرۆکراتی و کۆکردنەوەی هەواڵ، هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندنیش سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر دان بەوەدا بنێت یان نا، لەوانەشە ئەم سیاسەتە لە لادانی هەندێک بابەتی هەواڵی دەرکەوێت، یان لە پشتگوێ خستنی چیرۆکە هەواڵی دیاریکراو. (د. حسن عماد مکاوی و د. لیلی حسین السید، ٢٠٠٩، ص١٨٠).

### ب. پەیوەندییەکانی کارو پاڵەپەستۆی ژووری هەواڵ

لەنێوان ئەوانەی، کە کرداری دەستەبژێریی هەواڵ و پیشەسازییەکەی دەکەونە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، سروشتی پەیوەندییەکانی کارە، چونکە تیایدا ڕاگەیاندنکار لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە پەیوەندییەکی کارلێکیدا، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێت، کە لەوانەیە لەو پەیوەندییەدا کۆمەڵەیەکی بەرایی پێکبێن‌و ڕاگەیاندنکار وەکو پاڵپشتیی مەعنەوی ڕاگەیاندنکار پشتی پێدەبەستێت، بە ڕۆڵی چوارچێوەی پێشینەیی، کە هەریەکێکیان پێوەرەکەی لێوە وەردەگرێت، بەمەش کاریگەریی ئاراستەکانی هاوڕێکانی کار لە هەڵبژاردنی هەواڵسازی هەواڵەکان دێتەدی، لە بەرئەوەی کار بۆ ڕەزامەندیی هاوڕێکانیان و بەرپرسەکانیان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە واقعی بیرۆکراسی لە ژووری هەواڵەکان، چوارچێوەیەکی بەڵگەداری دەسەپێنێت، کە دەربڕی رای خاوەن دەزگا ڕاگەیاندنەکەیە، کە ڕاگەیاندنکاریش ئەندامە تیایدا، هەر ئەویش چارەنووسی هەر چیرۆکە هەواڵێک دیاری دەکات. (ولید رشید العبیدی، ٢٠١٠، ص٥٦).

کەچی هەمیشە پێوەری تایبەت بە ڕاگەیاندنکارەوە هەیە و بۆخۆی پاێزگاری لێ دەکات و ئەو کۆمەڵە کەسانەی تێدا بەشدار ناکات، کە لەگەڵیدا کار دەکەن، هەر ئەویشە کە هەمیشە بۆ هەوڵی پێشکەوتن بەسەر هاوڕێکانیدا لە چواچێوەی کاری ململانێیەکی ڕەوا لە ناو دەزگا ڕاگەیاندنەکە پاڵی پێوە دەنێن، چونکە هەر ڕۆژنامەنووسێک هەمیشە تەقەلای بەدەستهێنانی هەواڵ دەدات پێش گەیشتنی بە زۆرترین ژمارەی ئەو کۆمەڵە کەسەی، کە لەگەڵیدان. (د. منال هلال المزاهره، ٢٠١٢، ص٢٧٢).

### ج. سەرچاوەکانی هەواڵ

زۆربەی توێژینەوەکان لەو بوارەدا ئاماژە بە توانای دەستبەرداربوونی ڕاگەیاندنکار دەکەن لە جەماوەرەکەی و زەحمەتی و ئەستەمی دەستبەرداربوون لە سەرچاوەکانی، چەندین توێژینەوەش لە سەر ڕۆژنامەنووسە سیاسییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەلماندوویانە، کە هێزی کاریگەریی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیە، تا ئاستی لە خۆگرتنی بە تەواوی و دووپاتکردنەوەی ئەوەی، کە هەوڵی ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆیانە لە سەرچاوەکانی هەواڵ، کردارێکی ئێجگار گرانە (د. حسن عماد مکاوی و د. سامی الشریف، ٢٠٠٠، ص١٤٣).

## ٤- ٤: پێوەرەکانی جەماوەر

جەماوەر کاریگەریی بۆ سەر ڕاگەیاندنکار هەیە، چونکە ئەو پەیامانەی کە ڕاگەیاندنکار پێشکەشیان دەکات پێشبینی کردنەکانی لەلایەن پەرچەکرداری جەماوەرەوە دیاری دەکات، لێرەوەیە کە جەماوەر ڕۆڵی ئەرێنیانەی خۆی لە کرداری پەیوەندیکردندا ئەنجام دەدات، بۆیە لە سەر ڕاگەیاندنکار پێویستە، کە بە وردی جەماوەرەکەی دیاری بکات، لە بەرئەوەی سەرنج و تێڕامانی بۆ جەماوەرەکەی، کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر بڕیارەکانی. (د. حسن عماد مكاوي و د. ليلى حسين السيد، ٢٠٠٩، ص١٨٣).

توێژەران تێبینیی ئەوەیان کرد، کە جەماوەر کاریگەریی بۆ سەر ڕاگەیاندنکار هەیە، هەروەکو ئەوەی ڕاگەیاندنکاریش کاریگەری بۆ سەر جەماوەر هەیە. (محمد الصيف، ١٩٩٤، ص٢٢).

هەر بۆیەش پەیامە نێردراوەکان کاتێک لە لایەن کەسی ڕۆژنامەنووسەوە دەنێردرێن، پەرچە کرداری جەماوەری تێدا هەژمار دەکرێت، بەم شێوەیە جەماوەر ڕۆڵی ئەرێنی لە سەر پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە و وێنایەک لە لای ڕۆژنامەنووس دەنەخشێنێت کاتێک هەواڵ و بەرنامە و بابەتەکانی هەڵدەبژێرێت و ئاراستەی جەماوەری دەکات. (بەهادین ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل٢٢٦).

## پێنجەم: چۆنیەتی سود وەرگرتن لە تیۆری پاسەوانی دەرگا

ئەم تیۆرە جەخت لە سەر ڕەفتاری ڕاگەیاندنکار دەکاتەوە، تەنانەت جەخت لە سەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتیش دەکاتەوە، کە چی هەڵبژێرێ، بۆیە ڕاگەیاندنکار دەیەوێت ڕێگە بەو بابەتە بدات، کە چۆن بە پلەبەندییەکان ڕەت دەبن و چۆنیش دەگەن بە جەماوەر.

ڕاگەیاندنکار لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەوێتە ژێر هەژموونی کۆمەڵێک فشار لە ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی ڕەنگە ناچار بکرێت ڕێڕەوی بیرکردنەوەو ئاراستەکەش بگۆڕێت، کە ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر کارەکانی و وای لێ دێت نەتوانێت پیشەیانە و بە ئارەزووی خۆی کار بکات، بۆیە ئەو فشارانە ڕاستەوخۆش کاریگەری خۆی دەبێت.

بۆ نمونە مووچە وەک یەکێک لە ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری ڕاستەوخۆی خستۆتە سەر ڕاگەیاندنکار بەوەی کە چی بنوسێت و چیش دەستنیشان بکات، کە بچێتە ژوورەوەو چۆنیش بگاتە جەماوەر.

له لایەکی تر خاوەنداری کەناڵ لە رێگەی جەمسەرە سەرەکییەکانی دەیەوێت فشار بخاتە سەر ڕاگەیاندنکارەکە بۆ ئەوەی نەتوانێت بە ئازادیی و بیروڕایی خۆی بخاتە ڕوو چ لە کەناڵەکەی یاخود لە ناوەندەکانی دیکەی میدیا، بۆیە لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕەهەندی (خاوەنداری، مووچە) کاریگەری زۆری لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیە، کە لە کەناڵەکە بمێنێتەوە یاخود درێژە بە کارەکەی نەدات، بە تایبەت مووچە، چونکە بەشێک لە ڕاگەیاندنکارانی سامپلی توێژینەوەکە مووچە کاریگەری زۆری تێکردوون، بۆ ئەوەی کار بکەن لە کەناڵەکە یاخود بە پێچەوانەوە.

## باسی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە

### ١. چەمکی کارگێڕی

ڕێکخستنی مرۆیی هەر لە بەرەبەیانی مێژوو و کۆنی شارستانییەتی مرۆڤایەتییەوە سەریهەڵداوەو پەیدابووە. هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ دارستانەکانی بەجێهێشت و هەوڵی بەیەکترگەیشتنی دا لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، ئەوەش لە بەر ئەوەی، کە تاک بۆی دەرکەوت توانای ژیانی بە تاقی تەنیاو دوور لە کەسانی دیکە نییە، بەمەش کۆمەڵی مرۆڤایەتی هاتە ئاراوەو دروست بوو. (د. فیصل فخری مرار، ١٩٨٣، ص٨). ئەمە زێدەباری ئەوەی کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان لە بواری کارگێڕیدا، وێڕای کۆنی هەڵسوکەوتی کارگێڕی، ڕەنگە کەمێک درەنگ کەوتبێت. (د. بشیر اعلاق، ٢٠٠٨، ص١٥).

زاراوە (Administration) [*] وەکو زمان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بۆ کەسانی تر، لە وشەی لاتینی (Ministered) وەرگیراوە، کە بە واتای پێشکەشکردنی هاوکاری دێت بۆ کەسانی تر، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە بە واتای ئاراستەکردنی هەر توانایەکی بە کۆمەڵ دێت لە ڕێکخراوێکی گشتی، یان تایبەت بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجێک. (د. نجم العزاوی و د. عبدالله حکمت النقار، ٢٠٠٧، ص١٥). جا ئامانجەکەش بریتیی بێت لە چالاکییەکی بەرچاو بە ئامانجی هێنانەدیی ئەنجامی دیاریکراو. (د. نعیم ابراهیم الظاهر، ٢٠٠٩، ص٥)، بەڵام زاراوەی (کارگێڕی) تەنها لە ڕێگەی واتاو بەڵگە زمانەوانییەکانییەوە دیاری ناکرێت، هەرچەندە پێویستیش بن بۆ چوونە ناو دەروازەی ئەم چەمکەوە. (عبدالله خورشید، ٢٠٠٦، ٢٩).

کارگێڕی هونەرێکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە ڕێگەی هێزی کرێکاریی مرۆییەوە لە ڕێکخراوێکدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی داوا کراو لەلایەن ڕێکخراوەکەوە. (د. علاء عبدالرزاق السالمی، ٢٠٠٨، ص١٣).

یاخود گریمانەیی بوونی توانایەکی هاوبەش، یان بە کۆمەڵ دەکات، کە ژمارەیەک کرێکار ئەنجامی بدەن بە ئاراستەکردنێکی وشیارانەو دەسەڵاتدارییەکی باش بەسەریانەوە. (د. اسامه کامل و مستشار عبدالغنی حامد، ٢٠٠٦، ص٨).

---

(*) وشەی کارگێڕی لە قورئانی پیرۆزدا لە یەک شوێندا هاتووەو لە کرداری دەیگێڕی وەرگیراوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ ﴾ [البقرە: ٢٨٢]. سەرچاوە، (د. وائل عبدالرحمن التل و د. عادل سید أحمد محمود، ٢٠٠٩، ص٢٢).

هەروەها کارگێڕی چالاکییەکی هزریە، کاری گونجاندنی نێوان ڕەگەزەکانی کارە جیاوازەکانە کە ئەوانیش بریتین لە داراییو کرێکارو رەگەزەکانی بەرهەمهێنان و رەگەزی رێکخستن بۆ گەیشتن بە ئامانجی چاوەڕوانکراو بە کەمترین تواناو تێچوو و باشترین کارو گەورەترین دەستکەوت کە لە توانادا بێت. (علاء فرج الطاهر، ٢٠٠٩، ص١٤).

**٢. چەمکی سیستەمی کارگێڕی**

سیستەم ژمارەیەک رەگەز لەخۆدەگرێت و دەکرێ سیستەمی لاوەکیی ناو سیستەمەکە بن، ئەو سیستەمە لاوەکییانە لەگەڵ یەکتریدا کارلێک دەکەنو تەواوکاری لە پێناو هێنانەدی ئامانجێک، یان کۆمەڵە ئامانجێک دەکەن، کە ئەو سیستەمانە هەوڵی هێنانەدییان دەدەن. (د. احمد فوزی ملوخیە، ٢٠٠٧، ص٢٣،٢٤).

هەروەها کارگێڕیی دەزگاکە پەیکەرێک بۆ نەخشەکاریی سیستەم بە هۆی چەمکەکانەوە دادەنێت، کە پێکهاتەی چەمکی نەخشەکاریی سیستەم، بنەمای بنچینەیی دەبێت بۆ خولی پەرەپێدانی سیستەم. (د. شوقی سالم، ١٩٨٥، ص١٢٥). زاراوەی سیستەم لە زاراوە بەکارهێنراوە بەربڵاوەکانە لە بوارە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان دادەنرێت، زاراوەیەکە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Systema)ی یۆنانی هەڵقوڵاوە. (محمد الطائی، ١٩٨٧، ص٢١).

هەروەها سیستەمیش بەوە پێناسە کراوە:

"سیستەم ئاماژە بۆ ئەو پەیکەرە دەکات، کە کۆمەڵێک شت یاخود بەشی یەکگرتوو و تەواوکەری لە خۆ دەگرێت، کە ئاراستەکراوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی هاوبەش". (د. محمد علی شهیب، ١٩٨٤، ص٩).

**بە سەیرکردنی ئەم پێناسەیە دەبێنن ئەم پێکهاتانە دەگرێتەخۆی:**

**یەکەم**: دەبینن ئامانجێک و مەبەستێک هەیە، کە سیستەمەکە دەیەوێت بگەینێتە ئەنجام.

**دووەم**: نەخشکێشراوێک هەیە و هەندێ جار بنیات هەیە.

**سێیەم**: بەخشینی زانیاری هەیە، وزە، کەرستەی تایبەت بە گوێرەی پلانی کار، کە دەرچوونەکانیان پێدەبەخشێت.

بەم شێوەیە بەخشینی کەرستەکان، کە پلانی بۆ دارێژراوە بۆ زانیاریەکان و وزەو کەرستە، کە مرۆڤ دەیگۆرێت بۆ ئامرازی بەرهەم هێنانی دەرچوونی بەرهەمەکان یاخود خزمەتگوزاریەکان و بیرەکان. ئەگەر سیستەمەکە چالاک بێت ئەوا دەرچووەکان ئامانجی سیستەمەکە دەپێکێت. (صالح ابو إصبح و خالد محمد احمد، ١٩٨٤، ص٥٩،٦٠).

مەبەست لە چەمکی سیستەمی کارگێڕی ئەم قەوارە تەواوکارەیە، کە لە چوارچێوەیەکی گشتی دەنوێنێت بۆ کرێکاری کارگێڕی لە کۆمەڵگەیەک، و سیستەمی کارگێڕی (Administration System) پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، کە لە بەشی یارمەتیدەرو و کارلێکەر پێکدەهێندرێت بە شێوەیەکی چالاکی گشتی سیستەمەکە دیاریدەکات، لە ژێر ڕۆشنایی کارلێکردن لە نێوان بەشەکانیو گۆڕانکاری بە سەردێنێت بە گوێرەی ئاستی چووستی هەریەکەیان.

(سیستەمی کارگێڕی)ش وا پێناشە دەکرێت: "ئەم بۆچونە بۆ سیستەمی کارگێڕی وادادەندرێن، کە کاری کارگێڕی لە کۆمەڵگە یاخود لە هەر بەشێک لە بەشەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمە کۆکراوەیە بۆ کارلێکردن لە نێوان گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکان، کە هەریەکەیان نمونەی پێڕۆیەکی لاوەکین (sub- system) ، لە سیستەمی کارگێڕی گەورە. (علی السلمی، ١٩٨٣، ص٦٣).

سیستەمی کارگێڕی: بریتییە "لە کۆمەڵە بنەمایەک، کە دەسەڵاتی کارگێڕی لە وڵاتدا لە ڕووی ڕێکخستنو چالاکییەکانیاندا جڵەوگیر دەکات". (توێژەر)

## ٣. چەمکی کەناڵی ئاسمانی

ئەم ساڵانەی دوایی پەرەسەندنی تەکنەلۆژی و بازدانی زانستیی یەک لە دوای یەکیان لە بواری پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان لە پەخشی ڕاستەوخۆدا بینی. (ماجی الحلوانی، ٢٠٠٢، ص٨٧).

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی مانگی دەستکردو پەرەسەندنی تەلەفزیۆنیش وێستگەی پەخشکردنی جیهانی، واتە ئەوەی ناویان لێنا ئاسمانی، تەلەفزیۆنیش زیاتر پێشکەوت. (د. فارس عطوان، ٢٠٠٩، ص٧).

هەر بۆیەش تەلەفزیۆن لە سنوری جوگرافی دەرچوو هەموو سنورەکانی بەزاند، لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان. (شێروان عوسمان ڕەسول، ، ٢٠١١، ل٢٧).

کەناڵە ئاسمانییەکان بوونە سیمایەک لە سیماکانی واقیعی سەردەم و پێگەی یەکەمیان لە نێو ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا گرت، فرەیی ئەو کەناڵانەو بڵاوبوونەوەیان و بەزاندنی سنووری جوگرافیی کۆمەڵگە جیاوازەکان، وای لێکرد، کە پاشکۆی نەرێنی هەبێت.(صفد حسام حمودی، ٢٠٠٧، ص٢٧). بۆیە دەکرێ تێبینی بوونی پەیوەندییەکی پێچەوانەیی نێوان هێزی مانگە دەستکردەکانو ئاستی هەستیاریی وێستگەی سەر زەوی بکەین، کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئامادەکراوە، هەرچەندە هێزی مانگە دەستکردەکە زیاتر بێت، کەمتر

پێویستی بە بوونی وێستگەی سەر زەوی هەستیارو تێچووی بەرزی دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا. (د. هبه شاهين، ٢٠٠٧، ص٢٣).

کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییەکان، ڕەگەزێکی گرنگی زانیارییان پێکهێناو کارێکی وایان کرد، کە هاووڵاتی بتوانێت لە کاتی ڕووداوەکاندا بەدواداچوونو تەماشای وردەکارییەکانی ڕووداوەکان بکات، زانیارییەکانیش وەکو جاران تەنها بە موڵکی حکومەت نەمانەوە، تاکو بە ئارەزووی خۆی هەرکاتێک بیەوێت پەخشی بکات، یان نەیەوێتو ڕێگە لە پەخشکردنی بگرێت.(عادل عبدالرزاق مصطفى الغريرى، ٢٠٠٩، ص٩١).

کەناڵ: مەبەست لێی ئەو ئامرازەیە، کە لە ڕێگەیەوە نێرەر پەیام ئاراستەی وەرگر دەکات. دەتوانین بڵێین کەناڵە ئاسمانییەکان بە چەندین شێوە ناسێنراون، لەوانە توێژەری عەرەبستان (خضر اللحيانى) دەڵێ: "مەبەست لێی خستنەڕووی پرۆگرامی تەلەفزیۆنییە لە ڕێگەی تۆڕێکی مانگی دەستکردەوە، کە بە دەوری زەویدا لە ڕێڕەو و ڕێچکەی دیارکراو دەخولێنەوە، گۆشە و ئاراستەی بە یەکگەیاندنی هەریەک لە پارچەکانی دیاریکراوە". (خضر اللحيانى، ٢٠٠٨ ص٣٤).

هەروەها کەناڵە ئاسمانییەکان بە "وەرگرتنی پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەوترێت بە ئامێری وەرگری ناوماڵ (ریسڤەر)، بە بێ هەبوونی وێستگەی گەورەی زەمینی". (عبدالرحمن وهيبه، ٢٠٠٠ ، ص٧).

تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان Satllite لە یەک کاتدا لە ئامرازەکانی بیستن بینین دادەنرێت، لە بەر ئەوەی دەنگ و وێنە و وێنەی جووڵاو کۆدەکاتەوە، زێدەباری ڕەنگ و ئاوازی مۆسیقا لەگەڵ وێنە و دیمەنەکان. (محمد ابو سمره، ٢٠٠٨، ص١٣٤).

## ٤. چەمکی ڕاگەیاندنکار

ئەو کەسەیە، کە کرداری ڕاگەیاندن، یان پەیوەندیکردنەکەی لێوە دەردەچێت، کە ڕاگەیاندنکار ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراوی دەکات. (د. رحيمه الطيب عيسانى، ٢٠٠٨، ص٤٧). بەرپرسە لەوەی چی دەنوسێت و باسی چی دەکات، چونکە لەوانەیە وشە نووسراوەکانی یان وتراوەکانی لە ڕێگەی رادیۆ یان تەلەفزیۆنەوە ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەبێت. (د. محەمەد ئەلدروبى،٢٠٠٦، ل٨٣).

یاخود ئامانجی کاریگەری خستنە سەر خەڵکانی دیکەیە لە ڕێگەی ئەو بیرۆکانەی کە پاشخانێکی فراوانیان لە سەری هەیە و باوەڕی پێیانە و لە ڕەفتارو هەڵسو کەوتەکانیدا دەردەکەون. (د. محمد منير حجاب، ٢٠١٠، ص١٦٨).

بەمەش دەرکەوتنی ڕاگەیاندنکارانی پیشەگەری پەیوەست بە پەرەسەندن و سەرنجی بێلایەن‌و شرۆڤەکارو ناحزبی لە کاروبارە جیاوازەکاندا، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕاگەیاندنکاری پیشەگەر. (د. جیهان احمد رشتی، ١٩٨٧، ص١٩٢).

جا دەکرێ ڕاگەیاندنکار کەسێک بێت لە پەیوەندیکردنی خودی و پەیوەندیکردنی کەسی و پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵ، یان لە کەسێک زیاتر بێت، وەکو لە ڕاگەیاندنی بە کۆمەڵو پەیوەندیکردنی جەماوەری. (د. محمود حسن اسماعیل، ٢٠٠٣، ص٩٥).

دیارە ڕاگەیاندنکار ئەو کەسەیە، کە کاری میدیا دەکات، بەڵام ئیشکالییەتەکە لێرەدایە ئەوەی لە دەزگایەکی بینراودا کار دەکات و مۆنتێرە یان کامیرامان، هەر پێی دەوترێت (ڕۆژنامەنووس)، کە ئەمە هەڵەیە و ڕۆژنامەنووس نییە، دەبێ وشەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، یان هەر میدیاکارە، واتە کاری ئەو مۆنتێرە کاری نووسین و پەرەکاریی و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەیەکی یان گۆڤارێک، یان بڵاوکراوەیەک نییە، بەڵکو لە بوارێک لە بوارەکانی میدیادا کار دەکات، کە ئەویش وێنەگرە یان دەرهێنان و بڕین و چاککردن و پێکبەستنەوەی وێنە گەلێ میدیایی لە جۆری بینراو. وەک چۆن میدیاکار بەرفراوانتر و گەورەترە لە ڕۆژنامەنووس مەرج نییە کامیرامان یان تایپیست یان مۆنتێر و دەرهێنەر بێت، بەڵام ئەمانە هەموویان لە دواجاردا میدیاکارن. (ئاری عەبدوللەتیف، ٢٠١٢، ل٨،٧).

یاخود ئەو کەسانەن، کە هەواڵ و دەنگوباس و زانیاری لە سەرچاوە هەواڵییەکان کۆدەکەنەوە، چ لە ئاژانسەکانی دەنگوباس بێت، یان ڕۆژنامە، یاخود تاکە کەس، یان دەزگا، یاخود کۆمەڵە و جەماوەر، هەر هەموو ئەوانەش دەرگاوانی ڕاگەیاندنیان پێ دەڵێن. (بسام عبدالرحمان المشاقبە، ٢٠١١، ص١٩١).

(**ئێم. ڤی. کاماس**): " ڕۆژنامەنووس کارمەندی ڕۆژنامەیەکە، کە ڕاپۆرت بۆ ڕۆژنامەکەی ئامادە دەکات، دەشێ وتار، یان سەروتار بنووسێت، یاخود هەڵەچنی بابەتەکان بکات، ڕۆژنامەنووسێکی پیشەیی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا دەناسرێتەوە: ریپۆرتەر، وتارنووس، هەواڵنێری تایبەت، لێپرسراوی داڕشتنی هەواڵ، جێگری سەرنووسەر، لێپرسراوی بەشی وەرزش، لێپرسراوی هەواڵەکانی ناوخۆ، لێپرسراوی بەشی بازرگانی، لێپرسراوی بەشی بازرگانی، لێپرسراوی هەواڵە گشتییەکان و سەرنووسەر". (کارزان محەمەد، ٢٠١٣، ل٤٣).

## باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

گرنگی توێژینەوەکانی پێشوو لەوەدایە، کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکان، توێژەر بەرچاورووونیەکی بۆ درووست دەبێت لە سەر توێژینەوەکان و تەنانەت وەک چرایەکی رۆشنکەرەوە دەبێت بە سود وەگرتن لە چوارچێوەی توێژینەوەکان، هەر بۆیەش بە درێژایی ئەنجامدانی توێژینەوەکەو توێژەر (١٦) توێژینەوە دەست خستن، کە (٧) لە توێژینەوەکان لە چوارچێوەی تیۆری پاسەوانی دەرگان، (٩) توێژینەوەی دیکەش لە چوارچێوەی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن، جگە لەو توێژینەوانەش باسی ئەوانەش کراون، کە پێشتر لە سەر ڕاگەیاندنکار ئەنجام دراون.

**یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو لە سەر ڕاگەیاندنکار**

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی تیۆری پاسەوانی دەرگا**

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

**چوارەم: گفتوگۆیی توێژینەوەکانی پێشوو**

### یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو لە سەر ڕاگەیاندنکار

بەو پێیی توێژینەوەی جۆراو جۆر لە سەر ڕاگەیاندنکار ئەنجام دراون. هەر بۆیەش یەکەم لێکۆڵینەوە، توێژینەوەکەی (رۆستن) بوو، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەناونیشانی (پەیامنێرانی واشنتۆن) لە ساڵی ١٩٣٧ دەرکەوتو بە توێژینەوەیەکی کلاسیکی لەسەر سایکۆلۆژییەتی پەیامنێرانی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٤١ گۆڤاری (الصحافە)، کە گۆڤارێکی وەرزییە لە ویلایەتی ئیوای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەردەچوو، توێژینەوەیەکی گرنگ بوو سەبارەت بە کارمەندانی رۆژنامەی (ملواکی)، دەکرێ ئەو توێژینەوەیە دەرگا لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە سەر دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکە بکاتەوە، بەڵام ماوەیەکی درێژ تێپەڕی، کەچی هیچ توێژینەوەیەک ئەنجام نەدرا، کە تاوتوێی ڕاگەیاندنکاران و دەزگاکانیان بکات. (د. محمد جاسم فلحی الموسوی، بدون سنە، ص١٨).

لە توێژینەوەیەک، کە (وایت) (White) لە ساڵی (١٩٥٠) ئەنجامیدا بۆ نموونە سەبارەت بە چۆنییەتی سازدانی هەواڵ، کە ئاژانسەکانی دەنگوباس بە تەلیکس بۆ یەکێک لە رۆژنامە بەیانییەکانی ئەمریکییان دەنارد، دەرکەوت کە (دەیەکی) هەڵبژاردنی هەواڵسازەکان بۆ ئەو هەواڵانە لە پشت بەستنیان بووە بە گەڕانەوەو پابەندبوون بە بەها

بابەتییە باڵاکان، کە گرێدراوی ئەزموونە تایبەتی و ئاراستە و ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکانیانە. (د. عبدالفتاح عبدالنبی، ١٩٨٩، ص٨٧).

لە ساڵی (١٩٥١) توێژینەوەیەکی لە سەر ژوورەکانی هەواڵی ئێزگە و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن بڵاوکردەوە، هەروەها (سابین)ی توێژەریش توێژینەوەیەکی لە سەر سەروتار نووسەکان لە ویلایەتی ئۆریگۆن بڵاوکردەوە. لورنسیش توێژینەوەیەکی لە سەر نووسەرانی کنساس پێشکەش کرد. هەروەها ساڵی (١٩٥٦) توێژینەوەیەکی لە سەر هەواڵسازانی دەرەکی لە (١٦) رۆژنامەی ڕۆژانە لە ویلایەتی وسکونسن- لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سازدا. تەنها هەواڵیان لە ئاژانسی دەنگوباسی (ئەسۆشێت پرێس)[*] وەردەگرت. (د. کمال خورشید مراد، ٢٠١٤، ص٢٧٤).

توێژینەوەی (برید) (Breed) لە ساڵێ (١٩٥٥) بە قوڵترین توێژینەوە ئەژمار دەکرێت، کە لە سەر ڕاگەیاندنکاران و هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دابوو و کاریگەری بۆ سەر کارمەندانی رۆژنامە هەیە، توێژینەوەکەی (برێد) ئاماژە بەوە دەکات، کە بەڵگە هەیە لەسەر بوونی کرداری کاریگەریی زاڵبوون، یان باڵادەستبوون، کە بە هۆیەوە ناوەڕۆکی رۆژنامە گەورەکان بەرزەفت دەکرێن — یان وێستگەکانی ئێزگە و تەلەفزیۆنی ئێستا- ئەوانەی خاوەن پلەو پایەیەکی بەناوبانگن ڕۆژنامەی دانسقەن و کاریگەرییان لە سەر ئەو شێوازو ڕێگەیە هەیە، کە تیایدا رۆژنامە بچووکەکان هەواڵ و بابەتە گرینگەکان ڕێک و چارەسەر دەکەن، ((واتە گەورە بچووک قووت دەدات، هەروەکو لە جیهانی دەریاوانیدا دەوترێت).

گومان لەوەدا نییە، کە ئەمەش ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری لە گۆڕانکاری و جۆراوجۆربوون و فرەیی راوبۆچوون بێبەش دەکات، کە یارمەتیی پێکهێنانی ڕایەکی گشتی وشیار دەدەن)). (د. سعاد جبر سعید، ٢٠٠٨، ص ٥٢).

لە ساڵی ١٩٩٢ توێژینەوەیەک ئەنجامدراوە، بۆچوونی ٢٨٠ رۆژنامەنووسی وەرگرتبوو، تیایدا هەستکردنی ڕاگەیاندنکاران بە بێ کەڵکی بەها پیشەییەکان دەرکەوتبوو. لە

---

[*] **ئاژانسی ئەسۆشێت پرێس:** گەورەترین ئاژانسی جیهانییە بۆ گەیاندنی هەواڵ، ئەم ئاژانسە لە مانگی (٥) ساڵی (١٨٤٨) دامەزراوە. لە ساڵی (١٩٩٨) تەنها لە ئەمریکا (١٥٠) نووسینگەی هەبوو. لە دەرەوەی ئەمریکاش نزیکەی (٩٠) نووسینگەی هەبوو. لەم ئاژانسە (٣٥٠٠) کەس کاری تێدا دەکرد، هەر تەنها لە ئەمریکا (١٧٠٠) رۆژنامەو گۆڤار لەگەڵ (٦٠٠٠) ئێزگەی رادیۆ و کەناڵی (ت. ڤ) ئابونەیان لە لای ئەم ئاژانسە هەبوو. سەرچاوە، (د. مەغدید سەپان، ٢٠٠٨، ل ١٤٢).

بەرئەوەی ئەو بەهاو پێوەرانەی، کە لە ڕێگەیانەوە دەستیان بە کار کردبوو، وەکو دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی سوودێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە پێوەری کاریگەرتری وەکو پەیوەندییە کەسییەکان و ڕازیکردنی سەرۆک و بەرپرسان و هەڵخەڵاتاندن و بەرژەوەندی خوازەکان شوێنی گرتنەوە.

هەروەها پێوەرە کارگێڕییەکانیش ڕێزیان لە تواناو لێهاتوویی نەگرت و ڕێگەیان بە ئازادی لە وەرگرتنی بڕیار و خوڵقاندنی دەرفەتی داهێنان، یان هاندان بۆی نەدا. توێژینەوەکە ئەوەی گەڕاندەوە بۆ پاڵەپەستۆی دەسەڵات و سەرۆک و جاڕدەرو سەرچاوەکان و جەماوەر و توانا و بەهاکانی کۆمەڵگا و نەریتەکانی گەڕاندەوە، هەروەها توێژینەوەکە گەیشتە ئەوەی، کە پەیوەندییەکی پەیوەست بووی ئەرێنی لە نێوان بەهاو بیروباوەڕو ئارەزووە کەسییەکان لای ڕاگەیاندنکار و سروشتی ئاراستە پیشەییەکانیان و تێڕوانینیان بۆ ئەو پیشەیە و سروشتی ئاراستە پیشەییەکانیان و سەرنجدانیان لە کرداری گەشەپێدانو ڕۆشنبیری و کارکردن لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریدا. (الفت حسين اغا، ١٩٩٢، ص١١٢،٩٧).

توێژینەوەی سەعید محەمەد ئەلسەیدک: "پاڵەپەستۆی پیشەیی و کارگێڕی بۆ سەر ڕاگەیاندنکار" کە توێژینەوە بیانییە پەیوەستەکانی بە پاڵەپەستۆی پیشەیی و کارگێڕی بەشێوەیەکی دیاریکراو خستەڕوو، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بەها پیشەییەکان و گەشەی کۆمەڵایەتیی ڕاگەیاندنکار و پاڵەپەستۆی ڕۆتین و ئەوانیتر، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەو پاڵەپەستۆیانە زۆرن، بەجۆرێک، کە ئەستەمە بتوانرێت ئەوانەی زۆرترین کاریگەرییان هەیە دیاری بکرێن، هەروەها پاڵەپەستۆ کارگێڕییەکان کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان لەسەر ڕاگەیاندنکار هەیە، بە شێوەیەک لە قۆناغە جیاوازەکان بەسەر کۆتوبەندە پیشەییەکاندا زاڵە. (د. مرعی مدکور، ٢٠٠٣، ص١٨٧).

## دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی تیۆری پاسەوانی دەرگا

### ١. توێژینەوە کوردستانیەکان

- **توێژینەوەی (امير نامق عبدالله)**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی رووپێوییە، گرفتی ئەم توێژینەوە لەوە دایە، ئەگەر بێت و دیاریکردنی گرفت سنووری بابەتەکە بەر تەسک بکاتەوە، بە جۆرێک، کە زۆر وردەکاری تێدابێت و توێژەر بتوانێت جێبەجێیان بکات و ئەگەر سیماو خەسڵەتی سەرەکی، کە توێژینەوە زانستییەکان لەوانی دیکە جوودا دەکاتەوە، بەو پێیەی کە گرفتی

دياريكراو لەخۆدەگرێت و پێویستیی بە یەكێك هەیە بە توێژینەوەو شیكردنەوە بەرەنگاری لایەنە جۆراوجۆرەكانی ببێتەوە، هەر چەندە نمونەیی ئەم توێژینەوەیە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانن، بە نمونەش كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی سەر بە یەكێتی نیشتیمانی كوردسستانن، هەر بۆیەش گرفتی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١. ئەو میكانیزمی كاركردنە هەواڵییانە چین، كە لە كەناڵە تەلەفزیۆنییە كوردییەكان دەگیرێنەبەر؟
٢. پێوەری پەخشی ئەو هەواڵانە لە كەناڵە تەلەفزیۆنییە كوردییەكان كامانەن؟
٣. سیاسەتی ڕاگەیاندن لە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی سەر بە یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان؟

كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی سەر بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە هەرێمی كوردستانی عێراق، هەروەها نمونەی توێژینەوەكە بریتی یە لە ڕاگەیاندنكارانی هەواڵسازی كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی سەر بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان.

**توێژینەوەكە گەیشتە ئەم دەرئەنجامە گرنگانەی خوارەوە:**

١. ڕۆڵی ڕاگەیاندنكاری هەواڵساز لە زنجیرەی ئەو قۆناغانەی، كە هەواڵ پێیدا دەڕوات، جەخت لە سەر شێوەی بنەڕەتی لە كرداری گواستنەوەی گوتە و نووسین، زێدەباری ڕوومالكردنی ڕووداوە مەیدانییەكان دەكات.
٢. ئامانجی هەواڵ لە كەناڵە تەلەفزیۆنییە كوردییەكان، جەخت لە سەر پێدانی خەڵكی دەكات بە زانیاری و خزمەتگوزاری بەرنامەی گەشەپێدان لە هەرێمی كوردستان.
٣. زۆرینەی ڕاگەیاندنكارانی هەواڵساز لە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی سەر بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، ئاماژە بەوە دەكەن، كە سەرنجیان لە سیاسەتی ڕاگەیاندنی كەناڵەكە داوە، كە كاری تێدا دەكەن. (امیر نامق عبدالله، ٢٠٠٨).

- **توێژینەوەی (امیر نامق عبدالله)**

ئەم لێكۆڵینەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەكی وەسفی مەیدانییە گرفتی ئەم توێژینەوە لەوە دایە، كە ڕاگەیاندنكار دەكەوێتە بەر كۆمەڵێك هەلو مەرج و گۆڕانكاری، كە كاریگەریی لە سەر كارەكانی دەبێت لە ڕووی پیشەی ڕاگەیاندنەوە، ئەویش تایبەتمەندییە زانستی و هزرییەكانی پێكدەهێنێت و سروشتی پەیوەندیی بە سەرچاوەو جەماوەرو ئامرازەكانەوە

دیاری دەکات، هەروەها دەکەوێتەبەر کۆمەڵە پاڵەپەستۆیەک، کە ئەویش کاریگەری لە ئەنجامدانی کاری ڕاگەیاندنی دەکات .

توێژەر بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، ڕاگەیاندکارانی لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی کوردسات و زاگرۆسدا هەڵبژارد، دەستنیشانکردنی ئەو دوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەش بۆ کۆمەڵگای توێژینەوەکەی لە جیاوازی و جۆراوجۆربوونی ئاراستەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها توێژەر (٢١٠) فۆرمی راپرسی بەسەر (٢١٠) نمونەی توێژینەوەدا دابەشکرد، کە سەرجەم کارمەندانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییەکەی کوردسات و زاگرۆسی گرتەوە، توێژەر (١٩٦) فۆرمی راپرسی بۆ گەڕایەوە، چونکە (١٤) نمونەی توێژینەوە، وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە نەدابویەوە.

**توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێکی بایەخدار لە گرنگترینییان:**

١. لە زۆربەی کاتەکاندا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی کوردسات‌و زاگرۆس، پاڵەپەستۆی زۆر و جۆراوجۆر لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیە، بەڵام لە هەموو کاتێکدا ناتوانن رووبەڕووی ببنەوە.

٢. ئەو فشارانە لە شێوەی جیاوازدا بەرجەستە دەبن و دەکرێ دیارترینیان لە پاڵەپەستۆی (سیاسی، کارگێڕی، یاسایی، پیشەیی، رەوشتی، ئابووری)دا بەرجەستە بکەین، قەبارەی ئەو پاڵەپەستۆیانەش لە ڕێژەو دەرئەنجامدا لەسەر کارمەندانی هەردوو کەناڵەکە جیاوازن. (امیر نامق عبدالله، ٢٠١٢).

**٢. توێژینەوە عێراقییەکان**

- **توێژینەوەی (سامیە احمد هاشم)**

توێژینەوەیەکی رووپێوییە، کێشەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، کە کاریگەریی کرداری گواستنەوە لە لەندەنەوە بۆ دوبەی لە سەر ڕاگەیاندنکاران بە شێوەیەکی ئەرێنی بوو، یان نەرێنی یا ئایا دامەزراوەی ڕاگەیاندن ژینگەی ڕاگەیاندنی باشتری بە دەستهێنا، بە گواستنەوەی لە لەندەنەوە بۆ شاری ڕاگەیاندنی دووبەی.

کۆمەڵگەی توێژینەوە خۆی لە ڕاگەیاندنکارانی ناوەندی تەلەفزیۆنی (الشرق الاوسط) دەبینێتەوە، کە لە لەندەن کاریان کردووە. نمونەی توێژینەوەکان (٦٢) کەس بووە، کە تێدا هەڵدەبژێردرێت، کە ئەویش دەزگای تەلەفیزیۆنی (الشرق الاوسط، MBC GROUP)، کە دوو سەرچاوەی داتاکانی توێژینەوەکە بوون.

ئەم توێژینەوەی خۆی لە چەند گریمانەی دەبینێتەوە ئەوانیش:

١. رایەڵەیەکی ئەرێنی خاوەن نیشانەی ئاماری لە نێوان گۆڕدراوەکانی ڕاگەیاندنکار و شوێنی ژینگەی ڕاگەیاندندا هەیە.
٢. رایەڵەیەکی ئەرێنیی خاوەن نیشانەی ئاماری لە نێوان گۆڕدراوەکانی ڕاگەیاندنکار و ئەو گرفتە ڕۆژانەییانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە هەیە.
٣. رایەڵەیەکی ئەرێنیی خاوەن نیشانەی ئاماری لە نێوان شوێنی کاری ڕاگەیاندنکار و نێوان رەگەزەکانی ژینگەی دەوروبەر هەیە.

**توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ گەیشتوە لەوانە :**

١ . توێژینەوەکە بوونی تا رادەیەک لە یەکتر نزیکی لای نمونەی توێژینەوەکان بەدیکرد لە تێڕوانین و بە باش زانینی ژینگەی ڕاگەیاندن لە (لەندەن، شاری دوبەی بۆ ڕاگەیاندن).
٢. لەندەن وەکو ژینگەیەکی ڕاگەیاندنی بیانی نەبووە کۆسپ لە بەردەم ئاوێتەبوونی نمونەی توێژینەوەکان لە ژینگەی ڕاگەیاندندا، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕاگەیاندنکاران لە بنەڕەتدا لەوانەن، کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی لە تاراوگە، یان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بیانیدا کار دەکەن.
٣. نمونەی توێژینەوەکان سەرنجێکی ئەرێنیانەیان لە سەر رێکخستنە پیشەیی و سەندیکاییەکان لە لەندەن ئاشکراکرد، بەجۆرێک، کە چوونە ڕیزی رێکخراوە پیشەییەکان لە لەندەن بە رێژەی (٦٨.٣%) بوو لە لایەن نمونەی توێژینەوەکانەوە، هەروەها ئارەزووی پێویستیی بوونی رێکخستنە پیشەییە هاوشێوەکانیان پێ باش بوو لە شاری دوبەی بۆ ڕاگەیاندن. (سامیە احمد هاشم، ٢٠٠٦).

◆ **توێژینەوەی (خلیل ابراهیم فاخر الضمداوی)**

لێکۆڵینەوەکەیەکی رووپێوییە، کێشەی ئەم توێژینەوەکەی لەوەدا دەبینێتەوە، کە توێژەر ئەوانەی دەستنیشان کرد، کە هەواڵ دەنێرن لە ناو کۆی ڕاگەیاندنکاران لە ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا. ئەم دەستنیشان کردنەش لە سەر ئەوە هاتووە، کە کارمەندانی بواری هەواڵ، کارێکی ڕۆژانەی مەیدانی ئەنجام دەدەن، هەروەها سروشتی کارەکەیان بەریەک کەوتنی راستەوخۆیە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دەسەڵات و هێز و پلەوپایەیان، لە ناو کۆمەڵگادا هەیە.

توێژەر شێوازی ئابڵۆقەگیریی هەمەلایەنەی بۆ دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوکەی بەکارهێناوە، ئەوانەش سەرجەم ئەو هەواڵسازانەن، کە لە بەغداد و لە رۆژنامە عێراقییەکانی وەکو (المدی، الصباح، طریق الشعب، الدعوه، دار السلام، الجریده، التاخی، بهرا). کاردەکەن. توێژەر (٨٩) فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (٨٩) نمونەی توێژینەوە دابەشکرد کە هەموو کارمەندانی بواری هەواڵەکانی لە هەر هەشت رۆژنامەکە دابەشکرد، کە توێژینەوەکەیان لە سەر کرا. توێژەر (٧٧) فۆرمی بۆ گەڕایەوەو (١٢) نمونەی توێژینەوە وەڵامی فۆرمەکەیان نەدابۆوە. لە ناویاندا سەرکردەی رۆژنامەکان (سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، سکرتێری نووسین، سکرتێری نووسینی جێبەجێکردنی، سەرۆکی بەش)و هەروەها هەواڵسازو نێردراوەکانیش هەبوون.

توێژینەوەکە تەقەڵلای دیاریکردنی کاریگەریی هۆکاری سیاسی و ئەو کاریگەرییانەی داوە، کە لە ئەنجامی پاڵەپەستۆکانی سەر ڕاگەیاندنکار لە رۆژنامەگەریی عێراقیدا هەن، شانبەشانی زانینی رێوشوێنەکانی ڕاگەیاندنکار بەرامبەر ئەو پاڵەپەستۆیانە.

**لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش بەمشێوەیەیی خوارەوەن:**

١. کەمی ژمارەی مێیینە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، کە گەیشتە (١٠.٩٦%)، کەچی نێرینە زۆربەی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی گرتەوە بە رێژەی (٨٩.٠٤%).
٢. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیاتر لە نیوەی نمونەی توێژینەوەکان، تەمەنی ئەرکدارییان هەیە، کەمتر لە (١١) ساڵ، ئەوەش ئاماژەیە بۆ کەمی ئەزموونی ئەرکدارییان.
٣. توێژینەوەکە بایەخێکی روون و ئاشکرای لە لایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەرخست بە مەشق پێکردنی رۆژنامەنووسانی عێراقی، لە دوای ئەوانیش رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناوەخۆ دێت. رۆڵی رۆژنامەکانیش لە پلەی کۆتاییدا هات بە رێژەی (٢٦.٩٣%). (خلیل ابراهیم فاخر الضمداوی، ٢٠٠٨).

### ٣. توێژینەوە عەرەبییەکان

- **توێژینەوەی (ریم فاطم معجل المطیری)**

توێژینەوەیەکی وەسفییە و رێبازی لێکۆڵینەوەی رووپێوی مەیدانییە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئەو ئامادەبوونە بەهێزەی کە خانمە رۆژنامەنووسێکی سعوودی خەریکە پێکیدەهێنێت بەرامبەر ئەو هەڕەشانەو لەمپەرانەی رووبەڕووی دەبێتەوە، کە ئاستی ڕەزامەندیی ئەرکداری خانمە رۆژنامەنووسانی سعوودی لە رۆژنامە ڕۆژانەییە عەرەبییەکانی

سعوودییەدا چەندە؟ هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەو ڕەزامەندییانە بە ئەرێنی و نەرێنی کامانەن؟.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەم توێژینەوەیەی لەخۆگرت و توێژینەوەیەکی دیاریکراو بوو لە ڕووی قەوارەوە، چونکە ڕۆژنامە ئافرەتە سعودییەکان، ئەوانەی لە ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانی سعودییەدا کاردەکەن و بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاودەکرێنەوەو تەنها لە (ریاض، الجزیرە، المدینە، عکاظ، الوطن، الیوم)دان. توێژەر دوو ڕۆژنامەی دوورخستەوە: (الندوە) بەهۆی نەبوونی ڕۆژنامەنووسی ئافرەت لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە و ڕۆژنامەی (البلاد) بەهۆی نەبوونی ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی سعودی، کە کاری تێدا بکەن، چونکە تەنها تاکە ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەتی تێدا بوو، ئەویش میسری بوو.

**لە دەرئەنجامدا ئەم توێژینەوەیە ئەوەی خستەروو،** کە هەردوو ڕۆژنامەی (الندوە)و (البلاد)ی لێ دوورخرایەوە، لە بەر ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی تێدا نەبوو، هەروەها (البلاد)یش بەهۆی نەبوونی ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی سعودییەوە، کە کار لە ڕۆژنامەکەدا بکەن، جگە لە یەک ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی میسری نەبێت .

هەروەها ئارەزووکردن لە پێشکەشکردنی ئەنجام گەلێک کە بەشداری لە پەرەپێدانی ڕۆژنامەگەریی سعودی بە گشتی و ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی سعودی بە شێوەیەکی تایبەتی بکەن، لێرەوە توێژینەوەیەکی وەکو ئەم بابەتە، بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە و کتێبخانەی ڕاگەیاندن دەوڵەمەند دەکەن و هەڵوەستە لە سەر واقیعی ڕۆژنامەنووسی سعودی دەکەن. (ریم فاطم معجل المطیری، ٢٠١٠).

- **توێژینەوەی (نسرین ریاض عبداللە)**

لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە، گرفتی توێژینەوەکە بریتی یە لە تێگەیشتنی خەسڵەتەکانی ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە میسر و ئەردەنو سروشتی کاریگەریی لە سەر ڕاگەیاندنکار لە ڕۆژنامەکانی هەردوو وڵاتەکەدا بەرجەستە و گەڵاڵە دەبێت.

کۆمەڵگای توێژینەوەیە پێک دێت لە کۆی ڕۆژنامە میسری و ئەردەنییەکان، کە لە میسر و ئەردەن دەردەچن، هەروەها کۆی ڕاگەیاندنکارانی میسری و ئەردەنی، کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٢٠١٠ - ٢٠١١) کاریان دەکرد.

هەروەها نمونەی لێکۆڵینەوەکەش دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت ئەوانیش (نموونەی ڕۆژنامە میسری و ئەردەنییەکان، کە هەلومەرجی جیاوازی ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە میسر و ئەردەن پێکدەهێنێت لە ماوەی توێژینەوەکەدا. هەروەها نموونەی ڕاگەیاندنکارانی میسری و ئەردەنی لە ناو ئەو ڕۆژنامانەی، کە نوێنەرایەتیی هەلومەرجە جیاوازەکانی ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسیی میسری و ئەردەنی دەکەن لە هەردوو وڵاتەکە لە ماوەی توێژینەوەکەدا).

توێژینەوەکە لە چەند گریمانەیەک پێک دێت کە بریتین لە :

١. سیستەمی یاسایی و یاسادانان یەکەم کاریگەرە لە سەر ڕاگەیاندنکار لە میسر، کەچی گوزارشتە سیاسیو ئاسایشییەکان، کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئەردەنییەوە هەڵقوڵاون کاریگەریی یەکەمی لە سەر ڕاگەیاندنکاران هەیە لە ئەردەن.
٢. ڕاگەیاندنکاری میسری بە شێوەیەکی گشتی لەوەوە سەرنج لە کاری ڕۆژنامەنووسی دەدەن، کە پەیامێکە و ئەنجامی دەدات و بەرپرسیاریتییەکی کۆمەڵایەتییە و بەڵێنی جێبەجێکردنی داوە، کەچی ڕاگەیاندنکاری ئەردەنی بە شێوەیەکی گشتی وا تەماشای کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، کە پیشەیەکە و لەگەڵیدا دەژین.
٣. پەیوەندییەکانی نێوان ڕاگەیاندنکارانو سەرکردەکانیان لە ڕۆژنامە میسرییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی تا ئاستێکی بەرز دۆستایەتیترە وەکو لە ڕۆژنامە ئەردەنییەکان.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخست،** کە ڕەگەزەکانی ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسیی دەرەکی و ناوەخۆ لە میسرو ئەردەن، کاریگەرییەکی ئاشکرا لە سەر هەڵس و کەوتی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ئاستەکانی کارکردن و ڕەزامەندیی ئەرکداریی ڕاگەیاندنکاران، ئەو ڕەگەزانەش خۆی لە کۆمەڵێک لە پاڵەپەستۆ، یان گیروگرفت دەبینێتەوە، کە نەک تەنها گرێدراوی ژینگە و کۆمەڵگا نین، بەڵکو گرێدراوی هەل و مەرجی هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندنن بە تەنها. (نسرين رياض عبدالله، ٢٠١٢).

- **توێژینەوەی (مجيد صالح عزيز)**

توێژینەوەیەکی ڕووپێویە، کێشەی توێژینەوە بریتی یە لەوەی گرفتی توێژینەوەکە خۆی لە بوونی ژمارەیەک ئاماژەی سەرەتاییدا دەبینێتەوە. ئەویش ناسینی ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسی و کاریگەرێتیی لە سەر هەر یەک لە دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکانی وەکو (هاوڵاتی، ئاوێنە، ڕووداو، چاودێر). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتی لە باسکردنی واقیعی هەڵسوکەوتی پیشەیی بوون لە زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکاندا، بە لەبەرچاوگرتنی زۆری

دەزگا رۆژنامەنووسییەکان، توێژەر ڕۆژنامەکانی (هاوولاتی) و (ئاوێنە) و (رووداو) و (چاودێر)ی هەڵبژارد. کە (١٢٥) فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (١٢٥) لە یەکەی نموونەکانی توێژینەوەکەدا دابەشکرد لە ڕاگەیاندنکارانی ئەو دەزگایانەی لە ناو توێژینەوەکەدا بوون، لە کۆتاییدا (١١٧) فۆرم گەڕایەوە.

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک گریمانەی دەرخستووە، لە گرنگترینیان:

١. جیاکاریی خاوەن نیشانە و بەڵگەی مەعنەوی لە ئاستی ڕەزامەندیی ئەرکداریی ڕاگەیاندنکاران هەیە لە دامەزراوەکە بە جیاوازیی سروشتی کارکردن کە ڕاگەیاندنکار ئەنجامی دەدات، بە جۆرێک کە لای سەرنووسەرەکان زیاتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ وێنەگرەکان.

٢. جیاکاریی خاوەن نیشانە و بەڵگەی ئاماری لە نێوان ئاستی سەرنجی ڕاگەیاندنکار بۆ ژینگەی کارکردن لە دامەزراوەکە و ئامادەسازییە ڕاگەیاندنکارییەکان کە بەدەستی هێناون هەیە.

٣. پەیوەندییەکی گرێدراوی خاوەن نیشانە و بەڵگەی ئاماری لە نێوان ئاستی ڕەزامەندیی ئەرکداریی ڕاگەیاندنکار لە دامەزراوەکەی و شێوازی سەرکردایەتییەکەی لە دامەزراوەکەدا هەیە.

**توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامانە گرنگانەی خوارەوە:**

١. توێژینەوەکە ئەوەی روونکردەوە، کە (٧٠.٤%) ی نمونەی توێژینەوەکان خولی مەشق و ڕاهێنانیان بینیوە، ئەوەش ئەنجامێکی باشەو ئاماژەیە بۆ بەدەستهێنانی زانین و کارامەیی نوێ، شانبەشانی بوونی (٢٩.٦%)ی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە بێبەشبوونیان لە دەرفەتی بەشداریکردنیان لە خولی ڕاهێنان و مانەوەی زانینەکانی پێشووتریان بەبێ هیچ نوێکارییەک.

٢. توێژینەوەکە ئاراستەیەکی گشتی بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دابینکردنی ژینگەی کاری کارگێڕی ناوخۆیی ئەرێنی لە دامەزراوە رۆژنامەنووسییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک، کە دامەزراوەکان بایەخێکی زۆریان بە تەکنەلۆژیا دەدات لە کارو هەوڵی بە هاوشانی رۆیشتن دەدەن لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژی. (مجید صالح عزیز، ٢٠١٣).

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

### ١. توێژینەوە کوردستانیەکان

- **توێژینەوەی (دیاری عوسمان عارف)**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی وەسفی یە، کێشەی توێژینەوەکە بریتی یە لەوەیە، کە بەو پێیەی ئەزمونی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی بەڕێوەبردن لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا ئەزمونێکی زۆر کەمە، هەروەها چۆنیتی بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستانە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە هەموو ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە، کە لە ناو هەرێمی کوردستاندان و پەخشی پەیامەکانیان دەکەن، هەروەها نمونەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم کەسە کارگێڕیەکانی ئەو چوار کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە (کوردستان تیڤی، کوردسات، زاگرۆس، گەلی کوردستان)، کە (٧٤) کەسەن.

توێژینەوەکە کۆمەڵێک گریمانەی خستۆتە ڕوو لە گرنگترینیان:

١. کەسە کارگێڕییەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکان هەرێمی کوردستان کەسانی بە تواناو خاوەن ئەزموونن.

٢. بە یەکسانیی مامەڵەکردن بنەمای کارکردنی کارگێڕییە لە کەناڵەکاندا.

٣. کارگێڕیی دارایی لە کەناڵەکاندا بە شێوازێکی سیستەماتیکی پەیڕەو دەکرێت.

**ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە، چەند دەرئەنجامێکی گرنگ ئەمانیش:**

١. ڕەگەزی مێینە لە پۆستە کارگێڕییەکانی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییانەی هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە.

٢. تەمەنی بەڕێوەبەر و کەسە کارگێڕییەکانی ئەو کەناڵانە، وەک ئەوەی ئێستا هەیە خاڵێکی پۆزەتیڤی ئەو کەناڵانەیە.

٣. ئاستی خوێندەواری و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەو کەسانەی لە بواری کارگێڕی کەناڵەکاندا کاردەکەن نزمە و لە ئاستی پێویستدا نین. (دیاری عوسمان عارف، ٢٠١٠).

## ٢. توێژینەوە عێراقییەکان

### ◆ توێژینەوەی (محمد صاحب سلطان)

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە ڕێبازی رووپێوی بەستووە بە مەبەستی وێناکردنی واقیعی پیادەکردن بە کردار بۆ رۆژنامەی (الجمهوریە) و زانینی ئەو شێوازانەی، کە لە هەڵسوکەوتی سەرکردایەتیی کارگێڕیدا دەگیرێنەبەر. توێژەر لە پەیامی توێژینەوەکە دیاریکردنێکی ئاشکرای بۆ گرفتی توێژینەوەکەی لە رێگەی رستەیەکی دیاریکراو، یان چەند خاڵێک بەدی نەکرد، بەڵکو ئەو بابەتەی بە شێوەیەکی گشتی بە پێشکەشکردنی بیروباوەڕەکانی خۆی لەو لایەنەوە تاوتوێ کرد.

**توێژەر دوو جۆرە ئەنجامی دیاری کرد، ئەنجامی توێژینەوەی تیۆری و ئەنجامی لایەنی پیادەکاری، لە نێو ئەنجامی لایەنی پیادەکاری ئەمانە دەخەینەڕوو:**

١. توێژینەوەی مەیدانی بوونی پەیوەندیی مەعنەویی نێوان رێگەی ئەنجامدانی کاری سەرکردە رۆژنامەنووسییەکان و توانا و بەرپرسیارێتیی ئەوانەی خوارووتر لە کاردا، ئەمەش پێویستیی بە دووبارە سەرنجدان لە رێگەی هەڵبژاردنی سەرکردە رۆژنامەنووسییەکان هەیە لە رێکخراوی رۆژنامەنووسی و چۆنیەتیی ئامادەکردنی بە جۆرێک کە توانای ئەنجامدانی کار و داهێنان و رەفتاری لە کارکردندا گەشە پێ بدات.

٢. لاوازیی پەیوەندیی مەعنەویی نێوان رێگەی ئەنجامدانی کاری سەرکردەکان و ئارەزووی کارمەندان لە کارکردن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوازیی کاریگەریی سەرکردەیی لە هێنانەدیی ئەو ئارەزووانە.

٣. لاوازیی کاریگەریی سەرکردایەتی کارگێڕیی رۆژنامەنووسی لە پاڵپشتی کردنی نەریتەکانی کار لە دەزگا رۆژنامەنووسییەکەدا. (محمد صاحب سلطان، ٢٠٠١).

### ◆ توێژینەوەی (سحر خلیــفە سالم الجبوری)

لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی حالەیە، کێشەی توێژینەوەکە ئەو گرفت و ئارێشەیەی دەورووژێنرێت بۆ دۆزینەوەی پرۆگرامێکی گونجاو، کە لە رێگەیەوە ئەو تاقیکردنەوەیەی لە دەزگا رۆژنامەنووسییە عێراقییەکانەوە تێپەڕیوە بخرێتە ژێر ڕکێف و ئەو تاقیکردنەوەیە لە رێگەی ملکەچکردنی کارگێڕییەکەی و کارمەندەکانییەوە بۆ توێژینەوەیەکی کرداری بەپێی بنەما گەلێکی پرۆگرامیی ئەکادیمیانە، کە رێگە بە گەیشتن بە ئەنجامەکان بدات، کە سوودمەند بن.

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە سەرکردە پەیوەندیدارەکانی بەشەکانی نووسین لە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان، لەبەر ئەوەی ئەوانە بەرپرسیارێتیی سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنی دەزگاکانیان لە ئەستۆیە، هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە بەشەکانی نووسین (ڕۆژنامەنووسان) لە (هەواڵسازان، نێردراو، پەیامنێران، وێنەگران، هەڵەچن، وەرگێڕ، نەخشەسازەکان)یشی گرتەوە، کە ئەوانیش کادیری بەرهەمهێنەر و ئامادەکاری بابەتی ڕۆژنامەنووسین.دەزگای (المدى) یەکێکە لە دەزگا سەربەخۆکان و خاوەندارێتیی تایبەتی هەیەو جگە لەوەش هەردوو دەزگاکە (الصباح والمدى) بە سیستەمی دامەزراوەیی کاردەکەن و هەردووکیان دوو لایەنی سەرەکی لە ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا پێکدەهێنن لە رووی (پێدانی پارە لەلایەن حکومەتەوە، پێدانی پارەی سەربەخۆ).

**توێژینەوە گەیشتە دەرئەنجامی ئەوەی،** کە میکانیزمێکی ڕێکخراو نەبووە بۆ وەرگرتنی بڕیار لە ڕۆژنامەی (الصباح). هەروەها شێوازی ڕۆژنامەی (الصباح) بە ناوەندێتی لە کارەکانیدا ناسراوە، چونکە سەرکردەکانی لە وەرگرتنی بڕیاری تایبەت بە کاروباری نووسین پشت بە ڕاوێژکردن دەبەستن لەگەڵ کارگێڕیی نووسیندا بۆ بەدەستهێنانی ئەم دەستەیە بە بەرزترین پلە بە ڕێژەی (٥٨.٣%) بووە. یاخود پابەند نەبوونی کارگێڕیی (المدى) بە گرتنەبەری ڕێبازی دیاریکراو لە شێوازی کارگێڕی، چونکە شێوازەکەی لە نێوان ناوەندێتی و نا ناوەندێیتیدا لە هەڵبەز و دابەزدا بوو. جیا لەمانەش بوونی شکستێکی ئاشکرا لە ڕۆژنامەی (المدى) تایبەت بە دابەشکردن و ژمارەی کارمەند لە ڕۆژنامەکە، چونکە لە ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی کارمەندان لە ساڵی ٢٠٠٣ بەرزتر بۆوەو پاشانیش لە ساڵەکانی (٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨) جارێکیتر نزم بۆوە، تاکو جارێکیتر لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستی بە بەرزبوونەوە کردەوە. (سحر خليـــفه سالم الجبوری، ٢٠٠٩).

### ٢. توێژینەوە عەرەبییەکان

- **توێژینەوەی (عبدالجواد سعيد محمد)**

توێژینەوەیەکی ڕووپێویە، گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕووپێوکردنی توێژینەوە پێشینەییەکان لە سەر بابەتەکە. هەروەها بایەخی سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان و پەیوەستبوونیان بەو کۆمەڵگایەی، کە ڕۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە تەواوی ڕۆژنامە میسرییەکان، نمونەیی توێژینەوەکەش بریتی یە لە هەردوو دەزگای (دار اهلال و روز اليوسف).

**له گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

١. ئەنجومەنی کارگێڕیی دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکە تایبەتمەندە بە کێشانی ئەو سیاسەتە گشتییەی، کە دەزگاکە لە سەری دەڕوات.

٢. سەبارەت بە تایبمەتمەندییەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی دەزگای ڕۆژنامەنووسی، سەرپەرشتیی تەواو هەموو لایەنەکانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە خۆدەگرێت، کە دەزگاکە ئەنجامیان دەدات.

٣. سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی دەزگاکە لە رووی یاساییەوە نوێنەرایەتی دەزگاکە دەکات لە بەردەم لایەنە حکومییەکان و مافی دانوستانیشی بەناوییەوە هەیە، هەروەها مافی ئەوەیشی هەیە، کە کەسانی دیکە لە جیاتی خۆی دابنێت.

٤. توێژینەوە مەیدانییەکە ئەوەی سەلماند، کە بازاڕی ڕۆژنامەگەریی میسری، تا ئێستاش زۆرێک لە ڕۆژنامەی هەفتانە لەخۆدەگرێت، هەرچەندە ئەو بازاڕەش نەگەیشتبێتە پلەی تێربوون سەبارەت بە دابەشکردنی ڕۆژنامە .

٥. لە زۆربەی دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکاندا چالاکیی کارگێڕیی پەیوەندییە گشتییەکان بوونیان نییە. (عبدالجواد سعید محمد، ١٩٨٩).

- **توێژینەوەی (فیصل بن جاسم بن محمد الآحمد ال ثانی)**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە، گرفتی توێژینەوەکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، لە سۆنگەی ئەوەی کە کەناڵی ئاسمانیی (الجزیرە) بە گرنگترین دامەزراوە ڕاگەیاندنە تایبەتمەندەکان دادەنرێت و پێگەیەکی دیاری لای رای گشتی عەرەبی هەیە، بۆیە جێگای ئەوەیە، کە توێژینەوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی کارگێڕیی ناو کەناڵی (الجزیرە) بکەین، تاکو هەڵوەستە لەسەر بایەخی و چۆنیەتی پیادەکردنی (کارگێڕیی نایابکاریی هەمەلایەنە لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان بە پیادەکردنی لە سەر کەناڵی ئاسمانیی جەزیرە) بکەین. کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە بەرپرسانی کارگێڕییە باڵاکانی کەناڵی (الجزیرە)ی ئاسمانی پێکدێت، کە ژمارەیان (٥٠) یەکەیە، تێکڕای کۆمەڵگای توێژینەوەکەش هەڵبژێردرا، کە هەر (٥٠) یەکەکەی گرتەوە.

توێژینەوەکە چەند گریمانەیەکی خستۆتە ڕوو بریتین لە:

١. پەیوەندیی لە نێوان نەخشەسازیی ستراتیژی و ئاستی کاری کەناڵی جەزیرەدا هەیە.

٢. پەیوەندی لە نێوان کارگێڕیی نایابکاریی هەمەلایەنە و ئاستی کاری کەناڵی جەزیرەدا هەیە.

٣. پەیوەندی لە نێوان ڕیساکانی نایابکاریی هەمەلایەنە و ئاستی کاری کەناڵی جەزیرەدا هەیە.

**لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا گریمانەی یەکەم هەڵەدەرچووەو هەردوو گریمانەی دووەم و سێیەم ڕاست دەرچوون و لە چەند خاڵێکدا چەند ئەنجامێکی خستۆتە ڕوو:**

١. بە گرنگی نیشاندانی فەلسەفەی بەڕێوەبردن بە باشترین کوالێتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی باڵای دەزگاکانی ڕاگەیاندن، خستەڕووی ئەو ئەنجامە باشانەی بە هۆی پەیڕەو کردنی بەڕێوەبردن بە باشترین کوالێتی بە دەست دێن.

٢. هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردن و قبولکردنی بنەماکانی بەڕێوەبردن بە باشترین کوالێتی وەک باشترین سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا، ئەمەش بە مەبەستی دامەزراوەیی بوونی ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن.

٣. باش وایە بەڕێوەبەرایەتی باڵا گرنگی و ڕۆڵی بەڕێوەبردن بە باشترین کوالێتی وەک تیۆرییەکی بەڕێوەبردن پەیڕەو کراوی جیهانی تەماشا بکرێت و بەلایانەوە قبوڵ بکرێت، چونکە لە چەندین دەزگای هەمە چەشندا پەیڕەو دەکرێت (پیشەسازی، بازرگانی، بە پەروەردەییەکانیشەوە)، دەبێت ئەوە بزاندرێت، کە ئەم تیۆرە لە زۆر ڕووەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرەو پێش دەبات. (فیصل بن جاسم بن محمد الآحمد ال ثاني، ٢٠٠٧).

- **توێژینەوەی (عادی محمد الدوسری)**

توێژینەوەیەکی وەسفیە، گرفتی سەرەکی خۆی لە گرنگی و ئاستی پەرەسەندنی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان لە نیشتیمانی عەرەبی و چۆنیەتی کارکردن بە ڕۆڵی گەشەپێدانی کارگێڕی دەبینێتەوە، لە میانی پیادەکردنی لەسەر دامەزراوەی تەلەفزیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (العربیە وMBC ) و چۆنیەتی گەشەپێدانی ئەو دامەزراوانە لە رووی کارگێڕییەوە. توێژەر نموونەکانی لە کارمەندانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکەی (MBC) بە گشتی و عەرەبی، کە ٢٥٠ یەکەیە لە هەردوو کەناڵەکە، نموونە هەڵبژێردراوەکان لەم بەشانەی خوارەوەو بەم شێوەیە دابەش کرد ئەوانیش بریتی بوون لە (هەواڵەکان، بەرنامەکان، کاروباری کارگێڕی، گونجاندن، کاروباری هونەری، بەرهەمهێنان، گۆڕینەوەی هەواڵ، کتێبخانە).

**توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی،** کە گەشەپێدانی کارگێڕی کردارێکی بەردەوامی ڕاهێنان و گەشەپێدانی تاکە هەڵبژاردەکانە لە ئامادەکردنیان بۆ پڕکردنەوەی ئەرکە هەنووکەییەکان، یان ئایندەییەکان، کاریش لەسەر دابینکردنی ئاستی بەرزی لێهاتوویی

دەکات، کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکە پێویستەکانی هەیە بۆ هێنانەدیی ئامانجی دەزگاکە. هەروەها لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان تەکنەلۆژیای تەواویان بۆ کاری کەناڵەئاسمانییەکان نییە، چ لە لایەنی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن و ئەزموونەکانیان، یان لە لایەنی کەلوپەل و ئامێرە تەکنەلۆژیی و تەکنیکییە هاوچەرخەکان کە تیایدا بەکاردەهێنرێن، بۆیە بۆ ئەمە پشت بە وڵاتە ئەروپی و ئاسیاییەکان دەبەستێت لە هێنانی تەکنیکی هاوچەرخ و ئامێرەکانیان، هەروەها سوودوەرگرتن لە لە شارەزایان و تایبەتمەندان بە رەگەزە جیاوازەییەکانیەوە لەو بوارەو هەر کەسە و بەپێی تایبەتمەندییەکەی خۆی و ئەو کارەی لە سەری پێویستە ئەنجامی بدات. (عادی محمد الدوسری، ٢٠١٠).

- **توێژینەوەی (خالد شریفی)**

توێژینەوەیەکی وەسفییە، کێشەی توێژینەوەکەی بریتیە لە ئەوەی کە تێبینی کراوە زۆربەی سیستەمی ڕاگەیاندراوەکان تا ئێستا بە پێوەری کارگێڕی کۆن کاردەکەن، بایەخ بەوە نادەن، کە ئێستا ئارەزووی لایەنگیران بەوە دەبێت، کە باشترین بەرهەم پێشکەش بکرێت. بۆیە دەست پێشخەری نەکرێت لە جێبەجێ کردنی وەک سیستەمی کارگێڕی نوێ بۆ دامەزراوە راگەێندراوەکان بە شێوەیەکی راست و دروست بۆ درووست کردنی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی دیار و بەم شێوەیە ناکرێت تەنها داکۆکی لە سەر لایەنی ڕاگەیاندن بکرێتەوە بەڵکو دەبێت هاوسەنگی بکرێت لە نێوان لایەنی ڕاگەیاندنو کارگێڕی.

توێژینەوەکە چەند گریمانەیەکی خستۆتە روو بریتین لە:-

١. گرتنە خۆی کارگێڕی نایابکاری گشتگیر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵەیەکی گەورەی سەرکەوتن و دیار دەبەخشێت.
٢. جێبەجێ کردنی کارگێڕی نایابکاری لە سیستەمی ڕاگەیاندن وای لێدەکات، کە بەرامبەر بە ململانێکارانو مەترسی بازار بووەستێتەوەو هێزی خۆگونجاندنی پێدەبەخشێت، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئەمرۆ بگونجێت.
٣. گەشتی ڕۆژنامەی (الخبر) بۆ ئەم ئاستە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ڕۆشنبیری نایابکاری گشتگیر لە هەموو چالاکییەکانییان ڕەچاو کردووە.

**هەروەها توێژینەوەکە کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرنگی خستۆتە روو لە گرنگترینییان:**

١. کارگێڕی نایابکاری (گشتگیری) بە دەستپێکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی کارگێڕی دادەندرێت، کاتێک یارمەتی دەر بوو لە بیر و توێژینەوەی سەرکردە کارگێڕی نایابکاریی لە دانانی بچینەیی ئەو فەلسەفەیە و چۆنیەتی و خستنەوەی لە دامەزراوەکە.

٢. ڕەچاوکردنی کارگێڕی نایابکاری ئارەزوو دەکات بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری بچینەیی لە پەرەوکردنی کارگێڕی کۆن و کارکردن لە پێشخستنی ڕۆڵی دامەزراوەکە.

٣. ئەنجامی فۆرمی ڕاوەگرتن دەریخستووە، کە بوونی ڕۆشنبیریی نایابکاری لە دامەزراوەیی (الخبر) نیشانەکانی روون و ئاشکرا بووە لە وەڵامەکانی لێکۆلەرەوەکانی و زانیاریان هەبووە بە فەلسەفەی، چوار چێوەی گشتی و کارگێڕی جۆری و گشتگیری. (خالد شریفی، ٢٠١١).

- **توێژینەوەی (اسماعیل عبدالكريم حمه كريم)**

لە چوارچێوەی توێژینەوەی وەسفی یە، کێشەی توێژینەوەکە بریتی یە لە لە ئاستی کاریگەریێتیی هۆکارە کارگێڕییەکاندا گەمارۆدراوە، کە ژینگەی سیستەمی ناوخۆی ڕۆژنامەنووس پێکدەهێنێت و لە سەر پێکهێنانی سیاسەتی نووسینی نموونەیەکی وەرگیراو لە رۆژنامە کوردییەکان: (ڕۆژنامە حزبییەکان و سەربەخۆکان)

توێژەر هەردوو ڕۆژنامەی کوردی (ئاوێنە و کوردستانی نوێ)ی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە شیکاری و مەیدانییەکەی هەڵبژاردوە، بە دابەشکردنی یەکسانی ڕاگەیاندنکارانی هەردوو رۆژنامەی (ئاوێنەو کوردستانی نوێ)، کە (٥٠) نمونەیی توێژینەوە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ و (٥٠) نمونەی دیکەش لە رۆژنامەی ئاوێنە، لە کۆیی ئەو رێژەیە (٨٤) ڕاگەیاندکار وەڵامیان داوەتەوە، (٤٤) لە رۆژنامەی کوردستانی نوێو (٤٠) لە رۆژنامەی ئاوێنە.

جگە لەمەش ئەم توێژینەوە پشت بە کۆمەڵێک گریمانە بەستووە لە گرنگترینییان: پەیوەنییەکی گرێدراوی لە نێوان ئامانجەکانی سیاسەتی نووسینو هۆکارە کارگێڕییە کاریگەرەکان لای رۆژنامە کوردییەکان لە ڕووی سەرنجی ڕاگەیاندنکارانەوە هەیە. هەروەها پەیوەندییەکی پێچەوانەیی لە نێوان شێوازەکانی خاوەنداریێتی ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو (ئاوێنە- کوردستانی نوێ)و نێوان سیاسەتی نووسین لە ڕووی سەرنجی ڕاگەیاندنکاران لەو رۆژنامانەدا هەیە.

**توێژینەوەک چەند ئەنجامێکی شیکاری و مەیدانی دەرخستووە، بریتین لە:**

١. ئەنجامی توێژینەوە شیکارییەکە بایەخی رۆژنامەکەی بە لایەنگیریکردنو لە ئەستۆگرتنی پرسی کوردی لە هەرێمی کوردستان و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییە مێژووییەکانی کوردستان دەرخست، کە خۆی لە بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا دەبینێتەوە.

٢. سووربوونی رۆژنامەکە و بایەخی بەرگریکردن لە لایەنە جێگیر و نەگۆڕە نیشتیمانی و ئاینی و ئاکارییەکانی کۆمەڵگای کوردییان دەرخست .

٣. زۆربەی نموونەکان بە ڕێژەی (٣٢.١%) لە کۆی نموونەکان، لە میانی خولی هونەرەکانی رۆژنامەنووسییەوە هاتوونەتە ناو بواری رۆژنامەگەرییەوە.

٤. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە ئامانجە سیاسییەکانی نووسینی هەردوو رۆژنامەکە بە پلەی یەکەم هاتوون، لەوانەش ئامانجی (جێبەجێکردنی خواست و پێداویستییەکانی جەماوەری خوێنەر). (اسماعیل عبدالكريم حمه كريم، ٢٠١٤).

- **توێژینەوەی (یادکار علی محمد)**

توێژینەوەیەکی رووپێوییە، کێشەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە شێوازی کارگێڕیی ژوورەکانی هەواڵ لە ناو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا چییە و پەیوەندییان بە چارەسەرکردنی هەواڵەکان و بەرهەمهێنەری هەواڵەکانی ناو ئەو ژوورانە کامانەن. کومەڵگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییەکانن، هەروەها نمونەی توێژینەوەکەش خۆی لە چوار کەناڵ دەبینێتەوە، ئەوانیش: (کەی ئێن ئێن، گەلی کوردستان، سپێدە، پەیام)، کە لە ١٢٠ نمونە پێک هاتووە.

**ئەم توێژینەوەیە پشتی بە چەند گریمانە بەستووە لەگرنگترینییان:**

١. پەیوەندییەکی گرێدراوی خاوەن نیشانە و بەڵگەی ئاماری لە نێوان تەواوکاریی کات لە بڵاوکراوەی هەواڵەکانو نێوان رەزامەندی لە سەر دووبارە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە زیاتر لە جارێک لە بڵاوکراوەکانی هەواڵدا.

٢. پەیوەندییەکی گرێدراوی خاوەن نیشانەو بەڵگەی ئاماری لە نێوان دەستێوەردانی دەوڵەت لە سروشتی ئەو هەواڵانەدا هەیە، کە پەخش دەکرێن و نێوان ئاستی ڕەزامەندیی تاکە بە نموونە وەرگیراوەکان سەبارەت بە سیاسەتی نووسین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند دەرئەنجامێکی دەرخستووە، لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە:

١. ئاستی کاری تاکەکانی نموونەکە لە ئامرازی ڕاگەیاندنی دیکە پێش کارکردنی لەم کەناڵە بە جۆرێک، کە (هەمیشە) بە ڕێژەی (٥٧.٥%)، کەچی (نەخێر) بە ڕێژەی (٤٢.٥%).

٢. ئەو ئامرازانەی کاریان دەکرد، پێشتر تاکەکانی نموونەکان کاریان پێ دەکرد، پێش ئەوەی لەم کەناڵەدا کار بکەن، لە پێشەکی ڕۆژنامەکەدا بە ڕێژەی (٣٣.٣%)، پاشان ڕادیۆ لە پلەی دووەم بە رێژەی (٢٥.٥%).

٣. ئاستی قایلبوونی تاکەکانی نموونەکان لە واقیعی کارکردنی لە نێو خێزانی دەستەی نووسەران لە بڵاوکراوەکانی هەواڵ، بەجۆرێک کە (بەڵێ) بە رێژەی (٧٧.٥%)، کەچی (نەخێر) بە رێژەی (٢٢.٥%) بوو. (یادکار علی محمد، ٢٠١٥).

## چوارەم: گفتوگۆیی توێژینەوەکانی پێشوو

### ١. تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی تیۆری پاسەوانی دەرگا

توێژەر لە میانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە رێگەی توێژینەوەکانی پێشوو، ئاراستەی ئەم توێژینەوەیە دیاری بکات، لە رووی شوێن و کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە چ کۆمەڵگە و نموونە و مێتۆد و گریمانەی بەکارهاتوو، لەگەڵ دەست نیشانکردنی کێشەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە. ئەو توێژینەوانەی لە چوارچێوەی پاسەوانی دەرگان، هەرچەندە لە رووی ناونیشان جیاوازییان هەیە بە تایبەت هەندێک توێژینەوە لە سەر رۆژنامە کراوە وەک هۆیەکی ڕاگەیاندن، ئەوانی دیکەش لە سەر تەلەفزیۆن ئەنجام دراون .

بەشی زۆری لێکۆڵینەوەکان کێشەی توێژینەوەیان لە یەک نزیکە، ئەویش بریتی یە لە ناسینی واقیعی کارکردنی پیشەیی ڕاگەیاندنکار و ژینگەی کاری رۆژنامەنووسی و کاریگەرێتیی لە سەر هەر یەک لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان و گەلێک جاریش ڕاگەیاندنکار دەکەوێتە بەر کۆمەڵێک هەل و مەرج و گۆڕانکاری، کە کاریگەریی لە سەر کارەکانی دەبێت لە ڕووی پیشەی ڕاگەیاندنەوە.

لە توێژینەوەکانی پێشوو بە جۆرێک جیاوازی هەیە، بە تایبەتی لە قەبارەی نمونەکان، بەرزترین قەبارەی نمونە تێزەکەی دکتۆرای (امیر نامق عبدالله)، کە پێک دێت لە (١٩٦) نمونە. هەروەها بچوکترین قەبارەی نمونەش هی توێژینەوەکەی (سامیە احمد هاشم) کە (٦٢) یەکە بووە، کەچی توێژینەوەکەی ئێمە خۆی لە (١٥٦) یەکە دەبینێتەوە.

ئەگەر چی بەشی زۆری توێژینەوەکان ڕووپێوین، بۆ نمونە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (الضمداوی)، لە یەکتر نزیکن، چونکە هەردووکیان لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ڕووپێوین، لە لایەکی دیکەش ڕەگەزی مێینە لە هەردووکیان کەمتر بوە لە ڕەگەزی نێر، بۆ نمونە لە توێژینەوەکەی (الضمداوی) کەمی ژمارەی مێیینە گەیشتە (١٠.٩٦%)، کەچی نێرینە زۆربەی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی گرتەوە بە رێژەی

(٨٩.٠٤%)، لە بەرامبەردا لە توێژینەوەکەی ئێمەشدا ڕەگەزی مێینە بریتیی بوو لە (١٢.٨%)، هەرچی ڕەگەزی نێر بوو بریتیی بوو لە (٨٧.٢%).ئەوەی بایەخدار بێت بە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو، کە لە چوارچێوەی پاسەوانی دەرگان، دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەی پێشوو لە یەک نزیکن و لە چەند خالێک کۆدەکرێنەوە ئەویش پاڵەپەستۆی جۆراوجۆر لەسەر ڕاگەیاندنکار هەیە، ڕەگەزەکانی ژینگەی کاری رۆژنامەنووسی دەرەکی و ناوەخۆ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر هەڵسو کەوتی پیشەی رۆژنامەنووسی و ئاستەکانی کارکردن و رەزامەندیی ئەرکداریی ڕاگەیاندنکاران هەیە.

سودی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، توێژینەوەی لەم جۆرە بکرێت، کە باسی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی بکات لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، چونکە لەم نێوەندەدا ڕاگەیاندنکار کەوتۆتە بەر کۆمەڵێک هەژموون و فشاری جۆراو جۆر و بەشێک لە ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕیش بوونەتە هۆی بەربەست و درووست بوونی پاڵەپەستۆ بۆ سەر ڕاگەیاندنکار، لە بەر ئەم فشارانەش جاری وایە ناتوانێت وەک پێویست کارەکانی خۆی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە بکات و بە پێچەوانەوەش.

## ٢. تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

ئەو توێژینەوانەی لە چوارچێوەی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دەبینبن هەر یەک لە توێژینەوەکان ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە، کە توێژینەوەکە ژینگەی کاری ڕاگەیاندنکار تێیدا بەرجەستە دەبێت، هەر یەکەیەکیشان کێشەیەیەکی دیاری کراو تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام یەک لەو توێژینەوانەی کە زۆر لە توێژینەوەکەمان نزیک بێت لێکۆڵینەوەی (عبدالجواد سعید محمد)ە بە ناونیشانی (النظم الاداریه فی المؤسسات الصحفیه المصریه)، کە کێشەی توێژینەوەکەی بریتییە لە بایەخی سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان و پەیوەستبوونیان بەو کۆمەڵگایەی، کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خالێک هاوبەشە ئەویش ئەنجومەنی کارگێڕیی دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکە تایبەتمەندە بە کێشانی ئەو سیاسەتە گشتییەی، کە دەزگاکە لە سەری دەڕوات، سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی دەزگای رۆژنامەنووسی، سەرپەرشتیی تەواو هەموو لایەنەکانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە خۆدەگرێت، کە دەزگاکە ئەنجامی دەدات.

لەم توێژینەوانەش، کە لە سەر کارگێڕی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی ئەنجام دراون. توێژینەوەی (عادی الدوسری) گەورەترین قەبارە ئەژمار دەکرێت، کە خۆی (٢٥٠) کەس دەبینێتەوە، هەروەها بچوکترین قەبارەی توێژینەوەش هی (فیصل الثانی) کە لە (٥٠) کەس پێک دێت.

بۆ کۆکردنەوەی داتاو بەیاناتەکان و کۆکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان، بەشی زۆری توێژینەوەکان دوو ئامرازی گرنگیان بەکارهێناوە ئەویش (فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن)ە. هەروەها سوود لە سەرچاوەکانی توێژینەوەی پێشوو وەرگیراوە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە.

# بەشی دووەم: کارگێڕی و سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

## باسی یەکەم: کارگێڕی و کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

### ١. پێناسەی کارگێڕی

بەشێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری کارگێڕی پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ زانستی کارگێڕی کردووە، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند پێناسەیەک دەکەین ئەوانیش:

پێشەنگی زانای زانستی کارگێڕی (فریدریک تایلۆر(Fredrick Taylor) [*] ) کارگێڕی بەوە پێناسە دەکات: "ئەو زانینە وردەیە، کە لە پیاوان داوادەکرێت ئەنجامی بدەن، پاشان جەختکردنەوەو دڵنیابوون لەوەی بە باشترین ڕێگەو هەرزانترینیان جێبەجێی بکەن". (عمر حسن مساد، ٢٠٠٥، ص٧).

لە لایەکی دیکەش (هنری فایۆل) (Henri Fayol)[**]، کارگێڕی بەوە پێناسەی دەکات و دەڵێت: "وردەکارییەکانی کارگێڕی رابپەڕێنێت، واتە پێشبینیو نەخشەسازیو کاری ڕێکخستن بکاتو بڕیاریش دەربکاتو ڕێکخەری کارەکان بێتو چاودێریشیان بکات". (د. اميمه الدهان، واخرون، ٢٠٠٥، ص١٤).

هەروەها کارگێڕی بریتییە لە: "هەموو ئەرک و کارانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە دامەزراندنی پرۆژەیەکو دابینکردنی پارەو سیاسەتە سەرەکییەکانیو مسۆگەرکردنی هەموو کەرەستەو پێداویستییەکانو دانانی چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی گشتی، کە کار بۆ هەڵبژاردنی کارمەندە سەرەکییەکانی بکات. (زيد منير عبوی، ٢٠٠٧، ص١٩).

---

[*] **فریدریک وینسلو تایلور:** لە ساڵی (١٨٥٦) لە ویلایەتی فیلادلفیا لە ئەمریکا لە دایک بووە، بە پێشەنگی زانستی کارگێڕیی دادەندرێت، هەندێک کەسیش بە (باوکی رۆحی) ناوی دەبەن، لە ساڵی (١٩٠٣) یەکەم توێژینەوەی بە ناوی (بەڕێوەبردنی وۆرک شۆپ) بوو، هەروەها لە ساڵی (١٩١١) هەڵسا بە دەرکردنی بنەماکانی زانستی کارگێڕی (Proncipal of Management)، کە بابەت و لێکۆڵینەوەو بنەما زانستییەکانی تێدابوو، لە ساڵی (١٩١٥) کۆچی دوایی کرد. سەرچاوە، (مطاوع ابراهيم عصمت، ٢٠٠٣، ص٤٢).

[**] **هنری فایۆل:** زانایەکی فەرەنسییە، لە ساڵی (١٨٤١) لە دایک بووە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازەیە، یەکێکە لە زانا بەرزەکانی قوتابخانەی بەڕێوەبردنی زانستی، خاوەنی کتێبی (کارگێڕی گشتی و پیشەسازی)یە، بە حوکمی پیشە و کارەکەی گرنگی بە کارگێڕی باڵا دەداو خاوەنی (١٤) پرەنسیپی کارگێڕییە، لە ساڵی (١٩٢٥) کۆچی دوایی کرد. سەرچاوە، (Carl A. Rodrigues, ٢٠٠١, p٨٨٥).

(ماری بارکر فولیت) (Mary Parker Follette)[*] بەم جۆرە پێناسەی کارگێڕی دەکات: "هونەرێکە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لە ڕێگای کەسانی دیکەوە"، هاوشێوەی ئەو وتەیەی کە دەڵێت: "جێبەجێکردنی کارەکان لە ڕێگای کەسانی دیکەوە". ( د. علی طاهر اسحاق مبارک، ٢٠١٠، ص١٠٧).

یاخود کارگێڕی بریتییە لە: "دیاردەیەکی مرۆیی ژیرانەیە لە سەر بنەمای وەزیفە گرنگەکانی بەڕێوەبردن بونیاد نراوە، بە ئامانجی کەمترین تێچوو و زۆرترین قازانجو مسۆگەرکردنی پرۆژەکە.

## ٢. گرنگی کارگێڕی

کارگێڕی ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراستەکردنی تواناى کۆمەڵەکان دەبینێت، ئەو گرنگییەش بە زیادبوونی پشتبەستنی کۆمەڵگە بە تواناى کۆمەڵەکان زیاتر دەبێت و زیاتریش ئەو تواناییانە دەچنە ناو پەیوەندییەکانیان و سروشتیشیان ئاڵۆزتر دەکات. (د. علی محمد منصور، ٢٠٠٤، ص٣٩).

بە سەرنجدانێکی خێرا بە پێناسەکانی کارگێڕییدا، جەخت لە سەر بایەخی گەورەی ئەو زانستە دەکاتەوە، ئەو هونەرەیە، کە تەقەلای خۆشگوزەرانیی کۆمەڵ دەداتو خزمەتی ئامانجەکانی پرۆژەکان دەکات. (د. بشیر العلاق، ٢٠٠٩، ص ٢٠).

هەر لەو سۆنگەیەوە کارگێڕی بووە پێویستییەک بۆ تاک لە پێویستبوونی بە چاودێریکردنی کاروباری خێزانەکەی و پێویستیی دامەزراوەکەی بۆ ڕێکخستن و ئەنجامدانی پێداویستییەکان لە سەرمایە. (د. علی عباس، ٢٠٠٤، ص١٥). چونکە کارگێڕی بەشێکی گرنگە لە ژیانداو ئەستەمە دەستبەرداری بیت. هەر لە سەر بنەمای سوود وەرگرتن لە داهاتە بەردەستەکانت، چ لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی ماڵ، یان دوکان، یاخود ڕاپەڕاندنی کارێکی گرنگ. (د. شادی علی الفقیە، ٢٠٠٥، ص٦).

تەنانەت کارگێڕی بۆ تاکەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگاکانو بۆ گەشەپێدانیش گرنگەو ڕەنگدانەوەی شوێنەوارەکانی کارکردنێکی ڕێکوپێک لە سەر ڕێکخراوەکانو کۆمەڵگەکان، کە

---

[*] **ماری بارکر فولیت**: زانایەکی سیاسی ئەمریکییە، لە ساڵی (١٨٦٨( لە دایک بووە، ئەو بنەماکانی لێکۆڵینەوەی دینامیکیەتی کۆمەڵی داناوە، لە نووسینەکانییدا گرنگی داوە بە بەشداری تاکەکان. لە ساڵی (١٩٣٣) کۆچی دوایی کرد. سەرچاوە، (د. حسێن حریم، ٢٠٠٦، ص ٥٦).

ڕێکخراوەکان لە ڕێگەیەوە کاری پێدەکەن‌و دەبێتە هۆی پێشکەوتن‌و باڵاکردنیان. (د. شوقی ناجحی جواد، واخرون، ١٩٨٨، ص١٥).

بە باوەڕهێنان بە گرنگی ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکان لە سەردەمی نوێدا پێیگەیشتوون‌و بە کۆمەڵێک ڕێساو بنەماو شێوازی کارگێڕی بەشدارییان کردووەو چوارچێوەیەکی گشتییان پێکهێناوە، کە دەکرێت لە کاتی پیادەو جێبەجێکردن‌و هەڵسوکەوتی کارگێڕیدا وەکو ڕێنوێنی و ڕێبەری سوودیان لێوەربگیرێت. (د. کامل بر بر، ١٩٩٦، ص٩).

هەر بۆیەش کۆمەڵگە جیاوازەکان بە خێرایی بایەخیان بە ڕەگەزی مرۆییی‌و پێویستبوونی ئامادەکردنی کادیری هونەری‌و کارگێڕیی پێویست دا بۆ ڕابەرایەتیکردنی کاری ڕێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە جیاوازیی تایبەتمەندی و شارەزایی و پاشکۆبوونیانەوە. (د. مدحت محمد ابو النصر، ٢٠٠٧، ص٢٤).

کارگێڕی گرنگی زۆری هەیە بۆ دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامانجانەی، کە پێویستە جێبەجێ بکرێن‌و ڕێکخستنی کارو ئەرک و چالاکی سەرجەم بەشەکان‌و کارمەندان‌و ڕێکخستنی زانستی پەیکەری دام‌و دەزگاکان. هەروەها ئاراستەکردنی چۆنیەتی کارکردنی سەرجەم بەشەکان‌و جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەرکەکان. یاخود چاودێری کردنی وردی دامەزراوەکان‌و هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەرەو پێشبردنی دام و دەزگاکان و دەرکردنی بڕیاری گونجاو لە کات‌و شوێنی گونجاو. (سادق حەمەغەریب، ٢٠١١، ل١١٠،١١١).

## ٣. وەزیفەکانی بەڕێوەبردن

### ٣. ١- پلاندانان

پلاندانان، بەوپێیەی کارێکی مرۆڤایەتییە و پەیوەستە بە هەوڵی کێشانی ڕێگای ئایندەو لە ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتیشدا هەیە لە ڕێکخراوەکانی کارکردن و لە ڕێکخراوە گشتییەکان وەکو یەکە (د. شادی علی الفقیە، ٢٠٠٥، ص٦)، چونکە یەکێک لە لایەنەکانی نەخشەدانان، پێشبینیکردن و تێچوون و دەستکەوتە. (محمود امین زویل، ٢٠٠٧، ص١٢٤).

یاخود گرنگی پلاندانان لە کاری سەرەکی بەڕێوەبەر بریتییە لە بیرکردنەوە، بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە قەیران و هەوڵدان بۆ خۆ بە دەستەوەنەدان بە لێشاوی ئەرکە

دەرەکییەکان بە بێ هاوێرکردنی بایەخەکانیو گەیشتن بە چالاکییە خواستراوەکە. (نادر احمد ابو شیخە، ۲۰۰۹، ص۱۳۳).

کرداری نەخشەدانان پێویستیی بە ئەزموونی بەرز هەیە، دەشێ پلان دانەر پێشتر بەرێوەبردنی پرۆژەی دیکەی بۆ چەند جارێک ئەنجام دابێت، تاکو زانیاری لەسەر ئەو گرفتانە هەبێت، کە دەبنە رێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی لە سەر زەمینەی واقیع. (د. شادی علی الفقیە، ادارە الوقت، ۲۰۰۵، ص۳٦). پلاندانان پشت بە ڕووەکانی چالاکی پەیوەندیکردن دەبەستێت وەکو ئامرازێک بۆ کارکردنە سەر کرداری گۆڕانکاری لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان. (د. فاروق خالد الحسنات، ۲۰۱۱، ص۱٦۰). چونکە بایەخی نەخشەکاری ڕاگەیاندن لە پێشبینی کردنەکانی بۆ ئایندە دەردەکەوێت لەوەی، کە چ گۆڕانکاری و ڕووداوی لە ناکاوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بە جۆرێک ئەو ئامانجانەی دەویسترێت پێی بگەن. (د. عبدالرزاق محمد الدلیمی، ۲۰۱۱، ص۸۲).

هەر بۆیەش دیاردەی (پلاندانانی ڕاگەیاندن)[*]و بەشداری کردنی حکومەتەکان لە بەرپرسیارێتییەکاندا بووەتە یەکێک لە پێداویستییەکانی سەردەم و بەشێکیشە لە پلانە سەرتاسەرییەکانی دەوڵەتان. (د. عیماد محەمەد حوسێن هیلالی، ۲۰۰۵، ل٥٤).

بازنەی بایەخدانی نەخشەدانانی ڕاگەیاندن، تەنها لای نەخەشەدانەرانی ڕاگەیاندن نەماوە، بەڵکو ڕاگەیاندن بۆتە تەوەری بایەخدانی پەروەردەکاران بۆ بەکارهێنانی لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان و تەوەری بایەخی نەخشەدانەرانی گەشەپێدان بۆ ڕێنماییکردنو نەخشەسازیی بیروباوەڕو بەرنامەکانی گەشەپێدان. (د. حمید جاعد الدلیمی، ۱۹۹۸، ص٥٦).

یاخود چاودێری بەردەوام بۆ ڕاپەراندنی کارەکان بە جوانترین و چاکترین شێوەو بە دەست هێنانی ئامانجەکان بە شێوەیەکی روون و دیار بە بێ کەم و کورتی. (کەمال فارۆق، محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری، ۲۰۱۳، ل۲۲۰،۲۲۱).

---

[*] **پلاندانانی ڕاگەیاندن:** د. نەبیل عارف ئەلجەردی پلاندانی ڕاگەیاندنی وا پێناسە دەکات: "وەگەرخستنی توانا ماددی و مرۆیی و میدیاییەکانە لە پێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵێ ئامانجی دیاریکراودا. سەرچاوە، (د. نهبیل عارف الجردی، ۱۹۸۵، ص۲۷۷).

## ٢- ٣. ڕێکخستن

ڕێکخستن بە یەکێک لەو کارانەی بەڕێوەبردن دەژمێردرێت، کە بە تاکی کارکەرەوە پەیوەستە، ڕێکخستنی کارگێڕی، کردارێکی زیندوو و چالاکە لە ڕێکخراوە کارگێڕییەکاندا. (د. موسی اللوزی، عمان، ٢٠٠٢، ٢١×).

ڕێکخستن ئەو چوارچێوەیەیە هەر کۆمەڵە مرۆڤێک تیایدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەجووڵێتەوەو شێوازی هەرەوەزیی مرۆیی لە پێناو هێنانەدیی ئامانجی هاوبەش دەردەبڕێت. (زید منیر عبوی، ٢٠٠٦، ص٢١).

گرنگی سەرەکیش بە ڕێکخستن خۆی لە بەش بەشکردنی ئەو کارەدا دەبینێتەوە، کە دەخوازرێت ئەنجام بدرێت، هەروەها دەستنیشانکردنی کۆمەڵی کارو پێکهێنانی پلەکانی دەسەڵات و دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتو بەرپرسیارێتیدا. (د. هانی عبدالرحمن صالح، ٢٠٠٦، ص٤٦)،.

ئەرکی ڕێکخستن بەدوای هێنانەدیی گونجاندن و ڕێکخەری نێوان هێزەکانی کارو دەرامەتە بەردەستەکاندا دەگەڕێت. (سنان الموسوی، ٢٠٠٤، ص٢٦).

ڕێکخستن ئامرازێکە بۆ راپەڕاندن و ئەنجامدانی کارەکان، نەک ئامانجێک بێت بۆ خۆی، چونکە ڕێکخستن ئەو ئامرازەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەکرێ بگەینە ئامانجە خواستراوەکان بە شێوەیەکی باش و کاریگەر. (محمد قاسم القریوتی، ٢٠٠٠، ص٣٥).

جگە لەوەش ڕێکخستن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ قەوارەی ڕێکخستنە کارگێڕییە تایبەتی و گشتییەکان لە زیادبووندایە. (د. محمد قاسم القریوتی، ٢٠٠٤، ص٢١٩).

هەر بۆیە ڕێکخستن بە گرنگترین بنەمای زانستی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت. (د. عدلی سید محمد رضا و د. عاطف عدلی العبد عبید، ٢٠٠١، ص٥٥).

کەواتە هەر بەڕێوەبەرێک پێویستیی بە ڕێکخستنی ئەوانەی لای کار دەکەن هەیە، بەشێوەیەک ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی هەموویانەو ئامانجەکانی دەزگاکەش دەهێننەدی ئەنجام بدەن. (د. عبدالرزاق محمد الدلیمی و د. کامل خورشید مراد،٢٠١٠، ص١٥).

هەروەها ڕێکسختن وەکو ئەرکێکی کارگێڕی بنەڕەتی پشت بە زانیاری گەلێک دەبەستێت، کە سروشتی پەیکەری کارگێڕی و ڕێکخستنی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و دەزگاکانی دیکە دیاری دەکات، کە پەیوەندیدارن بە دەزگاکەوە، هەروەها ئەو زانیارییانەی، کە یارمەتیی دابەشکردن کارو ئەرکەکانی نێوان بەشە کارگێڕییە جیاوازەکان دەدەن. (د. عامر ابراهیم قندیلجی، ٢٠١١، ص٦٩).

### ٣ - ٣. چاودێری

چاودێری گەوهەرو کرۆکی کرداری کارگێڕییە. (د. سمیر احمد عسکر، ١٩٩٧، ص٣٩٣). بۆیەش هەموو پرۆژەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە نەخشەسازییەکان جێبەجێ کراون و ئەنجامە خواستراوەکانیش هاتوونەتەدی پێویستیان پێیەتی. (د. محمد عبدالفتاح الصیرفی، ٢٠٠٦، ص٢٢٣).

ئەرکی چاودێری لەخۆگرتنی ئەو چالاکییانەیە کە نەخشەسازییان بۆ دەکرێت، تاکو ڕووداوەکان ناچار بکات کە لەگەڵ نەخشەدانراوەکاندا بەڕێوەبچن. (جمیل احمد توفیق، ١٩٨٦، ص٧٠).

گرنگی چاودێریش لە کارگێڕی گشتیدا لە ڕووی کردارییەوە ئەوە دەگرێتەوە، کە مەزن بوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا و پارێزگاریکردنی ئاسایش و بەرگری و هێنانەدیی دادپەروەری لە نێوان هاووڵاتییاندا. (زید منیر عبوی و سامی محمد هشام حریز، ٢٠٠٦، ص١٧٦).

وێڕای ئەوەی، کە بایەخی چاودێری لە پەیوەندی لەگەڵ هەر یەک لە نەخشەدانان و ڕاستکردنەوەو وەرگرتنی بڕیاردا سەرچاوە دەگرێت. (د. حسین حریم، ٢٠٠٦، ص٣٠٣)، کەچی هیچ مشتومڕێک لە سەر گرنگی چاودێریدا نییە، چونکە چاودێری بە پلەی یەکەم ئەرکێکی کارگێڕیی شەونخونیکارە لە سەر باشترکردنی بەڕێوەچوون و پیادەکردنی ئەرکەکانی دیکە. (حسن ابراهیم بلوگ، ٢٠٠٥، ص٤٥٦).

"چاودێری لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن زۆر گرنگە، چونکە بەشێک لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن (چاودێر)[*]یان دەخرێتە سەر، چ لە لایەن خاوەندارێتی کەناڵەکە، کە تەمویلی

---

[*] جگە لەمەش چاودێریی دادوەری بە دابینکاری کرداریی ئازادی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، چونکە دەسەڵاتی دادوەریی باو لەسەر سەربەخۆیی دادگاو تواناو ئازادیی و لێهاتووییەکانیان دەستەبەری پەرەسەندن و دڵنیایی و پێگەیشتنی ڕۆژنامەوانی دەکات، هەر ئەویش وەڵامی لە گرێژنەدەرچوونی یاسادان دەداتەوە دەرهەق بەو لادەرانەی کە ڕێگری لەو ئازادییە دەکەن. سەرچاوە، (د. محمد منیر حجاب،٢٠١٠، ص٥٨).

-چاودێریی ڕۆژنامەنووسی، بۆ خۆی ڕەفتارێکە هەموو ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێ پشتی پێ ببەستێت، ئەگەر بیەوێ وەکو پیشەو بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی سروشتی مامەڵەی لەگەڵ بکات و لە سەر دوورخستنەوەی ڕەخنەگرتن لەو شتەی، کە دەبێ ڕەخنەی لێ بگیرێت. سەرچاوە، (بسام عبدالرحمن المشاقبە، ٢٠١٤، ص٣٦).

دارایی دەزگاکە دەکەن، یان دەوڵەت خۆی سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆو خاوەنداریەتی ئامرازەکانی وەشاندن و بڵاوکردنەوە دەکات. (توێژەر)

زۆر گرنگیش نییە، کە ئەو لایەنەی بە چاودێریکردن هەڵدەستێت، لایەنێکی دەرەکی، یان کەسێک بێت لە دەرەوەی کاری رۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن، بەڵکو سەرنووسەرو ئەوانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن لە هەندێ وڵات بەم ئەرکە هەڵدەستن لە پشکنینی چاپەمەنییەکان، یان سڕینەوە، یاخود هەموارکردنی، بە ڕێگەدان بەوەی بڵاودەکرێتەوەو ئەوەی قەدەغەیە بڵاوبکرێتەوە. (ایناسو رامونه، ٢٠٠٩، ص٦٦).

## ٤- ٣. ئاراستە کردن

(ئاراستە کردن) بە یەکێ لە وەزیفە سەرەکییەکان و زەحمەتەکانی بەڕێوەبەر دادەنرێ، چونکە کۆمەڵێ پێداویستی و سیماو خەسڵەتی تایبەتی سەرکردایەتی لە خۆ دەگرێ. هەر بۆیەش (ئاراستە) وەزیفەی چوارەمی کارگێڕییە دوای ئەرکی وێنەکێشان و دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی مەبەست و ئامانجی چالاکیی ڕێکخراوی هەردوو ئەرکی نەخشەدانانو ڕێکخستن. (د. صبحي جبر العتيبي، ٢٠٠٤، ص١٧١).

هەر ڕێکخراوێک کۆمەڵێک کەس لەخۆدەگرێت، ئەرکی کارگێڕیش بریتییە لە ئاراستەکردنو گونجاندنو ڕێکخستنی نێوان ئەو کەسانە. (د.سيد محمد جاد الرب، ٢٠٠٥، ص٤). ئاراستەکردن بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کارگێڕی دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەیەوە دەکرێ فەرمان و ڕێنماییەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکان ئاراستە بکرێن. کرداری ئاراستەکردن بەر لە جێبەجێکردنی کارەکان دەست پێدەکاتو لە کاتی جێبەجێکردنیشدا لەگەڵیدا بەردەوام دەبێتو کۆتایشی نایەت، هەتا کۆتایی بە جێبەجێکردنی کارەکە نەیەت. (د. سلامه عبد العظيم حسين، ٢٠٠٦، ص٦٣). هەر بەڕێوەبەرێکیش لە شوێنی خۆیەوە ئەرکی ئاراستەکردن ئەنجام دەدات، ئەوەش لە ڕێگەی پێدانی ئاراستەو ڕێنیشاندانو دەرکردنی ڕێنماییو فەرمانی کارگێڕیی گونجاو. (د. موفق حديد محمد، ٢٠٠١، ص٣٥).

(ئاراستەکردن)[*] بایەخ بە لایەنی مرۆڤایەتی لە کرداری کارگێڕیدا دەدات و پاشان توانای بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کارانەدا لە میانی ئاراستەکردنی کارمەندان بە بەکارهێنانی شێوازی سەرکردایەتییەکی نموونەیی جەمسەر بەند دەبێت و لە ڕێگای باشترین شێوازی پەیوەندیکردنەوە. (د. محمود علم الدین و د. امیرە العباسی، ٢٠٠١، ص٢٥٢).

هەندێ جار لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا دەبینین هەندێ بڕیاری سادە هەن، وەک ئەوانەی پەیوەستن بۆ نموونە بە ڕاسپاردنی نووسەرێک لە رووماڵکردنی هەواڵێک، یان هەڵبژاردنی هەواڵی ڕۆژانە بۆ بڵاوکردنەوە، یان بەرزکردنەوەی ڕاگەیاندنکاران و پێدانی مۆڵەت پێیان، یاخود گواستنەوەی کارمەنێک لە لقێکەوە بۆ یەکێکیترو ..تاد. (د. محمد فرید محمود عزت، ١٩٩٣، ص١٢٩).

## ٥- ٣. کارگێڕی کات

گرنگی (کارگێڕیی کات)[*] لە خودی بایەخی کاتەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت، لە بەر ئەوەی یەکێکە لەو دەرامەتە بنەڕەتییانەی، کە پێویستە وەبەربهێنرێتو بە باشترین شێوەو ڕێگا سوودی لێوەربگیرێت. (ایناس اکرم الحناوی، ٢٠١١، ص٣٩).

بۆیە هەندێک بەڕێوەبەر لە ژێر بیروباوەڕێکدا کار دەکەن، کە کاتی تەواویان نییە بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێک، دواتر پەنا دەبەنە بەر کارکردن بە شێوەی خێراتر، بەڵام لە زۆر

---

* **وەزیفەی ئاراستەکردن:** وەزیفەیەکە پەیوەستە بە چەند لایەنێکی گرنگ و کاریگەری وەک: (سەرکردایەتیکردن، پەیوەندییەکان، پرۆسەی بڕیاردان، هەروەها هاندان "تحفیز"). کە سەرجەمییان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ئیدارەوە تا کۆتاییەکەی مومارەسە دەکرێن. سەرچاوە، (دیلمان محەمەد سابیر، ٢٠١٤، ل٢٤٦).

**ئاراستە:** بریتییە لە "ڕایەکی ئیجابی یان سلبی بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی پێک دێت، سەبارەت بە کەسێک یان کۆمەڵێک یان بابەتێک یان ڕووداوێک وامان لێدەکات، کە هەڵوێستێکی فیکری یان ڕەفتاری وەربگرین لەگەڵ شتەکە یان لە دژی، زیاتر نەرم دەبێت". سەرچاوە، (عادل شاسواری، ٢٠١٣، ل٢٨٨).

(*) کارگێڕی کات: بریتییە لە کارگێڕییەکی دروست و کارای دەرامەت و کادیرە مرۆییەکان و ڕەهەندی باڵاو پێویست بۆ پێشکەوتن و باڵابوونی گشتی بۆ هەر یەکێک لە کرێکارانی پرۆژەکەو خودی پرۆژەکەش دەبەخشێت. سەرچاوە، (د. ربحی مصطفی علیان، ٢٠٠٥، ص٣١).

باردا کاری خێرا کێشەی لێدەکەوێتەوە، بەمەش بەڕێوەبەر دەکەوێتە هەڵەوە. (رافت حسين شاكر الهور، ٢٠٠٦، ص٢٦).

لێرەوە گرنگی کات و پێویستیی دانانی چارەسەری پیشەییو یەکلاییکەرەوەی گرفتی کارگێڕیی کات لای بەڕێوەبەرەکان و لە بەرچاوگرتنی بایەخەکەی دەردەکەوێت، چونکە ئەو کارانەی کە بەڕێوەبەرەکان لەمیانی کاتەکانیان ئەنجامی دەدەن گرنگ نین، بەڵکو گرنگ بەدەستهێنانی دەرئەنجامانن لەو کاتانەدا. (د. بسيونى محمد البرادعى، ٢٠٠٤، ص٢٨). کارگێڕی کاتی سەرکەوتوو لە بواری گۆڕەپانی پەروەردەو ئەوانیتردا، هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی دەزگاکەو کارگێڕییەکەیو کرێکارەکانی بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی. (محمد احمد محمد الغامدى، ٢٠٠٨، ص٣٩)،

کات لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، چونکە سروشتی کارکردن تیایدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە خێراییو سووربوون لە نوێکاریی هەواڵو زانیاری دەبەستێت. (نسيم الخورى، ٢٠٠٥، ص٢٣١). هەر بۆیەش کات زۆر گرنگە، بەڵام نابێت هەندێ جاریش خۆمان ببەستینەوەو بڵێین کات لە هەموو شتێک گرنگترە، نەخێر تۆ بگە بە ئامانجێکی باش و دەرئەنجام و ریپۆرتاژێکی باش بەرهەم بهێنە، رەنگە کات بە لای خەڵک و خوێنەرەوە گرنگ نەبێت. (شالاو جەعفەر، ٢٠١٢، ل١٦،١٧).

هەروەها بەڕێوەبردنی کات لە ڕێوشوێنە گرنگەکان لە دامەزراوەیەکی وەکو تەلەفزیۆن، لە بەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات، چونکە زۆرێک لەو ڕووداوانەی کە تەلەفزیۆن بایەخیان پێ دەدات، پێشتر ئامادەسازییان بۆ نەکراوە، کارکردن لە تەلەفزیۆن پشت بە پێشینەیی ڕۆژنامەنوسی و ڕاکردن بە دوای ڕووداوە لە ناکاوەکان، یان ئەوانەی پێشتر ڕێکخراون دەبەستێت. (حمزە، ٢٠٠٧ ص٥٢).

### ٦- ٣. کارگێڕیی داهێنان

بایەخی داهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامرازێکە بۆ پەرەسەندن و نوێبوونەوەو داهێنانی ڕێگاو چارەسەری نوێی گرفتەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانەو دابینکردنی کات و تواناو تێچوون، دەرئەنجامی داهێنانیش دەربڕی ئەو شارستانییەتەیە، کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، چونکە ئەگەر داهێنان و داهێنکاری نەبێت، ئەوا ژیان بە شێوە سەرەتایەکەی دەمێنێتەوە. (ديلمان احمد عزيز، ٢٠١١، ص٧٧).

لە لایەکی دیکەش کۆکردنەوەی بیروباوەڕی نوێ و داهێنەرانە بەبێ پیادەو جێبەجێکردنیان هیچ سوودێکیان نییە، باشتر وایە بیرۆکەکە لە سەر ژمارەیەکی کەم و

بەرتەسکی خەڵک پیادە بکرێت و راوبۆچوون و پێشنیارەکانیان وەربگیرێت، پاشان بیرۆکەکە بەسەر دەزگاکە بە تەواوی پیادە بکرێت. (د. جمال خير الله، ٢٠٠٩، ص١٣٤).

داهێنان لە سەر تایبەتمەندیی کارگێڕیی ڕاگەیاندن خەسڵەتێکی نامۆ نییە، بەڵکو زۆر پێویستە، کە یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکان پێکبهێنێت کە کارگێڕی ئاماژە بۆکراو لە کارگێڕییەکانی دیکە جوودادەکاتەوە. (حميد جاعد محسن الدليمي، ٢٠٠٢، ص٨٥).

کاری ڕاگەیاندن بە داهێنان دەناسرێتەوە، هەر کاتێکیش بابەتی رۆژنامەنووسی نەبوو بۆ داهێنان، ئەوکاتە نابێتە بابەتی رۆژنامەنووسی، رۆژنامەنووسی داهێنەریش ئەوەیە، کە کارەکەی داهێنەرانە بێت، ئەگەرنا کارەکەی دەبێتە کارێکی ئاسایی. (سحر خليفه سالم الجبوری، ٢٠٠٩، ص٤٧). هەر بۆیەش کرداری داهێنانی رۆژنامەنووسی، کە چەندین لایەنی جیاوازی چالاکیی رۆژنامەنووس لەخۆدەگرێت، مەرجێکی پێویستە بۆ دۆزینەوەو خوڵقاندن و داهێنانی بەرهەمی رۆژنامەنووسی و مەرجە زانستییەکانی داهێنانی رۆژنامەوانی لە سەر پیادە دەبێت. (د. اديب خضور، ٢٠٠٨، ص٦٥). "داهێنانی رۆژنامەنووس وەکو داهێنانی مۆسیقا، یان هونەری شێوەکاری، یاخود شانۆنووسێک نییە، بەڵکو داهێنانی رۆژنامەنووسییە".(توێژەر) چونکە بەرهەمی داهێنەرانەی رۆژنامەنووسی دەستکەوت و دەرئەنجامی ئەو کارلێکە دینامیکییەی نێوان هۆکارە پیشەیی و رێکخراوەییەکانی نێوان پاڵنەر و هەڵسوکەوتی داهێنەرانەی رۆژنامەنووسی داهێنەرە. (د. حسام محمد االهامی، ٢٠١٣، ص٢٠٩).

هەر بۆیەش داهێنانی رۆژنامەنووسی ڕووبەڕووی ئەو واقیعە بابەتییە دەبێتەوە، کە تیایدا گۆڕانکاری تاکە ڕاستیی جێگیر پێکدەهێنێت. تەنانەت داهێنانی رۆژنامەنووسی چاودێریی ئەو گۆڕانکارییە دەکات و لەگەڵیدا هاوشان دەبێت و وەریشی دەگرێت و لە ڕێگەی هونەرێکی رۆژنامەنووسیی داهێنەرانەوە بۆ جەماوەری بە ئامانجکراو دەگوازێتەوە. (د. اديب خضور، ٢٠٠٨، ص١٥٩).

## ٤. ئەركەكانی رێكخراو:

### ١- ٤. كارگێڕی بەرهەمهێنان

بەرهەمهێنان ئەركێكی بنەڕەتی دەزگاكانە وەک (ئەركێكی دارایی، بە بازارگەری، بەڕێوەبردنی تاكەكان)(*). (دیندار حسین احمد دەرگاڵەیی، ٢٠١٣، ل١٣٦). چونكە (بەرهەمهێنان)(**) بە گرنگترین وەزیفەی رێكخراو دادەندرێت و وەزیفەی ناوەندی لە رێكخراودا پێک دەهێنێت، چونكە ڕاستەوخۆ بایەخ دەدات، بە دیهێنانی ئامانجەكانی رێكخراوەكە، چونكە بەرهەمهێنانی كاڵاو خزمەتگوزارییەكان پاساوی بونیادنانی هەر رێكخراو/ پرۆژەیەكە. (د. محمد ابدیوی الحسین، ٢٠٠١، ص٣). ئەو ڕۆڵەی لە ئێستادا كۆمپیوتەر لە بواری بەرهەمهێنانی رۆژنامەوانیدا دەیگێڕێت لە بەرچاوە، چونكە دەكرێ بوترێت، كە لە زۆربەی قۆناغەكانیدا چۆتە ناو كرداری بەرهەمهێنانەوە. (د. محمود خلیل، د شریف اللبان، ٢٠٠٠، ص٨٧).

هەر بۆیەش لە نێو ئامرازەكانی ڕاگەیاندن هەواڵسازو نووسەرەكان لە بنەڕەتدا پشت بە ئامادەكردنی بابەتەكانی نووسین بۆ سەر شاشەكان دەبەستێت، كە لە قۆناغەكانی ئامادەكردنی بابەتێكی رۆژنامەنووسیدا رێگای كاغەزو بڕین و پێوەلكاندنیان لە قۆناغی مۆنتاژكردن لە ناو هۆڵی بەرهەمهێنانی رۆژنامەنووسیدا بگرێتەوە. (سمیر محمد محمود، ١٩٩٧، ص٧٢).

وەكو زانراویشە، كە بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بەرهەمی كارێكی تاكە كەسی نییە، بەڵكو كارێكی بە كۆمەڵە و تیپێكی تەواوی بەرهەمهێنان لە خۆدەگرێت، كە پێویستیی بە زانینی هەر ئەندامێک هەیە بە كارەكەی خۆی، كە ئەوەش خۆی لە زانینی باشی كردارەكان و ئامێرەكانی بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە. (سعید حامد، ٢٠١٠، ص٤٦).

---

(*) **بەڕێوەبردنی تاكەكان"**: دەربڕینێكە لە زاراوەیەكی لێكدراو، كە بەڕێوەبردن بە شێوەیەكی گشتی مانای چۆنیەتی كاركردنە لە ژینگەیەكی تایبەت لەگەڵ تاكەكانی تر، بە بەكارهێنانی كۆمەڵە دەرامەتێكی بەردەست، لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانی هەر رێكخراوێک لە میانەی كاتێكی دیاریكراودا. سەرچاوە، (د. عصام عبدالوهاب، واخرون، ٢٠٠٧، ل٥).

(**) بەرهەمهێنان: بریتییە لە كرداری گۆڕینی "هێنراوەكان – كەلوپەل، سامان، كرێكار، ئامێر، زانیارییەكان- بۆ كاڵا، یان خزمەتگوزاری". سەرچاوە، ( د. عبدالكریم محسن، د. صباح مجید النجار، ٢٠٠٤، ص٥٨،٥٩).

بەرهەمهێنانی ئێزگەیی و تەلەفزیۆنی بریتین لە (فیلم و بەرنامە تۆمارکراوەکان، جاڕدانە تەلەفزیۆنی و ئێزگەییەکان، هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن و جاڕدانی خزمەتگوزاریی گشتی، دۆبلاژکردنی توانجی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، بابەتە بیستراو بینراوەکان، بەکرێدانی "ستۆدیۆ"(*)ی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیی بەرنامە گفتوگۆییەکان، بەکرێدانی یەکەکانی مۆنتاژکردنی تەلەفزیۆنی و مۆنتاژی بێ هێڵ).

## ٢- ٤. کارگێڕی بازارگەری

گرنگی (بازارگەری)(*) تەنها لەسەر گەیاندنی کاڵا، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەکاربەر، یان سوودەمەندەکان ڕاناوەستێت، بەڵکو کارەکە زۆر لەوە زیاترە. (د. محفوظ جودە، واخرون، ٢٠٠٨، ص٩٨).

(کارگێڕی بازارگەری)(**) لە چالاکییە گرنگەکانی ڕێکخراوە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانە بە شێوەیەکی گشتی، وەکو پەنجەرەیەک وایە، کە لە میانییەوە ڕێکخراوەکە بە سەر ژینگەدا بڕوانێت. (د. عمر عقیلی، واخرون، ١٩٩٤، ص١٥).

هەروەها بازارگەری بایەخێکی زۆر گەورەو ڕۆڵێکی کارای لە پیشەی فەرمانبەرانی فرۆشیاری و مەترسی ژینگەی بازرگانیدا هەیە، تەنانەت گرنگی بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانیش هەیە، چونکە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە قازانجی کۆمپانیاکەدا هەیە. (د. شادی علی الفقیە، ٢٠٠٥، ص١٠).

---

(*)ستۆدیۆ :Studio ئەو شوێنە تایبەتەیە بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی ئێزگەیی و تەلەفزیۆن، چ ئەوانەی بە زیندوویی live و ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت، یان ئەوانەی لەسەر کاسێت تۆمار دەکرێت. سەرچاوە، (د. کرم شلبی، ٢٠٠٨، ص٥٩).

(*) **بازارگەری:** بەوە پێناسە دەکرێت، کە "چالاکیەکی بەرفراوان و هەمەلایەنەیە بە مەبەستی دڵنیاکردنەوەو بەردەوامی پێدان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بەکاربەر و بەرزکردنەوەی بەهای کاڵاو خزمەتگوازرییەکان". سەرچاوە، (بەهادین ئەحمەد محەمەد، ٢٠١١، ل١١٤).

(**)**کارگێڕیی بازارگەری:** بەوە پێناسە کراوە: "کە کرداری شیکردنەوەو نەخشەسازیکردن و جێبەجێکردن و چاودێریی چالاکییە جۆراوجۆرەکانە، بۆ نەخشەسازیکردنی (بەرهەمەکان، نرخ، ڕەواجدان، دابەشکردنی کاڵا، خزمەتگوزارییەکان، بیروباوەڕەکان) بۆ خوڵقاندنی گۆڕینەوە، کە توانای لە سەر تێرکردنی ئامانجەکانی هەر یەک لە تاکەکان و ڕێکخراوەکان هەیە". سەرچاوە، (د. علی الزعبی، ٢٠١٠، ص٤١).

بازارگەری تەنها وەکو چالاکییەک لە چالاکییەکانی دامەزراوەکانی کارە نەریتییەکان نەمایەوە، بەڵکو پێگەیەکی دیاری لە ژیانی ئابووری هەر کۆمەڵگایەک داگیر کرد. بە دەگمەن نەبێ چالاکییەکی داهێنەرانە نابینین، کە بازارگەری شادەماری زیندووی پێک نەهێنێت. (د. محمد صالح المؤذن، ٢٠٠٢، ص٣٩). جگە لە وەش بایەخی بازارگەری بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کۆی تێچووەکان دەردەکەوێت، کە دوا بەکاربەر لە کاتی کڕینی کەل و پەلدا دەگرێتە ئەستۆ. (سلمان المغازەجی، ١٩٩٣، ص١٨).

بازارگەریی ڕاگەیاندن لە ناوخۆو دەرەوەدا خۆی لە گەیاندنی بیرۆکە، یان پەیام، یاخود بانگەشەیەکی دیاریکراودا دەبینێتەوە. مەبەستیش لێی بازارگەری پەیامی ڕاگەیاندنی جیاوازە لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە ئامانجی کاریگەری خستنە سەر جەماوەری رای گشتی. (د. محمود جاسم الصمودی و د. ردینە عثمان یوسف، ٢٠٠٣، ص٥٥،٥٦) بۆیەش چالاکیی بازاڕکاری بۆ خۆی: بریتییە لە فرۆشتنی ڕووبەری جاڕدان و دابەشکردنی رۆژنامە و گۆڤارو فرۆشتنی بەرنامەو فیلم و زنجیرە دراماو هەر هەموو ئەمانەش لەلایەن شارەزا لە بواری بازاڕکاری و پەیوەندییە گشتییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەڕێوەدەچێت. (سحر خلیـــفە سالم الجبوری، ٢٠٠٩، ص٥١).

**٣ - ٤ . کارگێڕیی دارایی**

(کارگێڕی دارایي)[***]ی بەشێکە لە ئەرکە گشتگیرەکانی ڕێکخراوەکان و ئەرکەکانی دیکە لە رووی چۆنیەتی و ناوەڕۆکەکەی جیاواز نییە. (یوسف سلیم النباهین، ٢٠٠٨، ص٣٨). ئەم ئەرکە بەندە بە کارە داراییە جیا جیاکاندا، بەرپرسیارە لە هەڵس و کەوتە داراییەکان کەوا پێویست بە وەرگرتن و گلدانەوەی دارایی و پیادەکردنی بازارگانیەوەو هەیە. (مهابات نوری عەبدوڵڵا و سامی صابر عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ل٢٤٣). لە بەر ئەوەش ئەو ئەرکە داراییەیە کە گرنگی بە ڕێکخستنی بزووتنەوەی دارایی دەدات. (د. عدنان تایە النعیمی، واخرون، ٢٠٠٧، ص١٧).

---

[***]زاراوەی **کارگێڕیی دارایی** ئاماژە بە رووەکانی چالاکیی کارگێڕی، یان کۆمەڵێک ئەرکی کارگێڕی دەدات، کە جوولەی دارایی پێویست ڕێکدەخات بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بە تەواوکارییەکی بەرزەوە. سەرچاوە، (ابراهیم بدر شهاب، ١٩٩٨، ص٤٤).

بۆیە بایەخی "کارگێڕی دارایی(*) لە گرنگی دارایی و سامانەوە دێت. بەو پێیەی گرنگترین ئەرکەکانی دامەزراوەیەک ئەنجام دەدات، چونکە زۆربەی تایبەتمەندان لە کارگێڕییەکانی دامەزراوەکاندا جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە شکستهێنانی هەندێ دامەزراوە بەهۆی بێ توانایی کارگێڕیی دارایی بووە تیایدا". (د. عدنان حقی شهاب زنکنە، واخرون، بدون سنە، ص٢٦٤).سەرمایە ستوونی بنەڕەتی و تەواوکاری چالاکیی مرۆییە لە هەر دەزگایەکدا. (حسین باشان، ٢٠١١، ص٥).

هەر بۆیە تەواوی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەگەر پارتێک یان ڕێکخراوێک یان سەرمایەدارێک تەمویلی لایەنی دارایی نەکات، جگە لە ڕیکلام ئەو دەزگایە ناتوانێت دەست بە وەشان و بڵاو کردنەوە بکات، بۆیە چەند هۆیەک هەن بۆ ئەوەی لایەنی دارایی دەزگاکە پێ پڕبکرێتەوە. وەکو "کرداری چاپکردن کە بە یەکێک لە کۆڵەگە مادییەکانی دامەزراوەی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت، ئەوەش لایەنی پیشەسازیکردنی ڕۆژنامەیە و دەرچوونیشی لە سەر ئەو وەستاوە". (سحر خلیفە سالم الجبوری، ٢٠٠٩، ص١٤٢).

یاخود پاڵپشتی حکومەت، کە شێوەی دەرماڵەی نەختینەیی وەردەگرێت لە بودجەی گشتیی دەوڵەت، یان شێوەی ئاسانکاریی حکومەت وەردەگرێت لە بەدەستهێنانی خاوی پێویست بەکاری ڕۆژنامەنووسی. (د. امین سعید عبد الغنی، ٢٠٠٦، ص٦٤).

ناکرێ ئەوەش لە یاد بکرێ، کە دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان و خانەی وەشاندنە تایبەتەکان، کە لە ڕاستیدا ئامانجی بازرگانییان هەیە، ئەوانیش دەتوانن تێچووی دەزگاکانیان بە فرۆشتنو بەشداریکردنو جاڕدانەکان، یان بە پشتگیریی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە پڕ بکەنەوە.

### ٤ - ٤. کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان

لە پشت هەر ڕێکخراوێکی سەرکەوتووەوە، کارگێڕییەکی سەرکەوتووی دەرامەتە مرۆییەکان لە بەرنامەکانیدا هەیە. (سنان الموسوی، ٢٠٠٤، ص٢٠).

هەر بۆیەش گرنگی زیاتر بە درکپێکردنی بایەخ و ڕۆڵی کارگێڕیی سەرچاوە مرۆییەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا دەستی پێکردو لە ئەنجامی گۆڕانکارییە خێراکانی ژینگەی دامەزراوەکاندا چەندین ڕەهەندی وەرگرت. (د. کامل بربر، ٢٠٠٨، ص١٩).

---

(*). **کارگێڕیی دارایی** بۆ دوو خانەی سەرەکی دابەش دەکرێت کە بریتین لە: خانەی کارگێڕیی دارایی گشتیو خانەی کارگێڕیی تایبەت. سەرچاوە، (مفلح عقل، ٢٠٠٨، ص٢٥).

زیاتربوونی ڕۆڵ و بایەخی سەندیکاو ڕێکخراوە کرێکارییەکان، کە بەرگری لە مافی کرێکاران دەکەن و بەرژەوەندییەکانیان دەباسینن، هەروەها زیاتربوونی توندوتیژیی ململانێی نێوان کارگێڕیو کرێکاران، ئەمەش وایخواست، کە گرنگی زیاتر بە کارگێڕیی پەیوەندییەکانی نێوان کارگێڕی و ڕێکخراوە کرێکارییەکان بدرێت. (د. محمد سعيد سلطان، ٢٠٠٣، ص٣٠).

بۆیە کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان، بریتییە لە کارگێڕییەکی بەرپرسیار لە بەهێزکردنی لایەنی مرۆڤایەتیی ڕێکخراوەکە. (د. فايز جمعه صالح النجار، ٢٠٠٦، ص٧)، چونکە ڕێکخراوەکان حەز دەکەن بۆ ماوەیەکی زیاترو درێژتر لە خزمەتی کارکەران و بازاڕەکانیان، یان جەماوەرە بە ئامانجکراوەکانیان بن، کەچی ڕەنگە هێنانەدیی ئەوە گران بێت، ئەگەر هاتو ڕێکخراوەکە توانای تەواوی لە بەردەستدا نەبێت. (د. جمال الدين محمد المرسى، بدون سنه، ص١٩).

لە بەرامبەریشدا ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانی دەرامەتە مرۆییەکان، تەنها لەسەر بەڕێوەبەری کارگێڕی دەرامەتە مرۆییەکان نەوەستاوە، بەڵکو زۆربەی بەڕێوەبەرانی چالاکییەکانی دەرامەتە مرۆییەکانیش ئەنجامی دەدەن. (د. راويه حسن محمد، ٢٠٠٠، ص٣).

بۆیەش کارگێڕیی سامانە مرۆییەکان لە پێناو باشترکردنی سازانو ڕێککەوتنی نێوان تاکەکان لە ئەرکەکانیان، یان کارەکانیان لە ناو دامەزراوەکاندا تەقەلای پێویست بدات. (د. عبدالعزيز صالح بن حبتور، ٢٠٠٧، ص٢١٦)، چونکە هێزە مرۆییەکان بۆ هەر ڕێکخراوێک جێگای بایەخن، لە بەر ئەوەی بەهۆیەوە دەکرێ ئامانجەکان بە کەمترین تێچوو و زیاترین کاریگەری بهێننەدی. (محمد زويد العتيبى، ٢٠١٠، ص١٩).

دامەزراوەی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن ناتوانێت بەبێ بوونی ئامێرێکی زۆری مرۆیی، کە بەرپرسیارێتی و ئامادەسازییەکانیان جیاوازن کارەکانی ئەنجام بدات، بۆیە دەبینین هەواڵساز و پەیامنێر و دەرهێنەر و تەواوی بەشو کارمەندانی بەشەکانی دیکە، هەر هەموو ئەوانە کارێکی تەواو ئەنجام دەدەن تاکو لە کۆتاییدا بەرهەمی کارێکی بە کۆمەڵ بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە پێشکەش بکەن، بەبێ ئەو تیپە تەواوە، ناکرێ کارێک سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بهێنێت. (عيس عيس السعافين، ٢٠٠١، ص٦٧). هەروەها ئەو کادیرە مرۆییەی، کە لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا کاردەکەن، بەشداری لە چالاکییەکانی ئەو گۆڕانکارییە دەکەن، کە کاریگەرییان لەسەر پێگەی ڕێکخستنەکانیان هەیە. (د. محرز حسين غالى، ٢٠٠٨، ص٤٥).

## ٥- ٤. کارگێڕی توێژینەوەو پەرەپێدان

ئەو ڕێکخراوە کارە هاوچەرخانەی، کە مەبەستیانە بەردەوام بن، پێداویستیان بە هەڵستانە بە کاری "ئەفراندن یان دۆزینەوە" لە بەر چەند مەبەستێک: بۆ چارەسەر کردنی گرفتە هونەرییەکانی ڕۆژانەو، هەندێک جاریش بۆ گۆرینی تایبەتمەندییەکانی و باش کردنیان یا تەنانەت بۆ داهێنانی بەرهەم گەلێکی نوێ پێداویستیەتی .

ئەگەریش کتوپڕ لە (بازارەکان)دا کەرەستەیەکی سەرەتایی پێویست نەما، ئەوا پێداویستی دەبێت توێژینەوە گەلێک بۆ بەکارهێنانی کەرستەیەکی جێگرەوە یا گۆرینی یا تەناتەت داهێنانی کەرستەیەکی نوێ ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوێکی سەرکەتوو بوو لە کەرتی خۆی دا، ئەوا پێداویستی دەبێت بە ڕەنجی بەردەوام بۆ داهێنانی بەرهەم و خزمەت گەلێکی نوێو خستنە بازاریان. زۆرترین ڕێکخراوەکانی کار بەم چالاکییە هەڵدەستن و توێژینەوە Reserch ناوی دەبەن، چونکە لە گەڕان لە تازەو دۆزینەوەی لێدەکەوێتەوە. (د. سوعاد نائف بەرنووتی، ٢٠١٤، ل ٢٢٩).

بۆیەش لە سەر کارگێڕی لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندندا وا پێویست دەکات، کە ئەزموونی لە بواری چالاکیی بازارگەری ڕاگەیاندندا هەبێت، چونکە کارگێڕی ڕاگەیاندن، دەبێ توێژینەوەی بازاڕ بەپێی کاریگەرییەکانی ژینگەی جیاوازو زانینی واقیع بە شێوەیەکی ڕێژەیی، کە ئەو دامەزراوەی ڕاگەیاندنە سوودی لێوەردەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ دامەزراوە ململانێکارەکانی ناو ئەو بازاڕە، ئەم توێژینەوانە یارمەتیی دانانی ستراتیژییەتی بازاڕکاریی ڕاگەیاندن و نەخشەکاریی تەکتیکی دەدەن، کە دەبێ بگیرێنەبەر. دامەزراوەی ڕاگەیاندنی ئەوتۆش لە (گۆڕەپانی ململانێکەدا) هەن، کە شکستیان هێناوە، لەبەر ئەوەی بایەخێکی تەواویان بە وردەکاریو لایەنە بازرگانییەکەی نەداوە، ئەوەش بەهۆی لاوازییان بۆ کارگێڕییەک، کە خاوەن مێشکێکی بازرگانی بێتو ئاگایان لە بازاڕیش هەبێت. (د. محمود جاسم الصمیدعي و د. ردینە عثمان یوسف، ٢٠٠٣، ص١١٩).

## ٦-٤. پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندیی گشتییەکان ئەرکێکی سەرەکییە لە ئەرکە کارگێڕییەکان، بۆیە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. (ربحي مصطفی علیان، ٢٠٠٧، ص٤٠١). تەنانەت بووە ئەرکێکی نوێ بۆ کارگێڕیو خرایە سەر ئەرکە کۆنەکانی دیکەی. (د. فخري جاسم سلمان، واخرون، ١٩٨١، ص١٥).

پەیوەندییە گشتییەکان یارمەتیی کارگێڕی دەدەن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی و هێشتنەوەی لە سەر ئاگاداربوونو هەستیاریی راکێشانی رای گشتی بۆی. (د. محمود یوسف و د. حنان جنید، ٢٠٠٠، ص١٤). چونکە پێویستە لە سەر کارگێڕەکان، کە جەماوەری دەزگاکانیان لە سیاسەتو دەست کەوتو ئامانجە سەربەخۆکان ئاگاداربکەنەوە. (علياء هاشم عبدالأمير الصفار، ٢٠٠٨، ص٦٣).

جیا لەمەش لە دامەزراوەکان، بە جیاوازییانەوە چالاکیو ئەرکی جۆراو جۆرنو لە کاتی ئاساییدا ئەنجامی دەدەن لەنێویشیاندا دەزگای ڕاگەیاندن (علی برغوت، ٢٠٠٧، ص٢٠).

جیا لەوەش گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە کۆمپانیا پیشەسازییەکان کاڵایەکی زۆر بەرهەم دەهێنن و دەیەوێت بگەیەنێتە دەستی کڕیارەو وەبەرهێنەرەکان. (هۆشیار مزەفەر عەلی، ٢٠١١، ل٢٧)، وەکو زانراویشە پەیوەندی و رایەڵەیەکی توندوتۆڵ لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندنو چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکاندا هەیە، ئەو ڕایەڵەو پەیوەندییەش لە دوو شێوەی سەرەکیدایە ئەوانیش:

**یەکەم**: دانانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە دەزگا گرنگەکان لە راپەڕاندن و ئەنجامدانی چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکاندا.

**دووەم**: دانانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بە بوارێک لەو بوارانەی، کە تیایدا پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمەڵگای جیاوازدا پیادە دەکرێن. (محمد منير حجاب، ٢٠٠٧، ص٧٢)

کاری پەیوەندییەکان جێگرەوەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن نین، بەڵکو رێکخستنو چاودێریکردنی هەر رێگاو شێوازێکن، کە دەستەبەری رەواجدانی بیرۆکەکە بێت لە ئاستێکی فراواندا. (حسن محمد طوالبه، ١٩٨٣، ص١١٦). پەیوەندی بەستن لە بواری ڕاگەیاندن زێتر بەکاردێت، ئەویش گواستنەوەی زانیارییە بۆ جەماوەر، واتە پەیوەندی بەستنی دەزگایەکی رۆژنامەگەری لەگەڵ جەماوەرەوە. هەموو ئەو پەیوەندیانە راستەوخۆ پەیوستە بە ئیشو کاری پیشەیی ڕاگەیاندن، لەو سۆنگەیەوە کاروباری پەیوەندییەکان بەڕێوە دەچێت. (کەنعان بەهادین، ٢٠١٣، ل٥٥).

## باسی دووەم: سیستەم و سیستەمی کارگێڕی

### ١. پێناسەی سیستەم

شارەزایان و پسپۆرانی بواری کارگێڕی چەندین پێناسەی جۆراوجۆرییان بۆ سیستەم کردووە، کە هەر یەکەیان ئامانج و مەبەستێکی دیاری کراوی هەیە لە خوارەوە ئاماژە بە چەند پێناسەیەک دەکەین ئەوانیش بریتین لە :

سیستەم بەوە پێناسە کراوە کەوا: "هەموو رێکخراو و پێکهاتەیەکە، کەرستەکان، یان بەشەکان کۆدەکاتەوە، یاخود بەیەکیانەوە دەبەستێتەوەو بە هەموویان پێکهاتەیەکی "یەکگرتوو" پێکدەهێنن، ئەو بەشانەی کە سیستەمەکەشیان لێ پێکهاتووە، لە پەیوەندییە ئاڵۆگۆڕکراوەکاندا رێکدەخرێن، بە جۆرێک، کە ناکرێ یەکێیان لە ئەوەی تر داببڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان پارێزگاری لە خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییدا هەموویان تەواوکەری یەکترن. (صالح مهدی صالح، ١٩٨٩، ص٢٨).

هەروەها سیستەم بریتییە لە: "کۆمەڵە راستییەک، یان رێسایەک، یان بەشی گرێدراون لە بەشێکی دیاریکراو لە بەشەکانی زانین". (د. محمد الصيرفى، ٢٠٠٥، ص٢٥).

یان بریتییە لە: "کۆمەڵە رەگەزێکی تێکچڕژاو و کارلێککراون لە ناو یەکتریدا، تاکو یەک یەکە پێکبهێنێت، کە بە ئەرکی دیاریکراو هەڵبستێت". (اسماعیل مناصریە، ٢٠٠٤، ص٤٣).

هەروەها سیستەم: "رێکخەرێکە لە پێکهاتەکان، کە نەخشێنراوە بۆ ئەنجامدانانی ئامانجی دیاریکراو بە گوێرەی پلان". (د. عبدالجواد سعید ربیع، ٢٠٠٦، ص٩).

### ٢. پێکهاتەکانی سیستەم

بەشی زۆری سەرچاوەکان و شارەزاییان کۆکن لە سەر چوار پێکهاتەی گرنگو سەرەکی لە (پێکهاتەکانی سیستەم)[*] ئەوانیش بریتین لە:

---

(*) جگە لەو پێکهاتە سەرەکیانەی سیستەم چەند پێکهاتەیەکی دیکەش هەن، کە گرنگە هەبن ئەوانیش بریتین لە (پەیوەندییەکان، تایبەتمەندییەکان، ژینگەی سیستەم، سنوری سیستەم، دەست تێوەردانی سیستەم، سیستەمی هاوشێوەی لە یەک چوو، سیستەمی چۆنایەتی). سەرچاوە، (د. عبدالحمید عبدالفتاح المغربی، بدون سنە، ص١٧-٢٥).

١. دەرامەتەکان

٢. چارەسەرکردن

٣. دەرهاویشتەکان (د. فایز جمعه صالح النجار، ٢٠٠٥، ص٩).

٤. دەنگدانەوە

**١- ٢. دەرامەتەکان**

لەو داتایانە پێکدێت، کە خزمەتی کرداری چارەسەرکردن دەکەن وەکو بابەتێکی سەرەتایی، یان ئەوەی کار بۆ دەستپێکی هەنگاوە کردارییەکانی چارەسەرکردن دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی، کە سیستەم لە سەر کارلێکی نێوان رەگەزەکان، یان پێکهاتەکانی راوەستاوە، کەواتە هەر دەبێ دەرامەتی ماددی، یان مرۆیی هەبێت، کە ماددەی خاوی ئەو کارلێکە پێکدەهێنێت. بۆیە دەکرێ ئەو دەستکەوتانە بە دەرامەت ناوبنێین، لە بەر ئەوەی خاڵی دەستپێک بۆ کرداری کارلێک لە سیستەم و لقەکانی پێکدەهێنێت، تاکو سیستەمەکە بتوانێت بۆ هێنانەدیی ئامانجە داواکراوەکان کار بکات.

**٢- ٢. چارەسەرکردنەکان "کردارەکان"، "سازکردن"**

ئەو چالاکییانە لەخۆ دەگرێت کە داتا زیادکراوەکان بۆ زانیارییەکان سوودبەخشە، چارەسەرکردنەکان بە پێکهاتەیەکی بنچینەیی لە سیستەمەکە، لە سۆنگەی ئەوەی کە ماددەی خاو "دەرامەتەکان" کە دێتە ناو سیستەمەکەوە دەگۆڕێت بۆ دەرهاویشتە کە ئامانجە دیاریکراوەکانی سیستەمەکە دەهێنێتەدی.

واتە کارلێک لەنێوان پێکهاتە تایبەتەکانی سیستەمەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکیو هەر لەخۆوە نابێت، بەڵکو بەهۆی توانای ئەو کارلێکانەوە دەبێو ڕێڕەوەکانی دیاری دەکرێت و ڕێبەری دەکرێت بە مەبەستی گەیشتن بەوەی کە دەبێ ئەنجام بدرێت بۆ سەر دەرامەتەکان، بە مەبەستی گۆڕینی بۆ دەرهاویشتەی بە سوود. (زیاد محمد الشرمان، ٢٠٠٤، ص٤٨،٤٩).

**٣-٢. دەرهاویشتەکان**

خۆی لە داهاتەکانی سیستەمەکەو دەرهاویشتە گرێدراوەکان بە ئامانجەکانییەوە لەخۆ دەگرێت، چونکە دەبێ لە لایەنی تیۆرییەوە بەلای کەمەوە، دەرهاویشتەکانی سیستەم لەگەڵ ئامانجەکانیدا هاوتابن، لەگەڵ ئەوەی کە لە واقیعو حەقیقەتدا دەگمەن دەبێ ئەگەر جیاوازی لە نێوان ئامانجەکانی سیستەمەکەو دەرهاویشتە راستییەکانیدا نەبێت.

ئەم جیاوازییەش پلەی لادانی ئەو سیستەم دیاریکراوە لە سەر ئامانجەکانیو دەرهاویشتە نموونەییە بۆ کێشراوەکانی دەگرێتەوە، چونکە هەر هەموو ئەوانە لەسەر توانای سیستەمەکە لە بەرزەفتکردنی دەرامەتەکانو کردارەکانیو رێگەی کارپێکردنیو کاراکردنی سیستەم لاوەکییەکان راوەستاوە. (د. هانی عبدالرحمان صالح، ١٩٩٩، ص١٢٠).

**٤- ٢. دەنگدانەوە (پەرچەخۆراک)**

پەرچە خۆراک بە بەشێک لە دەرامەتەکانی سیستەم دادەنرێت، پەرچەخۆراک بە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی سیستەم ئەژمار دەکرێت، بەتایبەتی سیستەم زیندووەکان، کە دەبێ لە بەرچاو بگیرێن لەکاتی توێژینەوەی کردارەکانی چاودێری لە رێکخراوەکەدا. (د. عبدالحميد عبدالفتاح المغربى، بدون سنه، ص٢٠).

## ٣. رەگەزەکانی سیستەمی کارگێڕی لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا:

سیستەمی کارگێڕی لە بنەڕەتدا لە چەندین رەگەز پێکدێت کە بریتین لە: (على السلمى، ١٩٨٣، ص٦٣).

١. فەلسەفەی سیستەم

٢. پەیکەری سیستەم

٣. سیستەم و بنەماکان

٤. رێووشوێن و کردارەکان

٥. تاکەکان (کەسەکان)

٦. ئاستی تەکنەلۆژیایی سیستەم

**١- ٣. فەلسەفەی سیستەم**

ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە چەمک و بیروبۆچوون و باوەڕێکی بنەڕەتی و سەرەکی کە بڕیار لەسەر تێکڕای سیستەمی کارگێڕی دەداتو رەوتو ئاراستەی کارکردنی کارگێڕیی دیاری دەکات. هەر سیستەمێک لە سێ رەگەزی بنەڕەتی پێکدێت، کە بریتین لە:

ا. دەرامەتەکان

ب. کردارەکان

ج. دەرهاویشتەکان

هەر سیستەمێکیش کۆمەڵێک سیستەمی لاوەکی دیکەی هەیە، کە لە رێووشوێنەکان پێکدێن، ئەوانیش بۆ ئاراستەکردن و رێنمایی کارمەندانو بەڕێوەبەران لە کاتی کارکردن بۆ

بەخشینی تواناى خواستراو لەکارکردندا، واتە کار بۆ کردارى رێنماییکردنى تواناکان دەکەن. (یحی مصطفی حلمی، ١٩٨٨، ص١٩).

لەبەر رۆشنایی ئەوەى پێشتر باسکرا، دەکرێ بوترێت، کە فەلسەفەى کارگێڕى رەگەزەکانى لە سیستەمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە باوەکانى کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت، زێدەبارى ئەوەى رەنگدانەوەى پلەى پێشخستن، یان دواخستنى ئابوورى و رۆشنبیرییە، لە هەندێ بارى کەمیشدا ئەو فەلسەفە کارگێڕییە لە دەقى نووسراو، یان بەڵگەنامەى تەواودا گەڵاڵە و بەرجەستە دەبێت، بەڵام بە زۆرى تۆمار نەکراوەو جۆرێک لە دابو نەریتى کارگێڕى لە خۆدەگرێت. (د. عبدالجواد سعید ربیع، ٢٠٠٦، ص١١).

## ٢ – ٣.پەیکەرى سیستەم

پەیکەرى سیستەم ئاماژەیە بۆ بونیادى رێکخستنى گشتىو شێوازى دابەشکردنى کەرتییانەو ئاستى دابەشکردنى ستوونییانە، لەم روانگەیەوە دکتۆر محمد سید محمد ئاماژە بەوە دەکات، کە پەیکەرى رێکخستنى دەزگایەکى رۆژنامەنووسى، بریتییە لە قەوارەیەکى تەواو، کە لە بەشو رەگەزە تێکچڕژاوەکان پێکهاتووەو پەیوەندیى ئاڵوگۆڕى لە نێوانیاندا هەیە، بە مەبەستى سەرکەوتنى چالاکىو ئەنجامدانى ئەو ئەرکانەى، کە لە کۆتایى بەرهەمى دامەزراوەکەو کارو ئامانجەکەى دێتەدى. (محمد سید محمد، ١٩٧٩، ص١٤٧).

پەیکەرى ئەرکداریى هەرێمى بە باوترین شێوازەکان دادەنرێت، کە لەگەڵ پەیکەرى رێکخستن لە دامەزراوەیەکى کەناڵێکى راگەیاندن بگونجێت، بە جۆرێک کە لە ناو کارگێڕى و بەشە جیاوازەکاندا ئازادیى کارکردن دەبەخشێت، وێڕاى چاودێرى خستنە سەرى، چونکە بەشەکان لە لایەن سەرۆکە جێبەجێکارەکانەوە سەرۆکایەتى دەکرێن، کە راستەوخۆ لە بەردەم کارگێڕیدا بەرپرسن، لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیار و خاوەن دەسەڵاتى تەواون لە ناو ئەو کۆمەڵانەى، کە هەر یەکێکیان سەرۆکایەتى دەکەن. (د. ابراهیم عبدالله المسلمی، ١٩٩٥، ص٨٨).

## ٣ – ٣. سیستەم و بنەماکان

ئەم کەرتەیان ئاماژە بە کۆمەڵێک یاساو لیست (لائحە)و رێنمایى دەکات، کە لە بنەڕەتدا بۆ هەڵبژاردنو باشێتى وەردەگیرێت، لەکاتى وەرگرتنى بڕیارەکاندا، ئەو یاساو لیستانەش، ئەو پێوەرانەن، کە کارگێڕى لە بوارى کارگێڕى رۆژنامەکەدا دەیگرێتەبەر.

## ٤ – ٣.رێووشوێنەکان و کردارەکان

رەگەزی ڕێوشوێنەکان و کردارەکان لە بواری سیستەمی کارگێڕیی ڕاگەیاندن بایەخێکی تایبەتی هەیە، بە جۆرێک، کە شێوازی گشتیی توانای سیستەم بە پێی چالاکیی ڕێووشوێنەکانو سادەییان دیاری دەکرێنو لەگەڵ تێچووەکەیان لە رووی کاتو توانای مرۆییو داراییو قازانجەوە گونجاو بێت.

**٥- ٣. تاکەکان**

لە بەر رۆشنایی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، هێزە مرۆییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سایەی تەکنەلۆژیادا رۆڵی نوێ دەگێڕن، چونکە ئامرازو ئامێری داهێنراوی نوێ بەکاردەهێنرێن، بەمەش رایەڵە و پەیوەندیکردنیان بەیەکەوە زیاتر دەبێت و بەرکەوتنیان بۆ زانیارییەکانیش زۆرتر دەبێت، پاشان ڕاهێنان و مەشق پێکردنیان و ئامادەکردنی کادیری مرۆیی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بایەخی تایبەتی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی پێویست لە لایەن تاکەکانەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

**٦-٣. ئاستی تەکنەلۆژیایی سیستەم**

مەبەست لە ئاستی تەکنەلۆژیی سیستەمی کارگێڕی لە دەزگا رۆژنامەنووسییەکاندا، بریتییە لە پلەی بەکارهێنانی شێوازو رێگەی کارگێڕیی زانستیی هاوچەرخی وەکو شێوازی هاوسەنگیی نەخشەکێشان و شێوازی توێژینەوەی بازاڕکاری و هەڵبژاردنی زانستییانەی تاکەکان و نەخشەکاریی هێزەکانی کار و شێوازە پەرەسەندووەکانی دیکە. (د. عبدالجواد سعید ربیع، ٢٠٠٦، ص٤٤).

## ٤. جۆرەکانی سیستەمی کارگێڕیی و پێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان تیایدا

دەکرێ سیستەم کارگێڕییەکان بۆ چەندین کۆمەڵەی لەم جۆرەی خوارەوە پۆلین بکرێت: (د. عبدالجواد سعید ربیع، ١٩٨٩، ص٢٤،٤٥،٤٦).

١. سیستەمە داخراوەکان و سیستەمە کراوەکان.

٢. سیستەمە دیاریکراوەکان و سیستەمە جێگیرەکان و چاوەڕوانکراوەکان.

٣. سیستەمە خۆگونجێنەکان و خۆنەگونجێنەکان.

٤. سیستەمە سادەو سیستەمە تێکچڕژاوەکان.

**١-٤. سیستەمە داخراوەکان و سیستەمە کراوەکان**

**سیستەمی داخراو:** بریتیە لەو سیستەمەی، کە خۆکردانە بڕیار لەسەر کردارەکانی دەدات و هەمواریان دەکات، ئەوەش لە ئەنجامی داتا بەرهەم هاتووەکانی هەمان سیستەمەوە.

بەڵام **سیستەمی کراوە:** ئەو سیستەمەیە، کە خۆکردانە بڕیار لە سەر کردارەکانی نادرێت و هەمواریش ناکرێت، ئەمەش وا دەخوازێت، کە تاکو ژمارەیەک لە تاکەکانی دیکەش سەرپەرشتیی بکەن، بە واتای ئەوەی دەستێوەردانیان لە سیستەمەکە.

## ٤-٢. سیستەمە دیاریکراوەکان و سیستەمە جێگیرەکان و سیستەم چاوەڕوانکراوەکان

**سیستەم دیاریکراوەکان:** ئەو سیستەمانەن، کە سەرجەم پێکهاتە و ڕووداوەکانی بە وردی چاوەڕوانکراونو دەکرێ باسی سیستەمەکەو کردارەکانیو بەگەڕخستنی لە کاتی دیاریکراودا بکرێت، هەروەها دەکرێ پێشبینی هەنگاوەکانی دواتریش بکرێت کە چی ڕوودەدات.

بەڵام **سیستەم چاوەڕوانکراوەکان،** بریتین لە سیستەم گەلێک، کە ناکرێ پێشبینی کارەکانی بە وردی بکرێت، چونکە لە هەندێ سیستەمدا بە وردی توانای پێشبینیی هەموو کردارە ئایندەییەکانی سیستەمەکە لە تواناد نییە.

سەبارەت بە **سیستەم جێگیرەکانیش،** ئەو سیستەمانەن، کە سەرجەم پەیوەندی و رایەڵەکانی بە وردی دیاریکراون، بەڵام ئەگەر هەر شڵەژانێک، یان دەستێوەردان لە ناو ئەو پەیوەندییانەدا رووبدات، ئەوا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت و بە خێرایی بارودۆخەکە بۆ باری ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە.

## ٤-٣. سیستەمە خۆگونجێن و سیستەمە خۆنەگونجوێنەکان

**سیستەمی خۆگونجێن:** ئەوەیە، کە توانای خۆهەموارکردنەوەی، یان هەموارکردنەوەی ژینگەکەی بە شێوەیەکی خودی هەیە، ئەگەر ئەوە پێویست بکات، بەڵام **سیستەمی خۆنەگونجێن** ئەوەیان کرداری وەڵامدەرەوەی، یان کارلێکی نییە، کاتێک گۆڕانکاری لە ژینگەکەی، یان باری خۆیدا ڕوودەدات.

## ٤-٤. سیستەمی سادەو سیستەم تێکچڕژاوەکان

**سیستەمی سادە:** ئەو سیستەمەیە، کە پێکهاتەکانی کەمن و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکانی نێوانیشیان هەر کەمن.

بەڵام **سیستەمی تێکچڕژاو:** ئەو سیستەمەیە، کە پێکهاتەکانی تا رادەیەک زۆرن و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی زۆریشی هەیە، کە دەکرێ بە تەواوی دابنرێن.

**پێگەی کەناڵی ڕاگەیاندن وەکو ڕێکخراوێکی کارگێڕی لە جۆرەکانی سیستەم کارگێڕییەکان:**

**هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە چوار رەهەندی سەرەکی پێکدێت:** (د. عبدالجواد سعید ربیع، ٢٠٠٦، ص٤٦،٤٥).

١. **ئەرکەکان:** ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگاکە بۆ ئەنجامدانی لە بەرهەمهێنانی کاڵایەک، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەک بۆ هێنانەدیی ئامانجی دیاریکراو.

٢. **پەیکەر:** ئەو چوارچێوەیەیە، کە ئەو چالاکی و کردارانە ڕێکدەخات، کە دەبنە هۆی گەیشتن بە ئامانج.

٣. **تاکەکان:** دەستی کاری ڕێکخراوەکەن.

٤. **ئامێرەکان:** ئەو دەزگاو کەلوپەلو ئەزموونە هونەرییانەن، کە لە ئەنجامدانی چالاکییەکدا لە چوارچێوەی هێنانەدیی ئامانجی دەزگاکە بەکاردەهێنرێن.

## ٥. جۆرەکانی ستایلی بەڕێوەبەر

### ٥-١. سیستەمی ناوەندی

لە سیستەمی ناوەندیدا، بەڕێوەبەری کارگێڕی دەبێتە چاودێر بەسەر هەموو کارەکانو سەرجەم کارگێڕییەکانی دیکەی لە هەر گەورەو بچووکێک دەگەڕێتەوە بۆی، ژمێریاریو گەنجینەو سکرتاریەت ئاراستە دەکات، کەواتە ئەو دەسەڵاتێکی فراوان بۆ بەڕێوەبەری گشتی و دەسەڵاتی بەرتەسک بۆ بەڕێوەبەر کارگێڕییەکان لە خۆدەگرێت، لە توانایشیدا هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڕێوەبەری کارگێڕی هەموو کارێک واژۆ بکات، یان بڕیارێک هەڵبوەشێنێتەوە، کە بەڕێوەبەری کارگێڕی دەری کردبێت.

ئەم سیستەمیە تەنها بۆ ڕۆژنامەی بچووک دەشێت، چونکە بەڕێوەبەری گشتی ئەو کاتەی هەیە، کە ئاگاداری هەموو کاروبارەکانی بێت. (د. حسین عبدالقادر، ١٩٥٧، ص٧٢). سیستەمی ناوەندی بوونی نوێنەرانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ناوچە هەرێمایەتییە جیاوازەکانی دەوڵەت رەت ناکاتەوە، چونکە دابەشکاریی جوگرافی فەرمانبەرانی سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی کار بۆ ئاسانکاریی پەیوەندیکردن دەکات و بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی توندوتیژیی ناوەندی کەم بکاتەوە، لە بەر ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە بە پێی ئەو ڕێنماییانەی لە دەسەڵاتی سەرەوە کار دەکەن و هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی نییە. (بوخمخم عبدالفتاح،١٩٨٢، ص١٤).

### ٢-٥. سیستەمی ناناوەندی

لە سیستەمی نامەرکەزیدا، بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتی فراوانی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی بەرتەسکی نییە، بە واتای ئەوەی، کە هەر بەڕێوەبەرێکی کارگێڕی دەسەڵاتی لە سنووری دیاریکراودا هەیە و بە بێ گەڕانەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئەنجامی دەدات، بەڵام تەنها لە پرسە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆی.

کەواتە هەندێک پرس هەیە بەڕێوەبەری کارگێڕی بەرپرسە لێی و هەندێ پرسی دیکەش لە تایبەتمەندیی بەڕێوەبەری گشتین. یەکەمیان بۆی نییە سنووری دەسەڵاتەکەی ببەزێنێت. بۆیە بۆ دووەمیش نییە دەست لە کاروبارەکانی وەربدات. دەسەڵاتی ئەوەیتر لێرەدا دەسەڵاتی سەلماندن و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتی دوور خستنەوە.

### ٣-٥. سیستەمی ئەرکداری

بەڵام لە سیستەمی سێیەم (ئەرکداری)، چونکە بەڕێوەبەری گشتی پەنادەباتە بەر دەستەیەک لە راوێژکاران و هونەرییەکانەوە (وەکو راوێژکاری یاساییو راوێژکاری ژمێریاریو راوێژکاری ئەندازیاری)، کە پرسە هونەرییەکان بۆ توێژینەوەو گفتوگۆ لە سەریان ئاراستەی ئەوان دەکرێت، پێش ئەوەی پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی بکرێت.

ئەم سیستەمیەش زۆر پێویستە، بە تایبەتی لە سیستەمی ناوەندیدا، لە بەر ئەوەی کاتی تەواو نییە لای بەڕێوەبەری گشتی بۆ گەڕان بە دوای هەموو پرسەکان لە لایەن خۆیەوە، چونکە دەبێ راوێژکارێکی هونەری یاداشتێکی تەواو لەسەر پرسەکە ئامادە بکات، پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم بەڕێوەبەری گشتی. (د. حسین عبدالقادر، ١٩٥٧، ص٧٢،٧٣).

## باسی سێیەم: کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

### یەکەم: سروشتی کارگێڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کارگێڕی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن تایبەتمەندی و لایەنی باشی هەیە و گرێدراوی سروشتیی ئەو جۆرە دامەزراوانەیە، لەگەڵ بوونی زۆرێک لەو چالاکییانەی، کە ئەو دامەزراوە ڕاگەیاندنانە و دامەزراوە ڕاگەیاندنەکانی دیکەش بەشداریی تێدا دەکەن، وەکو چالاکی پەرەپێدانو بازاڕکاریو بەرهەمهێنان، هەروەها سروشتێکی تایبەتیشی هەیە، کە پەیوەستە بە لایەنەکانی نووسینو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندنە. سروشتی کارگێڕیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەکان لە سروشتی تایبەتی کارگێڕیی ئەو دامەزراوانەوە هەڵقوڵاوە، کە لە کارگێڕیی کۆمپانیاو کارخانەکانی دیکە جیاوازن، ئەوەش لە چەندین لاوە بەمجۆرەی خوارەوە: (د. عطاالله احمد شاکر، ٢٠١١، ص٧٥،٧٦).

١. سروشتی بابەتە بەرهەمهێنراوەکان (پەیامی ڕاگەیاندن) خاوەن سروشتێکی جیاوازو تایبەتمەند و کاریگەر و جۆراوجۆرە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و کۆمەڵگا، ئەمەش وا دەکات، کە کاریگەریی ژینگە لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بایەخی تایبەتی هەبێت.
٢. سروشتی بابەتەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕووی کاتەوە لەگەڵ کاروانی ڕووداوەکان و خێرایی ڕوماڵکردنەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ڕێدەکات، ئەمەش کاریگەریی لە سەر سروشتی کاری کارگێڕی و بەخێرایی وەرگرتنی بڕیار لە دامەزراوەکەدا دەبێت.
٣. یاساکانی خۆپاراستن کە کۆمەڵگاکان و کەناڵە باڵادەستو بەرژەفتکارەکان بۆ سەر پیشەی ڕاگەیاندن دایدەڕێژن لە ڕووی شێوازەکانییەوە جۆراوجۆرن، ئەمەش وا لە کارگێڕیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەکات، کە پێویستیی زیاتری بە سەرنج و تێڕامانی کرداری کارگێڕی هەیە.
٤. کارگێڕی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، پێویستیی بە وشیاریی تەواوی بایەخدان بە مرۆڤو ئامێر و کاتو شوێن هەیە لە چوارچێوەی نەخشەدانانو جێبەجێکردندا، کە هەموویان پێکەوە باشترین کار و چالاکی لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکان دەستەبەردەکات.
٥. "ململانێ لە ناو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا تەنها گرێدراوی شێوازی خستنەڕووی پەیامی ڕاگەیاندن نییە وەکو بابەتێک، بەڵکو گرێدراوی ناوەڕۆکی ئەو پەیامە ڕاگەیاندنەشە، کە پێشکەشی دەکات، جگە لە وەش ململانێ بەدەستهێنانی باشترین تواناو لێهاتوویی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە دەتوانێ باشترین پەیامی ڕاگەیاندن پێشکەشی جەماوەر بکات بە شێوەو ناوەڕۆکەوە. ئەمەش بە زۆری وا لە کارگێڕی دەخوازێت، کە دڵسۆزانە

ئاگاداری کرێکارەکانیان بن، ئەوانەی کە خاوەن توانا و ئەزموونی دەگمەنن". (عمار طيبى، ٢٠١٢، ص ٦٤).

٦. سروشتی کاری ڕاگەیاندن، کاری تەواو و بێ کەموکووڕین، هەر تاکێک تیایدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت هەرچەندە پێگەی ئەرکداریشی کەم و نزمیش بێت، پاشان ئەم درککردنە بە گرنگیی تاکەکان، پێویستیی بە درکپێکردنێکی گشتگیرتر لە سروشتی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکانی کارو ڕەفتارەکانیان و شێوزاەکانی پەیوەندیکردنیان و شێوازی سەرکردایەتی کردن تیایدا. (مجيد صالح عزيز، ٢٠١٣، ص٦١).

٧. سروشتی بەرهەمهێنەری ڕاگەیاندن، پێویستیی بە نەرمونیانیی کارگێڕی دەزگا ڕاگەیاندنەکە و سڕنەبوون و توانای لە سەر خۆگونجاندنی لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکان هەیە بەسەرکەوتوویی.

٨. بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر گەورەیە: دەزگای ڕاگەیاندن، دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە بە پلەی یەکەم، بۆیە بەرپرسیارە لە دروستکردنی وشیاری و بیرو هزر لە کۆمەڵگادا، ئەو کارەی کە وای لێ دەکات بایەخێکی گەورە بەو بەرهەمانە بدات، کە پێشکەشی جەماوەری دەکات لە رووی پێشینەو ئەو رەهەندە جیاوازانەی کە لە خۆی دەگرێت. (د. محمد مسعود قيراط، ٢٠١١، ص٢١).

**دووەم: پێکهاتەی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

ڕێکخستنی ناوخۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە سروشتی خۆیانەوەو بە پێی بایەخی ئەو هۆیانە جیاوازە. ناوەندەکانی ڕاگەیاندنە گەورەکان بریتین لە کارخانەی راستەقینە، کارگێڕییەکەی بەڕێوەبەری گشتی، یان ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی راسپێردراو سەرپەرشتیی سەرجەم شوێنەکان دەکات لە نووسین و کارگێڕی و فرۆشتنو چاپکردنو جاڕدان، لە سەرووی نووسینیشەوە، سەرنووسەر هەیە و ژمارەیەک لە سەرۆکی بەشەکان یارمەتیی دەدەن، ئەرکەکەیشی بەڕێوەبردنی نووسینە، بەڵام ئەم سیستەمە تەنها لە سەر ئەو ئامرازە گەورانە پیادە دەکرێت، کە بە فراوانی بڵاودەبنەوە، کەچی لەو ئامرازانەی کە بایەخپێدانیان مامناوەندین، ئەوە بەڕێوەبەر، یان سەرنووسەر سەرپەرشتیی کارگێڕیی دامەزراوەکە دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی پەیوەست بە لایەنی بازرگانی. (خليل صابات، بدون سنه، ص١٢١).

پەیکەری ڕێکخستنی دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی دابەشدەکرێت بۆ کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەوانیو بەڕێوەبەرایەتی یارمەتیدەرەکانو بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکانو ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ . بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەوانییەکان ئەمانە دەگرێتە خۆی: (د. صليب بطراس، ١٩٧٤، ص٥٣)

**ا.** کارگێڕی نووسین

**ب.** کارگێڕی ریکلامەکان

ج. کارگێڕی چاپەکان

د. کارگێڕی دابەشکردن.

٢. بەڕێوەبەرایەتیە یارمەتیدەرەکان ئەمانە لە خۆ دەگرێت: (د. امين سعيد عبد الغنى، ٢٠٠٦، ص٦٤).

ا. کارگێڕی کاری کارگێڕی

ب. کارگێڕی دارایی

ج. کارگێڕی کۆگاو کڕینەکان

د. کارگێڕی سەرژمێری و بەدواداچوون

هـ. کارگێڕی کاری کارکەران

٣. بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکان و جۆراو جۆر دەبێت بە گوێرەی بارودۆخی دامەزراوەکەو قەبارەی و بە زۆری ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە لە خۆ دەگرێت:

ا. کارگێڕی کۆمپیوتەر و ڕێکخستنی زانیارییەکان

ب. کارگێڕی ئەرشیف و میکروفیم و پەسەندکردن

ج. کارگێڕی چاپی بازرگانی

د. کارگێڕی پەرتووک و دەرکردە زیادەکییەکان.

**چوارچێوە باڵاکان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکەدا دەکرێ بەمانە ڕووبەڕووی ئەرکەکانیان ببینەوە:**

**١. بەرپرسیارێتی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن**

هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن ئەنجومەنی کارگێڕی خۆی هەیە و سەرپەرشتیی کارەکانی و دانانی سیاسەتەکەی و بەڕێوەبردنی کاروبار و چالاکییەکانی دەکات، سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١. دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی هەموو چالاکییەکانی دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکە دەکات.

٢. مافی ئەوەی هەیە دانوستان لەگەڵ هەر کەسێکەوە بکات بە ناوی دامەزراوەکە و مافی ئەوەیشی هەیە، کە هەر کەسێک وەکو بریکار لە شوێنی خۆی دابنێت بۆ بەرزکردنەوەی

سکاڵاو ئامادەبوونی لە بەردەم لایەنەکانی دادگا، یان هەر لایەنێکیتر. (د. عطاالله احمد شاکر، ٢٠١١، ص٢١٩).

٣. تایبەتمەندە بە کاروبارە بە پەلەکان، کە لە لایەن ئەنجومەنی نووسین (دەستەی نووسەران)ەوە دەخرێتە بەردەمی، هەروەها هەموو بڕیارێک دەردەکات و رێکدەخات، کە پێیوابێت پێویستن بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان، بە مەرجێک کە لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕیدا بیانخاتەڕوو.

٤. مافی ئەوەی هەیە هەر راوێژکارێک بۆ هاوکاریکردنی خۆی دابمەزرێنێت، بە مەرجێک ئەو کارانە دیاری بکات، کە بیخاتە بەردەمیان بۆ دەربڕینی را لە سەریان. (د. عدلی رضا و د. عاطف عدلی العبد، ٢٠٠٩، ص٧٦).

٥. سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی مافی ئەوەی هەیە، کە بانگهێشتی هەر کەسێک بکات بۆ سوودوەرگرتن لە زانیارییەکانی، یان هەڵیان بژێرێت بێ ئەوەی دەنگی ئەژمارکراویان لە دەستاودەستکردنی کارەکان هەبێت.

٦. گەیاندنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی بۆ سەرچاوەی سەرپەرشتیاری باڵاتر، کە دامەزراوەکە پێیەوە پەیوەستە. (د. صالح خلیل ابو أصبح، ١٩٩٧، ص١٢٤).

٧. مافی داواکردنی لە دەستەی نووسەران هەیە لە دەرکردنی هەر چاپکراوێک لە دامەزراوەکەوە، هەرکاتێک ئەوەی بە پێویست زانی، هەروەها تۆمارکردنی هەر پرسێک لە خشتەی ئەو کاروبارانەی دەچنە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانییەوە.

٨. سەرپەرشتیی ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانەی چالاکییەکانی دامەزراوەکە و کاروبارەکانیو کارو چالاکییەکانی یەکەکانی سەر بە ئەنجومەنەکەی دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی بودجەی گشتیو دەرخستنی خەرجییە داراییەکانو راپۆرتە کارگێڕییەکانی دیکە، کە سەرچاوە کارگێڕی، یان داراییە باڵاکان داوایان دەکەن. (د. محمد صاحب سلطان، ٢٠١١، ص٩٦).

٩. کارگێڕیی دارایی دەزگاکەو دانانی نەخشەکاریی وەبەرهێنان کە تەواوکاریی (کفایە) بەرهەمهێنان مسۆگەر بکات.

١٠. سەرنجدان لە وەی، کە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی دەیخاتەڕوو، یان ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی نووسینەوە ئاراستەی دەکرێت، یان لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە، هەروەها ئەوەی، کە دەخوازێ ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەگەری رای خۆی لە سەر بدات.

١١. وەرگرتنی بڕیارو ڕێووشوێنو دەرکردنی لیستی تایبەت بە کاروباری کار و کارمەندانی دەزگاکە بەجۆرێک، کە دژی بڕیارەکانی ئەو لیستە نەبێتو ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەریشی لێ ئاگادار بکرێتەوە. (د. ابراهیم عبدالله المسلمی، ١٩٩٥، ص٨٨).

**٢. بەرپرسیارێتیی سەرنووسەر**

سەرنووسەر لە سەرووی دەستەی نووسەرانەوەیە و ئەرک و ڕۆلی گرنگی هەیە لە نێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو ئاراستە ڕۆژنامەییانەی، کە پێشکەشی کارمەندەکانی دەکات لە هەموو لقەکانی کارکردن و بەرهەمهێنانی دەزگاکە، کە مەرجی سەرکەوتنیان دابینکردنی گیانی هەماهەنگیی تیپێکی کاری یەکگرتووە کە لە کۆتاییدا بەشداری لە گەیاندنی دەزگاکە دەکات لە کاتی دیاریکراو و وا دەکات بایەخو پێداویستییەکانیو سەرنجو تێڕامانەکانیانو سەقامگیری لە بەرامبەر دەزگاکەو ململانێکارەکانی دیکەدا مسۆگەر بکاتو سەرکەوتن لە کرداری ڕاگەیاندندا بهێنێتەدی. (علی عبدالفتاح، ٢٠١٤، ص١٤١،١٤٢).

سەرنووسەر ئەو بزوێنەرەیە، کە ڕۆژنامەنووس لە کەناڵەکەدا دەجووڵێنێت و شانبەشانی ئەوەش بەرپرسیارە لە هەموو بابەتێک کە ڕۆژنامەکەی بڵاوی دەکاتەوە. (د. عطاالله احمد شاکر، ٢٠١١، ص٢٢٠). جا چ هەواڵ بێت، یان توانج، یاخود بابەتی هزری، یان لێکۆڵینەوە بێتو...تاد. بەزۆریش سەرنووسەر نوێنەرایەتی خاوەنی ڕۆژنامەکە دەکاتو هەموو بەرپرسیارێتیو ڕێووشوێنەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەکە لە ئەستۆ دەگرێت. (خالد شریفی، ٢٠١١، ص٧٢).

**سێیەم: پێکهاتەی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕاگەیاندن**

پەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن بریتییە لە قەوارەی تەواوکاری کە لە بەشو ڕەگەزی تێکچڕژاو پێکهاتووەو پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی لەنێوانیاندا بونیاد دەنێت، بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی چالاکیو ئەنجامدانی ئەرکەکان کە لە کۆتاییدا بەرهەمهێنانی دەزگاو کارەکانیو ئامانجەکانی دەهێنێتەدی. دەکرێ جۆرەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش بکەین یەکەمیان ڕێکخستنی ناوەندی، یان هەڕەمی، لە رووی پلەپلەیی دەسەڵات لە لووتکەی هەرەمەکەوە بۆ بنکەکەی، باشترین بەڵگەش بۆی، ڕێکخستن لە دەزگا سەربازییەکان، ئاشکراشە، کە ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەگەریدا سەرکەوتوو نابێت، کاتێک پیادە دەکرێت. ئەو هۆکارە بنەڕەتییەی، کە ڕێگە لە پیادەکردنی لە

هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەگرێت، چڕکردنەوەی دەسەڵاتە  لە دەستی یەک کەس، ئەمەش توانای جووڵەی کارمەندانی دیکە لە ڕۆژنامەکەدا سنووردار دەکات.

وێنەیەک شێوەی ڕێکخستنی هەرەمی دەردەخات: (د. عبدالنبی الله الطیب، بدون سنه، ص٥١،٥٢).




**چوارەم: سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

لە سەدەی بیستو یەکەمدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە تۆڕی گەورە لەناو خۆیاندا لە سەر بەرژەوەندی ململانێ دەکەن، هەروەها هەر دامەزراوەیەک لە خودی خۆیدا سیستەمێکی ئاڵۆزی دەسەڵاتو پێگە و ناوەندگیرییان هەیە، کاتێک ئەوە دەخوێنین، کە لە ناو ڕۆژنامەیەک، یان وێستگەیەکی رادیۆ، یاخود وێستگەیەکی تەلەفزیۆن ڕوودەدات، هەست بە سەرسووڕمان دەکەین لە ئاستی تێکچڕژاو و ئاڵۆزی کارەکانی، چونکە لە ناو ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندندا ڕۆژانە، هەر خولەکێک بڕیاری گرنگو مەترسیدار دەردەکرێت. بە هۆی گرنگی ئەو بڕیارانەش بەرامبەر جەماوەر دەبێ ئەو شێوازە بزانین، کە بڕیارەکانی پێوەردەگیرێت، هەروەها ئەو ناوەند، یان پلەو پایانەی، کە ئەو بڕیارانە جێبەجێ دەکەن، لەگەڵ زانینی سروشتی ڕاگەیاندنکار و ئەو کاروبارانەی، کە کاریگەرییان لە سەر هەڵبژاردنی بابەتی ڕاگەیاندن هەیەو ئەو بەهاو ئاستانەی، کە ڕاگەیاندنکاران باوەڕیان پێیەتی. (د. عطاالله احمد شاکر، ٢٠١١، ص٧٩،٨٠).

هەر بۆیەش سیستەم لە بواری ڕاگەیاندن زۆر گرنگەو ئەو کەسەی لەم بوارەدا کاردەکات پێویستە نەخشەی کاتەکانی ڕێکبخات و لە ئامادەبوون لە سەر کارەکەی خۆی لە سەر دیسپلیین رابێنێت و هیچ ژوانێک (موعد)و هەڤپەیڤین یان چاوپێکەوتنێک پشتگوێ نەخات. (جەلال فەرحی، ٢٠٠٩، ل١١٠). هەروەها سەبارەت بە تەلەفزیۆنیش هەر وایە، وەک دەبینین

بۆ چەندین کاتژمێری دووورودرێژ کاردەکات، بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان، کە سەرانسەری جیهانیان داگیرکردووەو تیایدا جۆرەها بەرنامەو تایبەتمەندی و پسپۆڕی پێشکەش دەکرێت، کە گەورەترین دەرفەت دەگونجێنێت، چونکە ڕاگەیاندنکاران هەواڵو زانیاریو ئەو ئاراستانەی مەبەستیانەو ئارەزووی گەیاندنی دەکەن پەخش دەکەن بۆ دەربڕینی هەڵوێستێک، یان ڕووداوێک، بەتایبەتی لە تەلەفزیۆندا، کە دەنگو وێنەو وشەی نووسراو پێکەوە کۆدەکاتەوە. (د. محمد ابو سمره، ٢٠١١، ص٦٣).

سیستەمی کارگێڕی بۆ دامەزراوەیی ڕۆژنامەوانی، قەوارەیەکی بنەڕەتییە، کە لە چەند پێکهاتەیەکی تێکهەلکێش لە نێوان خۆیان پێکهاتووە، کە پەیوەندی ئاڵوگۆری پێکدەهێنا، بە ئامانجی بە دەستهێنانی چالاکی و هێنانەدی کاری داواکراوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە کۆتایی ئەو ئامانجە بێنێتە دی، کە دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکی بۆ دامەزراوە ئەمەش خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە خزمەتێکی ڕاگەیاندنی پێشکەش بکات، کە چاپکراوە بۆ خوێنەر، کە پێداویستییەکانی تێدا بێت لە هەواڵەکانو ڕۆشنبیری کردنو ئاراستە کردنو لە بەرامبەر خوێنەر نرخیکی گونجاوی بۆ تەرخان دەکات. (عبدالجواد سعید محمد، ١٩٨٩: نقل عن مصدر د. صليب بطرس، ١٩٧٤، ص١٤).

**پێنجەم: سیستەمی ڕاگەیاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

بیرۆکەی سیستەمی نوێی جیهانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە ڕووی مێژووییەوە، خەریکە پێش ساڵی (١٩٧٦) ڕووخسارەکانیمان نەیەتە بەرچاو، کە بە چەندین قۆناغی پەرەسەندنی گرنگدا تێپەڕی، تا لەگەڕی یەکەمی کۆنگرەی بیست و یەکەمینی یۆنسکۆ لە ساڵی (١٩٨٠)دا گەیشتە لووتکە. کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن- وێڕای جیاوازی ئاستەکانی- بەشدارییان لە گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکاندا کرد، لە لووتکەی کۆلۆمبۆ (١٩٧٥) سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکان دووچاری مەودایەکی فراوانی نێوان توانای وڵاتانی بێلایەن و وڵاتانی پێشکەوتوو هاتن، ئەوەش ئەو جیاکاری و جیاوازییە بوو، کە لە رابردووی داگیرکارییەوە بۆیان مابۆوە. (د. مصطفى الصمودي، ١٩٨٥، ص١٠).

هەر بۆیەش ڕێکخراوی یونسکۆ لە گفتوگو بوو لەگەڵ سیستەمی جیهانی نوێ بۆ ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە کۆتایی حەفتایەکان لە سەدەی بیست، کە نەیتوانی پەیوەستی بکات نە بیخاتە ڕوو. (يحى اليحياوى، ٢٠٠٤، ص٥٣).

ئامانجی بنەڕەتیی سیستەم ڕاگەیاندنی نوێی جیهانی، دووبارە بونیادنانەوەی سیستەمی ڕاگەیاندنە بە پێشدەستیی نوێ کە یارمەتیی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان دەدات

له هێنانەدیی گۆڕانکاریی گەورەتر لە سیستەمەکانی ڕاگەیاندن و زانیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکەی. (د. حسنی نصر و د. عبدالله الکندی، ٢٠١٣، ص٤٦).

(سیستەمی ڕاگەیاندن)یش، کە لە چوارچێوەی تۆڕی ئێزگە، یان کەناڵی تەلەفزیۆنی کار دەکات، چ سیستەمێکی ڕاگەیاندنی لیبرالی، یان دەسەڵاتداری، یاخود سیستەمەکی تێکەڵە بێت، ڕێژەی ئازادیی ڕەخساو بۆ ئەو تۆڕە، یان کەناڵە لە سایەی ئەو سیستەمە ڕاگەیاندنەدا هەر چۆنێک بێت. (د. غسان عبدالوهاب الحسن، ٢٠١٣، ص٧٥).

سیستەمی ڕاگەیاندن بە ئامرازە جۆراوجۆرەکانییەوە یەکێکن لە ئامرازەکانی گەشەپێدانو گەشەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو ڕۆشنبیری، هەروەها ئامرازێکیشن بۆ ڕاکێشانی لایەنگیریی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی. شارەزایان پێیان وایە، کە نیشانەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن دەکرێ بە پێی دوو ڕەگەزی بنەڕەتی کورت بکرێنەوە، کە بریتین لە: (د. شیرکۆ میرزا مەنکوری، ٢٠١٢، ص٣٧).

١. بەراوردکردنی سیستەمی ڕاگەیاندن بە سیستەمەکانی دیکەی وەکو سیستەمی فێرکردنو خێزان، زۆرترینی ئەو کەناڵە بەردەستانەی پەیوەندیکردنن لەنێوان دەستەبژێرو جەماوەری ئاساییو گەیشتن بە فراوانترین کەرتی جەماوەر.

٢. زۆرترین نەرم و نیانی و خێرایی لە وەڵامدانەوەی هەر گۆڕانکارییەکی نوێ لە خۆدەگرێت لە سەرجەم بوارە پەیوەستەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتی، بە پێچەوانەی سیستەمەکانی دیکەوە، کە پێویستییان بە گۆڕینی زۆرێک لەو کاروبارانە هەیە و پێویستییان بە ماوەیەکی درێژیش هەیە.

هەر بۆیەش یاساکانی ڕێکخستنو دەزگاکانی چاودێریی دامەزراوە سەندیکاییو یاساییو ڕەوشتییەکانو وشیاریی کرێکارانی ئەو کەرتە و کۆمەڵگای مەدەنیی کارا، تێکڕای ئەو ڕەگەزانە تەواوکاری یەکترین بۆ دابینکردنی باشترین کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. ڕوانگە ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ لە چاودێریی پێویست لە پێناو پەرەپێدانی (سیستەمی ڕاگەیاندن) و دیاریکردنی هەر ڕەگەزێک دەگێڕن، کە دەبێتە ڕێگر و کۆسپ لە بەردەم ڕەوتی ئەم سیستەمەدا. (عماد بشیر، ٢٠٠٩، ص٨٦).

شانۆنی بیرکارو ئەندازیاری کارەبایی لە ساڵی (١٩٤١) چووە ریزی تاقیگەی (بێڵ)ەوەو بە شێوازی کۆد لەکاتی شەڕدا نووسینی بەکارهێنا و ئەوەش یارمەتیی کارەکەیدا لە بواری هێما نهێنییەکان لە پەرەپێدانی گریمانەکانی تیۆری بیرکاری لە پەیوەندیکردندا. شانۆن پێشنیاری چوارچێوەیەکی گشتیی بۆ "سیستەمی گشتیی پەیوەندیکردن" کرد. پێیوابوو کە ئەو گرفتەی ڕووبەڕووی پەیوەندیکردن دەبێتەوە بریتییە لە "گەڕاندنەوەی پەیامێکی

بەرهەمهێنراوی هەڵبژێردراو لە خاڵێکی دیکەوە بۆ خاڵێکی دیاریکراو و بەڕێگەیەکی ورد، یان نزیک لێیەوە". (ارماند ماتیلار و میشیلیە ماتیلار، ٢٠٠٣، ص٦٢،٦١).

لە بنەمای سەرەکی و بنەڕەتدا دوو جۆری سەرەکی (سیستەمی ڕاگەیاندن)(*) هەن:
یەکەمیان (سیستەمی دەسەڵاتدار)(**) لە جلەوگیرکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن دەوڵەتەوە، دووەمیان: (سیستەم ڕاگەیاندنی ئازاد).

شێوەی سیستەمەکانی ڕاگەیاندنیش لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازییان هەیە، ئەوەش بە پێی پیادەکردنی ئەو دوو سیستەمە، کە لەگەڵ هەلو مەرجی هەر وڵاتێک و سروشتی رژێمە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکەیو توانستو توانا ئابووریو تەکنیکییەکانیدا دەگونجێت. (د. ثروت مکی، ٢٠٠٨، ص١٢،١١).

(د. فارۆق ئەبو زەید) پێشتر لە کتێبێکدا بە ناوی (سیستەمە ڕۆژنامەوانییەکان لە نیشتیمانی عەرەبیدا) پرسی سیستەمە میدیاییەکانی باسکرد بوو، سیستەمە ڕاگەیاندنەکانی پێشنیار کردبوو لە سەر بنەمای هەبوونی سێ سیستەمی میدیایی :"دەسەلاتداریتی، لیبراڵی، سۆسیالیستی"(***)، ئەمە لە سەر ئاستی سیستەمە میدیاییە نیشتمانییەکان. (د. فارۆق ئەبو زەید، ٢٠١٢، ل١٥٨).

---

(*) شۆن ماکبراید سەرۆکی لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی گرفتەکانی پەیوەندیکردن بەمجۆرە پێناسەی سیستەمی ڕاگەیاندنی نوێ دەکات بەوەی: "کردارێکە Process زیاتر لەوەی کۆمەڵە مەرجێکی دیایکراو و هەڵسوکەوتێک بێت و وردەکارییەکانی کردارەکەش لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، بەڵام مەبەست و ئامانجەکانی جێگیر و نەگۆڕن: دادپەروەریی زیاتر و ویژدانو مامەڵەی هاوشێوە لە گۆڕینەوەی زانیاری و ڕێژەیەکی کەمتر لە پاشکۆیەتی لە لێشاوی پەیوەندیکردنو ڕاگەیاندن، هەروەها ڕێژەیەکی کەمتریش لە لێشاوی پەیامی ڕاگەیاندنی لە سەرەوە بۆ خوارەوەو پشت بەخۆبەستنی زیاترو خود پشتگیریکردنی رۆشنبیریو دەستکەوتی زیاتر و زۆرتر بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی. سەرچاوە، (مصطفی الصمودی، ١٩٨٢، ص٢٣٦).

(**) یەکێک لە خەسڵەت و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی سیستەمی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتیش، ئەوەیە کە پەیوەندیکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە لێشاو دێت (لە لوتکەوە بۆ بنکە) بە جەختکردنەوەو توندوتیژی لە گواستنەوەی پەیامەکانی پەیوەندیکردن لە حکومەتەوە بۆ گەل. سەرچاوە، (د. مهند علی تهامی، ٢٠١٢، ص٩٢).

(***) **سیستەمی ڕۆژنامەوانیەکان:**

١.سیستەمی ڕۆژنامەوانی دەسەڵاتسالاری. ٢. سیستەمی ڕۆژنامەوانی لیبرالی. ٣. سیستەمی ڕۆژنامەوانی سۆشیالیستی. سەرچاوە، (د. فارۆق محەمەد ئەبو زەید، ٢٠٠٦، ل٩٦).

**شەشەم: بنەما نوێیەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن**

ڕێسا گشتییەکانی سیستەمی نوێی ڕاگەیاندن لە سەر بنەما گەلێکی زۆرو هەمەلایەن بەڕێوەدەچن، بۆ نمونە بنەما سیاسییەکان: ئەو بنەما گشتییانەی دەچنە ناو ئەو چوارچێوەیەوە لە ڕێسای ئازادیی بیروڕاو بڵاوکردنەوەو لێشاوی بەرفراوان و هاوسەنگی زانیارییەکان هەنگا و هەڵدەگرن، لێرەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت کە: (بسام عبدالرحمان المشاقبە، ٢٠١٣، ص٢٣٩،٢٥٠).

١. ئازادی بەڵگە و نیشانەی خۆی هەیە، ئەگەر لە دووتوێیدا گیانی بەرپرسیارێتی هەڵنەگرێت، تاکو نەبێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم ئازادییەک، کە لە خۆی گرنگتر بێت.
٢. فرەیی لە ئاستی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن، پێویستیی بە ددانپێدانان بە حەتمییەتی فرەیی سەرچاوەی هەواڵەکان و جۆراوجۆربوونی بەرهەمەکان هەیە.
٣. سوودوەرگرتنی ئازاد لە سەرچاوەکانی زانیاری و گواستنەوەی هەمان زانیاری و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ڕووداوەکان و هەروەها مافی دەنگدان، ئەوانە مەرجی بنەڕەتین، نەک تەنها سەبارەت بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی، بەڵکو سەبارەت بە جەماوەر بە کۆگیری لەسەر ئاستی تاکی و بەکۆمەڵیدا.
٤. لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن پێویستە بەپێی بنەماکانی ڕەفتار باشی، کە پارێزگاری لە سەربەخۆی خۆی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی بکاتو زمانحاڵی بەرگریکردنیش بێت لە مافەکانی مرۆڤو ڕووبەڕووی شێوازە توندوتیژی و ڕێکارییە تایبەتییەکانو چەوساندنەوەو دەستدرێژیو ئەو هەڵانە بێت، کە دژی مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێن.
٥. نابێ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ئامێری زاڵبوون و دەسەڵاتگیری بن، بەڵکو دەبێ ڕەچاوی بەهاکانی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان و مێژووەکەی بکات، هەروەها نابێ پاڵنەرەکانی کێشەو ئەندێشەی وروژاندن بێت لە پێناو بە دەستهێنانی ئاسان. (بسام عبدالرحمان المشاقبە، ٢٠١٣، ص٢٣٩،٢٥٠).

**حەوتەم: ڕەهەندەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن**

چەمکی ڕەهەندەکانی سیستەمی ڕاگەیاندن لە پێنج چەمکەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت بەم جۆرەی خوارەوە: (عزام ابو الحمام، ٢٠١٠، ص٢٥).

١. **فەلسەفەی ڕاگەیاندن:** ئەو بڕبڕەی پشتەیە، کە سیستەمی ڕاگەیاندنی لە سەر راوەستاوەو کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای هزری لە خۆدەگرێت.

٢. **سیاسەتەکانی ڕاگەیاندن**: ئەوەش بەرنامە پیادەکارییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنە.

٣. **چوارچێوەی یاسایی**: کە فەلسەفەی ڕاگەیاندن بۆ یاسا گەلێک وەردەگێڕێت، تاکو بڕیار لە سەر کاری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پێ بدرێت.

٤. **ژینگەی بنەڕەتیی پەیوەندیکردن**: ئاستی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و کادیرە مرۆییە رەخساوەکان و توانا مادییەکان و ئەوانیتر دەگرێتەوە.

٥. "**کارکردنی ڕاگەیاندن:** بریتی یە لە ڕەفتاری ئەو دەستەیەی، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئیش دەکەن". (د. حەبیب کەرکوکی، ٢٠٠٩، ل١٣٣).

## باسی چوارەم: سەرهەڵدان و سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

### ١. سەرهەڵدان و گەشەکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراوی ئاسمانی "سەتەلایت" لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە سەری هەڵداو، گەلی کوردیش وەکو سەرجەم گەلانی دیکەی جیهان هەوڵیدا دەنگی ڕەوای خۆی بە دنیا بگەیەنێت و وێنەی شێوێنراوی لە ئاوێنەی بەرنامەکانی ڕاگەیاندنی بینراو جارێکی دیکە بە شێوەیەکی جوان و ڕاست بە جیهان پیشان بدات. بۆیە یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردی بە ناوی کەناڵی میدیا تی ڤی (Media T.V) لە رۆژی (١٩٩٥/٥/١٥) لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا دامەزرا. (بەهادین ئەحمەد، ٢٠٠٦، ل٨٣). دواتر ئەو تەلەفزیۆنە لە پایتەختی هۆڵەند-ئەمستەردام نوێ کرایەوە. (حبیب کرکوکی، ٢٠٠٦، ص٩٧).

هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە شێوازی کەناڵە ئاسمانییەکانی لە رێگای پەخشی کەناڵی کوردستان تیڤییەوە ناسی، دوای ئەوەش کەناڵی ئاسمانی دیکەی بە دواداهات، کە جەماوەری کوردی لە رێگای هەمەڕەنگی و خزمەتگوزارییەکانیانەوە دەدوێنن، بە جۆرێک کە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان پڕ دەکەنەوە. (مەحمود وەندی، ٢٠١٣، ل١٩٣).

ئەگەر مێژووی تەلەفزیۆنی کوردی لە کوردستان بە کردنەوەی یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی بە ناوی "کوردستان تیڤی" دەست پێ بکەین. ئەم کەناڵەش لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزراو یەکەم پەخش و بەرنامەشی لە (١٩٩٩/١/١٧) دەست پێ کرد. (دکتۆر سەپان، ٢٠٠٩، ل٣٨). بە دوایدا لە (٢٠٠٠/١/١)دا کەناڵی کوردستات لە لایەن یەکێتی نشتیمانی کوردستان هاتە دامەزراندن. (هەڵەت هەمەوەندی، ٢٠١١، ل١٦٣).

دواتر کەناڵی زاگرۆس "Zagros" لە رۆژی (٢٠٠٥/٦/١٦) لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرایەوە. پاشان کەناڵی تەلەفزیۆنی (الحریە) کە پێشوو تر کەناڵێکی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو لە بەغداد پەخشی بەرنامەکانی دەکرد، لە رۆژی (٢٠٠٥/١٢/٥) گۆرا بۆ کەناڵێکی ئاسمانی و هەمان رۆژ پەخشی بەرنامەکانی وەکو کەناڵی ئاسمانیی (الحریە) دەستپێکرد. هەورەها لە رۆژی (٢٠٠٦/١/١) کەناڵی رۆژهەلات تی ڤی "Rojhelat T.V" لە کۆمەڵەی ئەورووپی "Hotbird " کرایەوە. دواتر لە هەمان کۆمەڵەی ئەورۆپا هەر یەکە لە کەناڵەکانی کۆمەڵەو "Komala"و تیشک "Tishk" و عەشتار "Ishtar" پەخشی ئەزموونیان دەستپێکرد. (بەهادین ئەحمەد، ٢٠٠٦، ل٨٤).

به زۆربوونی ژمارەی سنی له سەر ماڵەکان، خەڵک مەرجی زیاتری له سەر کەناڵە کوردییەکان پەیدا کرد، چونکە ئەوان دەیانویست بەرنامەی باشتر ببینن. (د. مەغدید سەپان، ٢٠١٣، ل٢٦٣).

هەر بۆیە هەبوونی کەناڵی ئاسمانی بۆ کورد زۆر گرنگ بوو، چونکە له لایەک کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان له هەبوونی تەلەفزیۆنی کوردی، له خوێندن و نووسین به زمانی کوردی بێبەش بوون، له لایەکی دیکەش زیاد له یەک ملیۆن کورد له بەر هۆی سیاسی، کوردستانییان جێهشتبوو و له ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستورالیا گیرسابووەنەوەو ناراستەوخۆ له کوردستان دا بڕا بوون. (د. سێرگێی میخایلۆڤ و د. مەغدید سەپان، ٢٠١٣، ل٤٦).

دامەزراندن و هاتنەکایەی کەناڵە ئاسمانییەکان له هەرێمی کوردستان- به گشت خاوەندارێتیە جۆراو جۆرەکانی- له ئاکامی دەستەیەک له پێشکەوتنی سیاسی و تەکنەلۆژی و ئابوورییدا بەرجەستەبوون به تایبەت دوای روخانی رژێمی عێراق له ساڵی (٢٠٠٣) و کرانەوەی عێراق به گشتی و هەرێمی کوردستان به تایبەتی. (شێرکۆ جەبار، ٢٠١٢، ل٣٩).

له دوای ئەم کەناڵانە چەندین کەناڵی دیکەی ئاسمانی دامەزران وەکو کەناڵی ئاسمانی "گەلی کوردستان، نەورۆز، کەی ئێن ئێن، ڤین تیڤی، پەیام، سپێدە، ئێن ئار تی، رووداو، وار، کوردسات نیوز، کۆڕەک تیڤی، کەناڵ چوار، ئامۆژگاری، ئێن ئارتی ٢، ". چەندین کەناڵی دیکە.

## ٢. سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە بریتین لە:

### ١. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان GK

پەیدابوونی تەلەفزیۆنی کوردی پاش ڕاپەرین دەستی پێ کرد و یەکەم کەناڵیش بە ناوی "تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان"بوو. (دکتۆر سەپان، ٢٠٠٩، ل٣٧). کە لە سەر خاکی کوردستانی ئازاد لە دایک بێ، (مەحمود وەندی، ٢٠١٣، ل١٩٩).

ئەوەبوو پەخشی (کەناڵی گەلی کوردستان)(*) بە زمانی کوردی لە سەرەتایی ساڵی (١٩٩١) لە شاری سلێمانی بوو، سەرەتا ناوەخۆیی بوو، (ئەمیر نامیق عەبدوڵڵا، ٢٠٠٥، ل٦٣). وەکو یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی لە دوایی ڕاپەرین دەستی بە پەخشکردن کردووە. (بەهادین ئەحمەد، ٢٠١٠، ل١٠٢).

پاشان لە ساڵی (٢٠٠٨) ئەم کەناڵە کرایە ئاسمانی و لە (٢٠٠٨/٣/٥) دەستیکرد بە پەخشی ئەزموونی و دوای ئەوە لە (٢٠٠٩/٦/١) دەستیکردەوە بە پەخشی بەرنامەکانی، بەڵام لە ژێر چاودێریکردنێکی تەکنیکی و هونەریانەدا بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەم کەناڵە لە شەو ڕۆژێکدا ١٨ کاتژمێر پەخشی هەبوو. (دیاری عوسمان عارف، ٢٠١٠، ل١٥٣).

هەر بۆیەش کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان کەناڵێکی هەواڵی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەمەڕەنگی کوردی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. (د. سێرگێی میخایلۆڤ و د.مەغدید سەپان، ٢٠١٣، ل١٠٠).

خاوەنداری ئەم کەناڵە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بارەگای سەرەکی ئەم کەناڵە لە شاری سلێمانیە. (هەریم کریم غفور، ٢٠١٥، ص١٠١).

لەو کەناڵە ئەنجومەنێک هەیە، کە بەڕێوەبەری گشتی و هەر یەک لە بەشەکانی (کارگێڕی، هەواڵ، هونەری، بەرنامەکان و وەبەرهێنان، تەکنیک) ستافی ئەنجومەنی کەناڵەکەن، سەرۆکی ئەنجومەنیش لێپسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

---

(*) کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان لە سەر سێ مانگی دەستکرد (مانگی دەستکردی هوتبێرد بە فریکوێنسی (١١٠١٣-٢٧٥٠٠ ) H (Symbol Rate) ، هەروەها مانگی دەستکردی نیلسات بە فریکوێنسی (١٠٨٩٢-٢٧٥٠٠ (Symbol Rate) H ، هەروەها مانگی دەستکردی ( ٣ (AM Express، بە فریکوێنسی-١١٥٣١) V (Symbol Rate) (٣٠٠٣، بەرنامەکانی (٢٤) کاتژمێر پەخش دەکات. سەرچاوە، (شیلان یاسین خضر، ٢٠١٤، ل٥٠).

رۆژانە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کەناڵەکە کۆبونەوەی هەیە، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بەڕێوەبەری گشتی لەگەڵ لێپسراوی بەشەکان دادەنیشن، لەم کۆبونەوەیە هەم بە کارەکانی ڕۆژی پێشوو دادەچنەوە، هەمیش پلان بۆ رۆژی ئاینده دادەنێن.

جگە لەمەش لێپسراوی بەشەکان بە جیا لەگەڵ بەرپرسی یەکەکان لە ماوەی مانگێک دوو جار کۆدەبنەوە، بە پێی پێویست، زۆرجاریش لە کۆبونەوەی ڕۆژانە هەندێ شت دێتە پێشەوە، بەرپرسی یەکەکانی دیکە وەک بەرپرسی یەکەی (کامیرا، پەیامێنران...تاد)، ئەوانیش بەشداریان پێ دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پلانەی دادەندرێت بۆ رووماڵ کردنی کارەکە، ئەوانیش لە ووردەکاریەکە ئاگادار بن بۆچونی خۆیان بخەنەڕوو.

ئەم کەناڵە لە سێ چوار خاڵدا کارەکانی بە نووسراو ئاراستەی ڕاگەیاندنکارەکان و پێکهاتەی کەناڵەکە دەکات وەک (بڕیار، ئاگادارکردنەوە، راسپاردە)یە کە بە نووسراو دەکرێت، ڕەچاوی ئەرکو مافیش دەکرێت، چەند سزا هەبێت ئەوەندەش پاداشت هەیە، جاری وا هەیە کەناڵەکە نووسراوێک دەکات بۆ بەشێک یان یەکەیەک هەموویان دەبینن، یان هەندێ بڕیار هەیە گشتگیرە بۆ هەموو بەشەکان و کارمەندانە بەڕێوەبەری گشتی دەیکات. بەشی زۆری نووسراوەکانیش بە پێیی بڕیار و ڕێنماییەکان دەبێت.

دامەزراندن لە کەناڵەکە بە شێوازی گرێبەستە، گرێبەستەکانیش شەش مانگ جارێکە، ئەگەر ڕەزامەندی لایەنی یەکەم و دووەم لە سەر هەبێت نوێ دەکرێتەوە، بەڵام کەناڵەکە فشاری زۆری نەخستۆتە سەر ڕاگەیاندنکار، بۆ نمونە ئەگەر ڕاگەیاندنکار خۆی واز بهێنێت، یان کارێکی دیکە بدۆزێتەوە، کەناڵەکە هیچ سزایەکیان بۆ دانەناوە. لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنکارەی، کە کەناڵەکە دەست بەکاردەبێت، کەناڵەکە هێچ ڕێبەریەکی نیە بخاتە بەردەستی ڕاگەیاندنکارەکە تا لە سیاسەتی کەناڵە شارەزایی پەیدا بکات و پێیەوە پابەند بێت، ئەوەی هەیە زیاتر بە زارەکی یە.

یەکیتی نیشتیمانی کوردستان کوردستان تەمویلی دارایی بۆ ئەم کەناڵە دەکات، بەڵام نەزاندرا ئەو بڕە پارەیە چەندە، کە بۆ کەناڵەکە دابین دەکرێت، لەم کەناڵە کەمترین مووچە هی ڕاگەیاندنکار (٥٠٠.٠٠٠) پێنج سەت هەزار دینارە، بەرزترین مووچەش (١.١٠٠.٠٠٠) یەک ملیۆن و سەت هەزار دینارە. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، هیچ نووسینگەیەکی لە دەرەوەی وڵات نیە، بەڵام پەیامنێریان لە هەر یەک لە وڵاتەکانی (سوید، هۆڵەندا، ئێران، تورکیا) هەیە.

لەبەر ئەوەی کەناڵەکە کەناڵێکی حزبییە، لە هەمان کاتیش خاوەنداری کەناڵەکە بەشدارە لە حکومەت، لە ڕووی کارگێڕییەوە لەگەڵ هەر دامەزراوەیەکی حکومەت

پەیوەندیەکی باشە، نووسراوی یەکتر بە بەڕێزەوە کاری پێ دەکرێت، ئەو شتانەی یاسا ڕێگای پێ دەدات، لەگەڵ ڕێکخراوەکانو حزبەکانیش بە هەمان شێوە پەیوەندیەکی باشیان هەیە". (چاوپێکەوتن لەگەڵ کاروان شێخ عوسمان، ٢٠١٥).

## ٢. کەناڵی ئاسمانی پەیام Payam

کەناڵی ئاسمانیی پەیام، تەلەفزیۆنێکی ئاسمانیی کوردییە و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان خاوەنداریەتی دەکات. (لە ڕێگەی تۆڕی ئێنتەرنێت: www.payam.tv ، ٢٠١٥).

ئەم کەناڵە یەکەمین کەناڵی ئاسمانی حزبی ئیسلامییە و لە (٢٠٠٨/١٢/١) پەخشی ئەزمونی خۆیان لە شاری سلێمانی دەستپێکرد. بودجەی ئەم کەناڵە لە لایەن کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دابین دەکرێ، تەواوی بەرنامەکانیش جگە لە وەرزش، لە ڕوانگەی ئایینیەوە شیکاری بۆ دەکەن. (د. سێرگێی میخایلۆڤ و د.مەغدید سەپان، ٢٠١٣، ل١٠٠). بەرنامەکانی بە زمانێکی کوردیی پەخش دەکات بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکی ئایینی، لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە. (مەحمود وەندی، ٢٠١٣، ل٢١٤).

پێش کرانەوەی کەناڵی ئاسمانیی پەیام بە چەند مانگێک، کۆمەڵە چالاکیەک ئەنجام دران، دوای گەڵاڵە بوونی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی ئەو چالاکیانە.

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئەو کاتی پەیام پەیکەری پێکهاتەی کەناڵەکەی داڕشت و دوای پەسەندکردنی کرایە کارنامەی کارکردن بۆ بەشەکانی کەناڵەکە. دوای ئەوەش بە پێی پێویستی و پێشکەوتنی کار و دەرکەوتنی هەندێ بۆشایی کارگێڕیی لە کارنامەکەدا ناو بە ناو گۆڕانکاریی پێویستی بەسەردا هاتووە. خاوەنداری کەناڵەکە زیاتر وەکو حاڵەتێکی پرۆتۆکۆڵی دوای ئامادەکردنی کارنامەکە پەسەندی کردووەو چووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشدار حوسێن، ٢٠١٥). کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کەناڵەکە هەفتانەیە، بە پێی پێویستیش کۆبوونەوەی نائاسایی ڕێکدەخرێت، جگە لەمەش کۆبوونەوە لەگەڵ ئاستی خوارەوەدا دینامیکیەت دەبەخشێتە ئیش و کاری کەناڵەکە و ئەمە ڕۆژانە بەردەوامە. یاخود ئەو بابەتانەی بڕیاری گرنگن و دەبێ کاریان لە سەر بکرێت، وەکو بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە نووسراو دەدرێتە بەشەکان، بەڵام هەندێ حاڵەت ڕۆژانە و بگرە بە سەعات گۆڕانکارییان بە سەردا دێت و ئاڕاستە و ڕێنمایی نوێیان دەوێت بە زارەکیی زووتر دەگات و جێبەجێ دەبێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان هەورامی، ٢٠١٥).

ئەم کەناڵە هەمیشە کورتهێنانی بودجەیان هەبووە، کە لە ڕیکلام و بەخشینی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەوە پێشکەش کراوە و ئەمانەش هەموو بە لیستی روون و شەفاف پێشکەشی دەزگای دارایی حیزب کراوەتەوە. ئەوەی کە حیزب دابینی کردووە، بڕی (١١٥) ملیۆن دینار بووە، بەڵام مانگانە لە نێوان ( ١٨٠ – ٢٠٠) ملیۆن خەرجکراوە، ئەمە جگە لە هەندێ خەرجی تری نوێکردنەوەی ئامێر و ستۆدیۆ و کرێی مانگی دەستکرد. بۆ بە مووچەی ڕاگەیاندنکارانی کەناڵەکەش کەمترین مووچە بڕی (٤٠٠) چوار سەت هەزار دینارە و بەرزترین مووچەش (١.٢٠٠.٠٠٠) یەک ملیۆن و دووسەت هەزار دینارە. ئەم کەناڵە نووسینگەی لە (تاران – ئێران) هەیە و لە ئەورووپاش تیمێکیان هەیە بۆ ڕووماڵی بابەتە گرنگەکان. کەناڵی ئاسمانی پەیام سیستمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (حکومەت و حیزبەکان و ڕێکخراوەکان) و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاسۆییە و لە حاڵەتی پەرەپێدانی بەردەوامدایە. لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا وەکو هاوپیشەی یەکتر هاوکاری زۆرە، بە تایبەتی کەناڵە هەواڵیی و سیاسییەکان. لە ڕووی سیستەمی کارگێڕییەوە. بۆ نموونە بە نیسبەت پەیکەری کەناڵەکە بڕیارەکان بە شاوڵیی دادەبەزن، بەشەکانیش جێبەجێیان دەکەن، بەڵام بەشەکان بە ئاسۆیی کارەکانی خۆیان پەرەپێدەدەن.

واتە بە شاوڵیی توانای کەسەکان بەهێز دەکرێت بۆ ئەوەی لە فراوانکردنی ئاسۆییدا باشترین بەرنامە پێشکەش بە بینەر بکرێت. جگە لەمانەش هەر هەنگاو گۆڕانکارییەک ئەندامانی کەناڵەکە لە بڕیارەکاندا بەشداریی پێدەکەین". (چاوپێکەوتن لەگەڵ فارۆق عەلی، ٢٠١٥).

## ٣. کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن K.N.N

کەناڵی کەی ئێن ئێن کەناڵێکی هەواڵییە. (صلاح الدین عثمان قادر، ٢٠٠٩، ص٨٩). کورتکراوەی (Kurdish news network Chennel) واتە کەناڵی تۆڕی هەواڵی کوردی. یەکەم پەخشی کەناڵەکە لە (٢٠٠٨/١٢/٣١) بوو، بە یەکەم کەناڵی هەواڵی دادەنرێت، کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە.(د.حکیم عثمان حمید، ٢٠١٣، ص١٧٦).

کەناڵەکە تەمویلی دارایی (بوجەی) لە لایەن کۆمپانیای وشەوە بۆ دابین دەکرێ، کە کۆمپانیایەکە ڕێکخراوێکی فەرهەنگی سیاسییە. (د. سێرگێی میخایلۆڤ و د.مەغدید سەپان، ٢٠١٣، ل١٠١).

هەڵبەتە، تا ئەم ساتە وەختە ناکرێت "کۆمپانیای وشە" لە بزوتنەوەی گۆڕان" وەک حزب جیا بکرێتەوە، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە ئەزمونی تەواوی کەناڵەکانی سەر بە بەم

کۆمپانیایه به تایبەتی کەناڵی کەی ئێن ئێن، دەیسەلمێنن بەشێکی جیانەکراوەن له "بزوتنەوەی گۆران". (مەم بورهان قانع، ٢٠١٢، ل٢٥٧). کەناڵەکه نووسینگەی سەرەکی له شاری سلێمانیه - کوردستانی عێراقه. (له رێگەی تۆری ئێنتەرنێتwww.knnc.net :، ٢٠١٥).

## ٤. کەناڵی ئاسمانی سپێده Speda TV

به دووەمین کەناڵی ئاسمانی ئیسلامی له هەرێمی کوردستانی عێراق دادەندرێت. (کاروان محمد، ٢٠١٣، ص١٥٨). یەکەم پەخشی ئەم کەناڵه له (٢٠٠٩/٦/١٦)، له شاری هەولێر دەستی پێکرد. (د. سێرگێی میخایلۆڤ و د.مەغدید سەپان، ٢٠١٣ ، ل١٠٠،١٠٢).

ئەم کەناڵه له سەر هەردوو مانگی دەستکردی هۆت بێرد و نایلسات دەستی به پەخشی کرد. ماوەی پەخشەکەی (١٨) کاتژمێره له شەو ڕۆژێکدا، به هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی به دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو پەخشی خۆی دەکات. پەیکەر و پێکهاتەی کەناڵی ئاسمانی سپێده دەستەی کارگێڕی کەناڵەکه دایناوه، له کاتی پێویست گۆرانکاریشی به سەر داهاتووه، بۆ نمونه پێشتر یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی هەبوو، کەچی ئێستا نەماوه.

دەستەی کارگێڕی کەناڵی ئاسمانی سپێده پێکهاتووه له بەڕێوەبەری گشتی و هەشت بەڕێوەبەرایەتی ئەوانیش: (کارگێڕی، هەواڵ، بەرنامەکان، هونەری، تەکنکیک، پەیوەندییەکان و ڕاهێنان، دەزگای هانا، کۆمپانیای سکای ارت)، که هەفتانه (٢) کاتژمێر کۆدەبنەوه، له سەر هەموو بەشەکان گفتوگۆ دەکەن.

به شێوەیەکی گشتیش بەڕێوەبەری گشتی سێ مانگ جارێک لەگەڵ سەرجەم کارمەندان و ڕاگەیاندنکاران کۆدەبێتەوه، هەر بەڕێوەبەرایەتیەکیش به پێی پێویست کۆبونەوه لەگەڵ کارمەند و ڕاگەیاندنکارانی خۆی دەکات. بۆ ڕواندنی ئیش و کارەکانی کەناڵەکەش پشت به نووسراوی کارگێڕی دەبەستن، چ بۆ پاداشتی کارمەندان یاخود سزاو سەرپێچی کارمەندان له کارەکانیان. ڕاگەیاندنکارەکانی ژووری هەواڵ، بەو شێوەیه ناتوانن هەواڵ بگۆرن، بەڵام وەک پێشنیار دەتوانن بۆچونی خۆیان بخەنه ڕوو، چونکه کەناڵەکه دەستەیەکی پلاندانانیان هەیه، که ڕۆژانه لەگەڵ بەڕێوەبەری هەواڵ به سەرپەرشتی بەڕێوەبەری گشتی، ڕۆژانه بەیەکەوه کۆدەبنەوه، بۆ ئەوەی چ خاڵێک و بابەتێک و پرسێک بخرێته ڕوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل کەریم حەمەد، ٢٠١٥).

جگە لەوەش کەناڵەکە لیژنەیەکی هەیە، بە ناوی لیژنە "دامەزراندن"، لە سێ کەس پێک دێت، کاتی ڕاگەیاندنکاران پوختەی کەسیەتی (C.V) پێشکەش دەکەن بۆ گشت بەشەکان، هەفتانە ڕۆژێک دیاری کراوە، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە (C.V) پر کردۆتەوە دەیانەوێت لە کەناڵەکە کار بکەن، ئەگەر ڕاگەیاندنکارەکەیان لە لایان کەسێکی باش بوو، مانگێک لە (تێست – ئەزمونی) دەبێت، دواتر ئەگەر لەو ماوەیە دەرچوو لە تێست، لە لایەن لیژنەکە دەکرێت بە فەرمانبەرێکی هەمیشەیی، بە پێچەوانەوە.

خاوەنداریەتی ئەم کەناڵە لە لایەنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوەیە، کە مانگانە بڕی (١٥٠) سەت و پەنجا ملیۆن دینار بۆ کەناڵەکە دابین دەکات. تەواوی کارمەندانی ئەو کەناڵە بە شێوەیەکی گرێبەست کاردەکەن، کە ساڵانە گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە بەرزترین مووچە، کە بدرێت بە ڕاگەیاندنکاران بڕی (١.٧٥٠) یەک ملیۆن و حەوت سەت و پەنجا هەزار دینارە، نزمترین مووچەش بڕی (٤٢٠) چوار سەت و بیست هەزار دینارە. کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە هەر یەکە لە وڵاتەکانی (بەریتانیا، تورکیا، ئێران) (نووسینگە-تیم)یان هەیە، شێوازی کارکردنیان بریتیە لە پارچە، واتە پابەند نین بە دەوامێکی ڕۆژانە. ئەو تیمەی لەو وڵاتانە کاردەکەن، شێوازی کارکردنیان لە ڕووی داراییەوە بە شێوەی پارچەیە، یاخود گرێبەست لە وڵاتێک بۆ یەکی دیکە جیاوازی هەیە. لە بەر ئەوەی ئەو کەناڵە کاری میدیایی دەکات، پەیوەندییان لەگەڵ هەموو لایەک ئاساییە، لە دواجار ئەو پەیوەندیەش پەیوەندییەکی مێدیاییە، لەگەڵ حزبەکان و حکومەت و ڕێکخراوەکانیش بە پێیی بوونی ڕووداو و کەرستەی میدیاکانە.

لە کەناڵەکەش سیستەمێکی مەرکەزی پەیڕەودەکرێت، بۆ نووسینگەکان نیمچە لامەرکەزیەکیان پێدراوە بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان بە تایبەت نووسینگە گەورەکان. کارەکە وا دەخوازێت بۆیە ئەو سیستەمە هەڵبژێردراووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم ئەحمەد قادر، ٢٠١٥).

## ٥. کەناڵی ئاسمانی ڕووداو Rudaw

کەناڵی ئاسمانی ڕووداو لە (٢٠١٣/٥/٢٩)، دەستی بە پەخشی خۆی کردووە، بە یەکەم کەناڵی ئاسمانی (HD)(*) دادەندرێت. (ظاهر حمدامين صابر، ٢٠١٤، ل٨٣ .

لە سەرەتا (پەخشی)(**) لە سەر چوار (مانگی دەستکرد) (***) دەستپێکرد، لە تەشرینی یەکەمی (٢٠١٤)ەوە زیاد بووە بۆ پێنج(****) مانگی دەستکرد، کۆمپانیایەکی تایبەتمەندە بە بەرهەمهێنانی میدیایی.

سەنتەری پەخش و بەڕێوەبردنی لە شاری هەولێرە. ئەم کەناڵە خاوەنی نوێترینو سەردەمیترین ئامراز و سیستەمی تەکنیکییە، تەکنیکی هەموو بەش و ئۆرگانەکانی وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، دیجیتاڵ پۆرتال بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، بە یەکەوە گرێدراوە.

---

(*) **ئێچ دی تیڤی HDTV:**

لە نەوەدەکان، سیستەمێکی نوێ پەیدا بوو پێی دەگوترا تەلەڤزیۆنی های دێفینیشن HDTV . ئەو تیڤییە شاشەیەکی سینەمایی(٩ بە ١٦) پانو بەرزیی هەبوو لە جیاتی شاشە ستاندارەکەی تیڤی کە (٣ بە ٤)، لەگەڵ لانی کەم وردیی وێنەکانی دوو هێندەی وێنەکانی NTSC دەبوو واتە لانی کەم دوو قات سافتر و باشتر. وێنەکان دە قات زانیاریی ڕەنگا و رەنگ، دەنگ بە کوالێتی سیدیو دیجیتاڵیان هەڵدەگرت، زۆر سافتر و روونتر بوون لە چاو تەلەڤزیۆنی ئاسایی. سەرچاوە، (ئێرڤینگ فانگ، ٢٠٠٩، ل٢٧٢).

(**) **پەخشی ئاسمانیی ڕاستەوخۆ:** بریتییە لە (وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە مانگی دەستکرد بۆ ئامێری وەرگرتن لە ماڵ، یان لە ڕێگەی کێبڵی بەستراو بە وێستگەی وەرگرتنەوە، هەروەها دابەشکردنی شەپۆلەکانی مانگەکە، بەڵام میکانیکییەتی پەخشی ڕاستەوخۆی ئاسمانی پشت بە وێستگەکە دەبەستێت لە پەخشکردنی بەرنامەکانی، یان ئەو بابەتەی کە کاتێکی لە مانگە دەستکردەکەی بۆ گیراوە تاکو مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە مانگەکە بابەتەکە لە کاتی خۆیدا پەخش دەکات بۆ ئەو وڵاتانەی کە وەریدەگرن و پێشوازیی لێ دەکەن). سەرچاوە، (ماجد فاضل زون، ٢٠٠٩، ص٤٣).

(***) **یەکێتیی سۆڤێەت (پێشوو):** یەکەم مانگی دەستکردی لە جیهاندا بەناوی (سبۆتنیک) ڕەوانەی ئاسمان کرد، تاکو بە دەوری زەویدا بخولێتەوە، ئەو دەستکەوتەش ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و هەڕەشەیەکیش بوو بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. سەرچاوە، (اياد شاكرى البكرى، ١٩٩٩، ص١٩).

(****)مانگە دەستکردەکانی Nilesat, Hot Bird, Turksat, Galexy, Optus). سەرچاوە، (لە ڕێگەی تۆڕی ئێنتەرنێتwww.rudaw.net :، ٢٠١٥).

(شیلان یاسین خضر، ٢٠١٤، ل٥٤،٥٥). تۆڕی میدیایی رووداو بایەخێکی تایبەت بە بەرهەمهێنان بە زمانی ئینگلیزی دەدات، ئەویش بەو مەبەستەی کە جیهان زانیاریی رۆژنامەوانییانەی دروستتری لە بارەی پرسەکانی تایبەت بە کورد و کوردستانەوە هەبێت. (لە رێگەی تۆری ئێنتەرنێت .www.rudaw.net ٢٠١٥) ،پەیکەر و پێکهاتەی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو).

ئەو کاتەی تۆری میدیایی ڕووداو دامەزرا، لە لایەنی ئەنجومەنی کەناڵەکەوە پێکهاتەی کارگێڕی کەناڵەکە داندرا، ئەگەر پێویستیش بکات گۆرانکاری تێدا دەکرێت لە رێگەی ئەنجومەنی کەناڵەکەوەو لە کۆبونەوە بڕیاری لە سەر دەدرێت. بەڕێوەبەری گشتی لە ماوەی مانگێک یەک جار لەگەڵ کارمەندان و بەڕێوەبەری بەشەکان کۆدەبێتەوە، ئەگەر پێویستیش بکات لە هەر حاڵەتێکی گرنگ و نەخوازراویش دانیشتن و کۆبونەوەی لە ناکاو گرێدەدرێت. هەروەها زۆر گرنگە کۆبونەوە لەگەڵ کارمەندان و بەرپرسی بەشەکان بکرێت، لە بەر ئەوەی ئاگاداری کەم و کورتیەکان دەبێت، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی دەدۆزرێتەوە، بڕیاری بۆ دەردەکرێت، تەنانەت بەردەوامیش چاودێری هەیە بۆ ئەوەی کەم و کورتیەکان چارەسەر بکرێن. ئەم کەناڵە بۆ رواندنی کارەکانی زیاتر پشت بە نووسراوی کارگێڕی دەبەستیت، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی رۆژ، لە رێگەی ئیمەیل و پۆست ئەلیکترۆنیەوە دەبێت، یاخود ئەگەر حاڵەتەکە لە ناکاو یاخود پێویست بێت بە زارەکی پێییان دەڵێن. لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو دامەزراندن و کارکردنی کارمەندان بە شێوەی گرێبەستە، ئەو گرێبەستەش بۆ ماوەی دوو ساڵە، لەو گرێبەستە مافی و ئەرکی کارمەندی تێدا دیاریکراوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون نوری، ٢٠١٥).

ئەم کەناڵە نووسینگەی لە چەند وڵاتێکی دەرەوە هەیە، وەکو لە وڵاتی تورکیا (ئیستەنبۆل - ئەنقەرە- ئامەد)، (ئەمریکا - واشنتۆن) (ئەڵمانیا)، لەو نووسینگانە چەند بەشێک هەن وەکو (بەرپرسی نووسینگە -، کارگێڕی، ژمێریاری، کامیرامان، پەیامنێر). سیستەمی پەیوەندییەکانی ئەم کەناڵە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت، پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانیش. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون نوری، ٢٠١٥).

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە، کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن بوو، کە دوای زیاتر لە دوو مانگ لە چاوەڕوانیو پەیوەندی کردن پێیانەوە، کەچی وەڵامی چاوپێکەوتنە زانستییەکەیان نەدانەوە، جگە لەمەش هەر یەکە لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان و ڕووداو وەڵامی چەند پرسیارێکیان نەدانەوە.

# بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

## باسی یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

ئەنجام دانی هەر توێژینەوەی زانستی، ئامانجی و گرنگیەکەی لەوە دایە، کە توێژەر بە شێوەیەکی زانستی و لە ڕێگەی ڕێکارەکانی توێژینەوەی زانستی پابەند دەبێت پێیەوە، چەند ڕێکارێکی مەیدانیش هەن کە بریتین لە:

**١. میتۆدی توێژینەوە**

ئەم میتۆدە شیکردنەوە بۆ داتاو زانیارییەکان دەکات و دەگاتە دەرئەنجامی باش و زانستی. کەواتە ئەم توێژینەوە لە توێژینەوە وەسفییەکانە، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەی ڕووپێوییە، کە ئەم میتۆدەش بە یەکیک لە دیارترین میتۆدەکان دادەندرێن، کە زۆرترین داتاو بەیاناتی تێدا دەخرێتە ڕوو.

**٢. کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە هەموو ئەو کەناڵە ئاسمانییانەن، کە لە ناو هەرێمی کوردستان پەخشی ئاسایی خۆیان دەکەن، بە نمونەش هەر یەکە لە کەناڵی (گەلی کوردستان، پەیام، کەی ئێن ئێن، سپێدە، ڕووداو).

**٣. نمونەی توێژینەوە**

هەڵبژاردنی نمونەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لە گرنگترین ڕێوشوێنەکانی توێژینەوە، نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە سەرجەم ڕاگەیاندنکارەکانی پێنج کەناڵی ئاسمانی ئەوانیش (گەلی کوردستان، پەیام، کەی ئێن ئێن، سپێدە، ڕووداو)، جگە لە کارمەندانی کارگێڕی کەناڵەکان، کە لە سنوری توێژینەوەکە ئاماژە پێکراون، کە تێکرای نمونەکان (١٥٦) ڕاگەیاندنکارن.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕوونکردنەوەی کۆی گشتی ژمارەی نمونەکانی توێژینەوە**

**٤. سنورەکانی توێژینەوە**

| کۆی گشتی | Rudaw | Payam | KNN | Speda | GK | ناوی کەناڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٣٠ | ٢٥٢ | ٨٧ | ٧٤ | ١٠٩ | ٢٠٨ | کۆی گشتی ژمارەی ڕاگەیاندنکارانی کەناڵ |
| ١٥٦ | ٢١ | ٢٥ | ٢٧ | ٤٠ | ٤٣ | ژمارەی وەرگیراوانی یەکەکانی توێژینەوە بۆ هەر کەناڵێک |

دەست نیشان کردنی بوارەکانی توێژینەوە، هەنگاوێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی ڕێگاکانی توێژینەوەی زانستی، بۆیەش بواری توێژینەوە چوارچیوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەو نمونە دیاری دەکات، بواری توێژینەوەش بە سەر سێ بوار دابەش دەبێت ئەوانیش بریتین لە:

ا. **بواری شوێن:** بواری شوێن کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستانن، کە مەبەست لێی پێنج کەناڵی ئاسمانین ئەوانیش (گەلی کوردستان، پەیام، کەی ئێن ئێن، سپێدە، ڕووداو)، کە ئەم پێنج کەناڵە گشتیان ئۆفیسی سەرەکیان لە هەرێمی کوردستانە، بۆ دەست نیشان و هەڵبژاردنی ئەم پێنج کەناڵە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بووە، بۆ ئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە بپێکێت.

ب. **بواری کات:** مەبەست لە بواری کات لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە توێژەر هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو کۆکردنەوەی زانیاری پەیوسەتدار بە بابەتی توێژینەوەکە، لە قۆناغی ڕێکارە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ماوەی (٢٠١٥/٥/٧ تاوەکو ٢٠١٥/٦/١٢).

ج. **بواری مرۆیی:** بریتین لە سەرجەم ڕاگەیاندنکارەکانی هەر پێنج کەناڵە ئاسمانییەکان، جگە لە ڕاگەیاندنکارەکانی بواری کارگێڕی، کە خۆی لە هەردوو ڕەگەز دەبینێتەوە، بۆ نمونە ڕاگەیاندنکارانی (ژووری هەواڵ، ئامادەکار، بێژەر و پێشکەشکار و ستۆدیۆ و پەخش و کامیرامان).

**٥. گۆڕاوەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەی چەند گۆڕاوێکی گرنگ لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە:

٥.١ - **گۆڕاوی سەربەخۆ:** لەم توێژینەوەیە گۆڕاوی سەربەخۆ دەردەکەویت، کە بریتییە لە (سیستەمی کارگێڕی) لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٥.٢ - **گۆڕاوی پاشکۆ:** هەر لەم توێژینەوەیە گۆڕاوی پاشکۆ دەردەکەویت، کە بریتییە لە (کارکردنی ڕاگەیاندنکاران)

٥.٣ - **گۆڕاوی مام ناوەندی:** لە ڕێگەی گۆڕاوی سەربەخۆی و گۆڕاوی پاشکۆ گۆڕاوی مام ناوەندی دەدۆزرێتەوە، کە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانن، ئەویش بە پێی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن).

## ٦. کەرستەکانی توێژینەوە

بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی توێژەر پشت بە چەند ئامرازێک دەبەستێت بۆ ئەوەی داتاو زانیاری لە رێگەی ئامرازەکان دەست بکەوێت، توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پشتی بە چەند ئامرازێک بەستووە ئەوانیش:

١ - ٦. **چاوپێکەوتن:** بە یەکێک لە ئامرازەکانی توێژینەوەی مەیدانی دادەندرێت، کە توێژەر لە رێگەی ئەم ئامرازە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەدات، هەروەها هاوکار دەبێت بۆ توێژەر بۆ ئەوەی زانیاری لە رێگەیەوە بە دەست بخات.

توێژەر بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست، لە سەر کەناڵەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەو کەناڵانە ئەنجامداوە، کە نمونەی توێژینەوەکەن.

٢ - ٦. **تێبینی:** ئامرازێکی گرنگی توێژینەوەی زانستییە، کە لە لایەنی تیۆری و مەیدانی بەکاری دەهێندرێت، لە رێگەی بیروبۆچونی توێژەر، لە هەر شوێنێک پێویستی پێ بوو بێت، توێژەر ئامرازی تێبینی بەکارهێناوە.

**٣ - ٦. فۆرمی راپرسی**

بۆیە توێژەر فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە، کە ڕاو سەرنج و ئاراستەی نمونەی توێژینەوە وەردەگرێت، ئەم ئامرازە بوار دەدات، کە بگەیتە ئەنجامێکی زانستی. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سوودی زۆری لەم ئامرازە وەرگرتووە، فۆڕمی راپرسی بە سەر ڕاگەیاندنکارەکانی ئەو کەناڵانە دابەش کردووە، کە نمونەی توێژینەوەکەن، دواتریش وەڵامی فۆڕمەکەیان داوەتەوە وەرگیراونەتەوە.

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆڕمی راپرسی (ئامرازی توێژینەوە)**

بۆ داڕشتن و درووست کردنی دوا شێوەی فۆڕمی راپرسی لێکۆڵینەوەکە، توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتۆتە بەر ئەوانیش بریتین لە:

١ - ٣ -٦. بۆ داڕشتن و رێکخستنی دەستەواژەکان، توێژەر بیرۆبۆچونی چەند پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن و کارگێڕی وەرگرتووە، هەروەها بە سەرنج دان لە شێواز و کارکردنی ڕاگەیاندنکاران و جێبەجێکردنی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە باشترین دەستەواژەی توێژینەوەکە.

٢ - ٣ -٦. توێژەر دوای داڕشتنی بڕگەکان توانی پێوەری توێژینەوە لە سەر شێوەی لیکەرت ( Likert Scale) پێنجی درووست بکات، هەر یەکە لە بڕگەکانی پێوەر (٥) هەڵبژاردنی وەک (لەگەڵیدام بە تەواوی، لەگەڵیدام، تاڕادەیەک، لەگەڵیدانیم، لەگەڵیدانیم بە

تەواوی)، به شێوەیەک ئاماژەی ژمارەیان پێدراوه هەر وەک له خشتەی (٢) روون کراوەتەوه.

**خشتەی ژماره (٢)**

**ئاماژەی ژمارەی دەستەواژەی پۆزەتیف و نێگەتیف دەردەخات**

| پلەی لایەنگیری / وەڵام | لەگەڵیدام به تەواوی | لەگەڵیدام | تارادەیەک | لەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم به تەواوی |
|---|---|---|---|---|---|
| باش | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| خراپ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

٣ - ٣ -٦. دوای داڕشتنی دەستەواژەکان، پاشان چەند پسپۆڕێک له بەشەکانی (ڕاگەیاندن، کارگێڕی، ئامار، کوردی) دەست نیشان کران، بۆ ئەوەی راوبۆچون خۆیان له سەر دەستەواژەکان و پرسیارەکان بخەنه روو له رووی (هزری، زمانەوانی، شێواز، روونی، وردی).

٤- ٣-٦. بەر رەچاوکردنی بیرورایی پسپۆران و شارەزایان و ئەکادیمیەکان و پێشنیار و بۆچونەکانیان، سەرەتا ژمارەی دەستەواژەو پرسیارەکان (٤٣) بوون، که خۆی زیاتر له دەستەواژەی نێگەتیف دەبینیەوە، بەڵام دەستەواژەو و پرسیارەکان له رووی ژماره وەک خۆی مانەوە، کەچی دواتر ئالوگۆڕی به شێوازی پرسیار و دەستەواژه و گۆڕینیان کراو له هەردوو دەستەواژەی پۆزەتیف و نێگەتیف له خۆ دەگرێت.

## ٧. ئاستەنگەکانی توێژینەوە

له کاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، بێ گرفتو ئاستەنگ نابێت، بۆیه له کاتی کۆکردنەوەی سەرچاوەو ئەنجامدانی رێکاره مەیدانییەکان و دابەش کردنی فۆڕمی راپرسی به سەر ڕاگەیاندنکارانی حەوت کەناڵی ئاسمانی ئەوانیش (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، پەیام، کەی ئێن ئێن، سپێده، ئێن ئارتی، رووداو)، که له رێکەوتی ٢٠١٥/٥/٧، دەست پێکراوه، تاکو وەرگرتنەوەیی فۆرمەکانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی زانستی چەند ئاستەنگێک هاتونەته بەردەم توێژینەوەکه ئەوانیش:

١. کەمی و دەست نەکەوتنی سەرچاوەی پێویست له سەر بابەتەکه. بارودۆخی ناوچەکه و هاتنی رێکخراوی دەوڵەت ئیسلامی له عێراق و شام (داعش) بۆ موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەمه وای کرد که توێژەر نەتوانێت

لە شارەکانی عێراق بە تایبەت موسڵ و بەغداد شارەکانی دیکەی عێراق دەستی بگات بە سەرچاوە و زانیاری لە سەر بابەتی توێژینەوەکە.

٢. لە کاتی ئەنجامدانی ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەو دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و وەرگرتنی زاینیاری لە سەر کەناڵەکان، دوای زیاتر لە پازدە ڕۆژ کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵەکە، وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەیان نەدایەوە، لە کۆیی (٥٠) فۆرمیش تەنها ٨ ڕاگەیاندندنکار فۆرمییان پرکردەوە، کەچی فۆرمەکان بە نیوە چلی پڕکرانەوە دواتر هەژمار نەکران.

٣. دواخستنی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن لە لایەن کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، ئاستەنگێکی تر بوو لە بەرامبەر سستی کارەکان بۆ توێژینەوەکە، چونکە بۆ ماوەی یەک مانگ و (٥) ڕۆژ فۆرمەکانیان لا بوون، لە دوایی ئەو ماوەیە لە کۆیی (٥٠) فۆرم (٢١) فۆڕم گەڕانەوە، ئەمەش بوو بە ئاستەنگێک بۆ دواخستنی توێژینەوەکە.

٤. یەکێک لە ئاستەنگەکانی دیکەی بەردەم توێژینەوەکە کەناڵی ئاسمانی کوردسات نیوز بوو، کە دوای سەردان کردنییان خوێندنەوەی فۆرمەکە بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵەکە بە ڕاوێژ لەگەڵ کارەکتەرەکانی سەرووی خۆی نەیان توانی فۆرمەکان پەسەند بکەن. بە بیانوی ئەوەی گوایە ئەم زانیارییانەی لە نێو فۆرمەکە هەن زانیاری کەسین و بۆ خاوەنداری کەناڵەکە و خودی کەناڵەکەش باش نین. هەر بۆیە بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەو پسپۆرانی بواری میدیا، کەناڵی ئاسمانی کوردسات نیوز گۆڕدرا کرایە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان.

٥. یەکێک لەو کەناڵانەش وەک کەناڵی ئەهلی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا لە توێژینەوەکە، کەناڵی ئاسمانی (ئێن ئار تی) بوو، بەڵام دوایی سێ ڕۆژ سەردان کردنی ئەو کەناڵە، کەچی بەڕێوەبەرابەرانی ئەو کەناڵە، لە بەر بینینی تەوەری فۆرمەکان و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی و باس کردنی خاوەنداری کەناڵ فۆڕمەکانیان پەسەند نەکرد.

٦. ئاستەنگێکی دیکەی توێژینەوەکە لە لە کۆیی دابەش کردنی (٢٥٠) فۆڕم بە سەر نمونەی توێژینەوەکان، کەچی (١٥٦) فۆڕم گەڕانەوە.

٧. یەکێک لە گرفتەکانی دیکەی بەردەم توێژینەوەکە، کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن بوو، کە دوای زیاتر لە دوو مانگ لە چاوەڕوانی و پەیوەندی کردن پێیانەوە، کەچی وەڵامی چاوپێکەوتنە زانستییەکەیان نەدایەوە، جگە لەمەش هەر یەکە لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان و ڕووداو وەڵامی چەند پرسیارێکیان نەدایەوە.

### ٨. پێوەری راستی توێژینەوە

لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە توێژەر لە کاتی گەشەسەندن یان هەڵبژاردنی ئامراز یان ئامرازی توێژینەوەکەی بایەخی پێدەدات ئەوەیە، کە تا چەند ئەو ئامرازانە راستن، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە کە زانیاری و داتای گونجاو بە دەست بهێنن، کە یارمەتی توێژینەوە بدات، ئەمەش نایەتەدی تا ئامرازی توێژینەوەی راست بەکارنەهێنێت. (د. عدنان عوض، ٢٠٠٨، ص٢٤٩). ڕاستی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو دانراوە، جا هەڵسەنگاندنەکە لەوانە راستگۆبێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو یاخود هەڵوێستێکی دیاریکراو و راستگۆ نەبێت بەرامبەر هەڵوێستێکی تر، لێرەدا چەندین جۆر راستگۆییمان هەیە ئەمەش بە گوێرەی ئەو مەبەستەی کە هەڵسەنگاندن و پێوەرکردنی بۆ بەکاردەهێندرێت. (د. عبدالله فلاح المنيزل و د. عدنان يوسف العتوم، ٢٠١٠، ص١٥٢).

دەکرێت ژمارەی راستی هەڵسەنگاندنەکە بدرێتە دەست ژمارەیەک (شارەزاو پسپۆران)ی ئەو بوارەی کە پێوانەی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، ئەگەر شارەزایان گوتیان ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەفتاری پێ پێوانە دەکرێت، کە بۆ پێوانەکراوە. ئەوا توێژەر دەتوانێت پشت بە بڕیاری شارەزایان ببەستێت. (جودت عزت عطوی، ٢٠٠٠، ص١٣٩). توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە (٨) پسۆری ئەکادیمی لە بوارەکانی (کارگێڕی و ڕاگەیاندن)[*] بەستوە، دوای هەڵسەندگاندنی پسپۆران و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ

---

**(*) لیژنەی هەڵسێنگەری فۆرمی راپرسی:**

١. پ. ی. د. احلام ابراهيم ولی، کارگێڕی کار- بيردۆزی رێکخراو- کۆلیژی بەڕێوەبردنو ئابووری-زانکۆی سەلاحەددین.

٢. پ. ی. د. خالد حمدامين ميرخان، کارگێڕی کار — ستراتيجيەت- کۆلیژی بەڕێوەبردنو ئابووری - زانکۆی سەلاحەددین.

٣. پ. ی. د. مەغدید خدر ئەحمەد سەپان، ڕاگەیاندن- ڕۆژنامە، کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین.

٤. د. سامان جلال مولوود، ڕاگەیاندن- ڕادیۆ و تەلەفزیۆن- ئەنجومەنی وەزیران.

٥. د. امیر نامق عبدالله، ڕاگەیاندن- ڕادیۆ و تەلەفزیۆن- پەرلەمانی کوردستان.

٦. د. نەزاکەت حسين حمەسعید، ڕاگەیاندن- ڕادیۆو تەلەفزیۆن- سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی.

٧. د. حکيم عثمان حميد، ڕاگەیاندن، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن - کۆلیژی تەکنیکی کارگیری و ڕاگەیاندن - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٨. د. فوئاد عەلی ئەحمەد، ڕاگەیاندن- ڕادیۆ و تەلەفزیۆن- فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

فۆرمەکان دەرکەوت، کە ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (٩٠.١١%)، کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە سەر تاکی توێژینەوە.

**٩. ڕادەی جێگیری توێژینەوە**

لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕێگە هەیە بۆ پشکنینی ئامرازی جێگیری بە بەکارهێنانی گونجاندنی ناوخۆی، بەڵام تەنها یەک ڕێگەی شی دەکەینەوە کە خزمەت بەم بابەتە دەکات ئەوەش ڕێگەی بەشکردنی ( کودر ریتشاردسون و ئەمە هێمایەتی (KR٢٠ و KR٢١) (کرونباخ الفا) ئەمە هێماکەیەتی (α). (د. عدنان عوض، ٢٠٠٨، ص٢٥٤). ئامرازی جێگیری بە تەواوی پشتڕاستکراوەتەوە، کە ئەمەش بە هۆی دەرهێنانی کرداری جێگیری لە ڕێگەی (کرونباخ الفا). (د. احمد الخطیب، ٢٠٠٣، ص٢١٨).

**-کردارەکانی (کرونباخ الفا)**

ڕێگەی (کرونباخ الفا) و کودر- ریتشاردسون، هەمان ئەو ڕێگەیە تەنها ئەوە نەبێت، کە (کرونباخ الفا) گونجاوترە بۆ ئەو بڕگانەی کە وەڵامدانەوەی تێدایە، هەروەها ڕەچاوی زانیاری ورد دەکات (صفر، ١) بۆیە دەکرێت ئەم ڕێگەیە لەگەڵ تاقیکردنەوەی ڕاپۆرتەکان (وتارەکان) بەکاربهێنن، کە ئەو بڕگانە لە خۆدەگرێتەوە، کە نرخێک هەڵدەگرێت بۆ کاتێکی دیاریکراو، لەگەڵ پێوەری ئاراستەکان بەکاردەهێندرێت، کە وەڵامدانەوەی ئەوانە دەبێت (لەگەڵیدام زۆر، لەگەڵیدام، دڵنیانیم، لەگەڵیدانیم، هیچ لەگەڵیدانیم).

لە بەرامبەردا ڕێگەی کودر ریتشاردسون داوا دەکات، کە لە بڕگە دوانەکیەکان وەڵامەکان (ڕاست و هەڵە)یە بێت، لە هەمان کاتیش هەردوو ڕێگەی (کرونباخ الفا) و (کودر ریتشاردسون) هەمان دەرئەنجامیان هەیە. (د. عبدالله فلاح المنیزل و د. عدنان یوسف العتوم، ٢٠١٠ ، ص١٥٢).

ئاماری بڕگە ئەم ڕێگەیە لە سەر بنەمای بەراوردکاری لە نێوان ئەنجامدانی کاری بڕگەکان بە جیاوازی لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن وەکو گشت سەرچاوە دەگرێت، بەو پێیەی کە بڕگە خۆی هەڵسەنگاندنە، بە جۆرێک، کە هەڵسەنگاندن بۆهەڵسەنگاندنی دیکە بەش بەش دەکرێتو ژمارەکانی یەکسانن بە ژمارەی ئەو بڕگانەی، کە کۆی هەڵسەنگاندنەکە پێکدەهێنن.

لە هەنگاوهەڵهێنان بەوەی کە جێگیربوون لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن لە جێگیربوون و هاوئاهەنگی لە ئەنجامدانی کاری ئەو بڕگانەدا سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو هەڵسەنگاندنە پێکدەهێنن، چونکە دەگەنە مەزەندەکردنی چەندێتی هۆکارەکانی جێگیربوون بە بەکارهێنانی

سێ شێوه له هاوكێشه‌كان: (كرونباخ الفا، كودر ریتشاردسون، ٢١و٢٠)، هاوكێشه‌ی كرونباخ الفا له‌و حاڵه‌تانه‌دا به‌كارده‌هێنرێت، كه هه‌ڵسه‌نگاندنه‌كانی له برگه‌ی وا پێكدێن، كه نمره له سه‌ری بریتییه له په‌یژه‌ی به‌رده‌وام (نمره‌كه یه‌ک، یان سفر نییه، به‌ڵكو ده‌كرێ به‌های جیاواز وه‌ربگرێت (١، ٢، ٣، ٤ و..)، هه‌روه‌كو له حاڵه‌تی ئه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنانه‌ی كه له‌سه‌ر په‌یژه‌ی (لیكرت) بونیاد ده‌نرێن، وه‌كو په‌یژه‌یه‌ک بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی برگه‌كان. (موفق الحمدانی، واخرون، ٢٠٠٦، ص٢٨٤). له كاتی ئه‌نجامدانی توێژینه‌وه‌ی زانستی پێویسته كه راده‌ی جێگیری له (٠.٥٠) یاخود (٠.٦٠) كه‌متر نه‌بێت، كه‌چی له توێژینه‌وه‌ی ئێمه ڕاده‌ی جێگیری بریتییه له (٠.٧٣٩) یه.

### ١٠. ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

توێژەر بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەشێک لە کەرستە ئامارییەکان بەکارهێناوە. لە گرنگترینیش ( Statistical Package for Social Science) (SPSS)). لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیەن کە بە سیستەمێکی پێشکەوتوو و گرنگ دادەنرێت، بۆ شیکردنەوەی داتاکانیش، چەند یاسایەک بەکارهاتوون، لە خوارەوە سەرجەم یاسا بەکارهاتووەکان دەخەرێنەڕوو:

١. ڕێژەی سەدی $= \frac{\text{بەش} \times ١٠٠}{\text{کۆی گشتی}}$

٢. ناوەندی ژمێریاری س $= \frac{\text{مج س}}{\text{ن}}$ (د. احسان محمد الحسن و د عبدالحسين زينى، ١٩٨٢ ، ×٦٣).

٣. لادانی پێوەریي ع $= \sqrt{\frac{\text{مج}(س - \bar{س})^2}{ن - 1}}$ (د. عبدالحميد عبدالبلداوى. ٢٠٠٤. ×١٥٦).

(٤) هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن

$$r = \frac{n(\sum xy) - (\sum x)(\sum y)}{\sqrt{n\sum x^2 - (\sum x)^2}\sqrt{n\sum y^2 - (\sum y)^2}}$$

(د. احمد سليمان عوده و د. فتحى حسن ملكاوى، ١٩٩٢، ×٢٣٨).

٥. هاوکێشەیی پەیوەستی سبیرمان

$$r_s = 1 - \frac{6(\sum d^2)}{n(n^2 - 1)}$$

(د. بهاء الدين تركيه، ٢٠٠٢، ×٢٠٦).

٦. هاوکێشەی (کرونباخ الفا) – ک ر (٢٠) $= \frac{\text{ک}}{\text{ک-١}}\left[\frac{\text{مج} \times (\text{١-×})}{\text{س}^2_\text{ع}}\right]$ (٢٠) ک ر $= \frac{\text{ک}}{\text{ک-١}}\left[١ - \frac{\text{مج pq}}{s^2x}\right]$

(د. عبدالله فلاح المنيزل و د. عدنان يوسف العتوم، ٢٠١٠، ×١٤٠).

٧. شیکردنەوەی تەباین Anova بۆ شرۆڤەکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە لە دوو هۆکار زیاترن.

## باسی دووەم: خستنەڕووی زانیاریی و تاقیکردنەوەکانی گریمانە

### یەکەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

### ١. زانیاری گشتی توێژینەوە

### ١-١. کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوە

وەرگرتنی کەناڵی جیاواز بۆ هەر توێژینەوەیەک، لێکۆڵینەوەکە بەهێز تر دەکات، بۆیە لەم توێژیژینەوەیە (٥) کەناڵ دەستنیشانکراون، کە دوو کەناڵی حزبی (عەلمانی) دوو کەناڵی حزبی (ئیسلامی) لەگەڵ کەناڵێکی دیکە. دەستنیشانکردنی ئەم کەناڵانە، وەرگرتنی بیروڕایی جیاواز لە ڕاگەیاندنکارانی نێو خودی کەناڵەکە، وا دەکات توێژینەوەکە بگاتە دەرئەنجامێکی باش. لە کاتی ئەنجامدانی ڕێکارە مەیدانییەکانی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بۆ هەر کەناڵێک (٥٠) یەکە وەرگیراوە، هەر وەکو لە خشتەی ژمارە (٣) روون کراوەتەوە. بە سەرنج دان لە خشتەی خوارەوە دەبینین، کە لە کۆیی پێنج کەناڵ، بەرزترین ڕێژە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستانە کە (٤٣) نموونەی توێژینەوەی لە کەناڵەکە پێکهێناوە، کە دەکاتە (٢٧.٦%)، لە دوای ئەویش کەناڵی ئاسمانی سپێدە دێت، کە نموونەی توێژینەوەکانی (٤٠)، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٥.٦%)، پاشان کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن دێت، کە تێکرایی نمونەکانی (٢٧) کە ڕێژەی (١٧.٣%) پێکهێناوە، هەروەها کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە (٢٥) یەکەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٦%)، کەناڵی ئاسمانی ڕووداو دوا کەناڵەکە کە ژمارەی لێتوێژراوەکانی (٢١)ە، بە ڕێژەی (١٣.٥%) پێک هاتووە، تێکرایی ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە (١٥٦)ە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**کەناڵە دەستنیشانکراوەکانی نمونەی توێژینەوە**

| ناوی کەناڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| GK | ٤٣ | ٢٧.٦ |
| Speda | ٤٠ | ٢٥.٦ |
| KNN | ٢٧ | ١٧.٣ |
| Payam | ٢٥ | ١٦ |
| Rudaw | ٢١ | ١٣.٥ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

## گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان

### ٢-١. ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە

بە پێی ئەو زانیاریانەی لە خشتەی ژمارە (٤) روون بۆتەوە، لە ڕەگەزی نێر (١٣٦) نمونەی توێژینەوە بەشداریان کردووە، لە کۆیی (١٥٦)یە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٨٧.٢%)، بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها لە ڕەگەزی مێینە لە کۆیی (١٥٦)یەکە (٢٠) نمونە بەژداریان کردووە، کە ڕێژەی (١٢.٨%) پێکهێناوە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەوانەی بەژداریان کردووە لە هەردوو ڕەگەزەوە بوونە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەو ڕاگەیاندنکارانەی لە نێوکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کاردەکەن، بەشی زۆری ڕەگەزی نێرن، نەوەک ڕەگەزی مێ، ئەمەش ئەوە دەگەینێت بۆشیاییەک هەیە لەوەی کە کچان و ژنان لە نێو کەناڵە ئاسمانییەکان ڕێژەیان کەمە، کە دەتوانن شان بە شان پیاوان کاربکەن، هەر وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دەرکەوتووە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکان روون دەکاتەوە**

| ناوی کەناڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٣٦ | ٨٧.٢ |
| مێ | ٢٠ | ١٢.٨ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

### ٣-١. تەمەنی نمونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیە بچوکترین تەمەن تەمەنی (١٨) ساڵیی وەرگیراوە، چونکە لەو تەمەنە بەرەو سەروو گەنج بەرەو تەمەنی کامڵ بوون دەچێت، بەرزترین تەمەنیش تەمەنی (٥٣)ساڵییە. بە ووردبونەوە لە خشتەی ژمارە (٥) بە دەردەکەوێت، کە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٦– ٣٢) ساڵداییە (٧٣) یەکەو بە رێژەی (٤٦.٦%) پێک دێت، کە بە پلەی یەکەم دێت.

هەرچی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٩ –٢٥) ساڵیدایە، بە (٣٦) یەکو رێژەی (٢٣.١%) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە (٣٣- ٣٩) ساڵیدایە بریتین لە (٣٥) یەکە، بە ڕێژەی (٢٢.٤%)، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٤٠ – ٤٦) ساڵییە بریتین لە (٨) یەکە و رێژەی (٥.١%) پێکهێناوە، کەچی تەمەنی

(٤٧- ٥٣) ساڵی بە (٣) یەکە و ڕێژەی (١.٩%) پێک هاتووە، بەڵام تەمەنی (١٨) بە تەنیا (١) نمونە پێک دەهێنێت، بە ڕێژەی (٠.٦ %) لە ڕیزبەندی کۆتایی دێت.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**روون کردنەوەی تەمەن**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨=> | ١ | ٠.٦ |
| ١٩-٢٥ | ٣٦ | ٢٣.١ |
| ٢٦- ٣٢ | ٧٣ | ٤٦.٨ |
| ٣٣- ٣٩ | ٣٥ | ٢٢.٤ |
| ٤٠ — ٤٦ | ٨ | ٥.١ |
| ٤٧- ٥٣ | ٣ | ١.٩ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

ئەگەر سەرنج بدەین لە تەمەنی نمونەی توێژینەوەکان، روون دەبێتەوە کەوا ئەوانەی لە نێو کەناڵە ئاسمانییەکان کاردەکەن ڕێژەی زیاتر گەنجن، ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە گەنجان زیاتر تواناو هێز و ئارەزووی زیاتریان هەیە بۆ کارکردن.

**٤-١. باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوە**

بە گوێرەی خشتەیی ژمارە (٦) دەردەکەوێت، کە ئەوانەی باری کۆمەڵایەتیان سەڵتە (٥٥) یەکە پێک دێنن بە ڕێژەی (٣٥.٣%)ە، هەروەها (٩٧) لە نمونەکانی توێژینەوەش خێزاندارن، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٢.٢%)، تەنها چوار نمونەی جیابونەوەش هەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢.٦%).

**خشتەی ژمارە (٦)**

**باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکان روون دەکاتەوە**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٥٥ | ٣٥.٣ |
| خێزاندار | ٩٧ | ٦٢.٢ |
| جیابوونەوە | ٤ | ٢.٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

### ٥-١. ئاستی خوێندەواری نمونەکانی توێژینەوە

لە خشتەی ژمارە (٧) ئاستی خوێندن روون کراوەتەوە، کە ئەوانەی بڕوانامەی دبلۆمییان هەیە (٥٥) یەکەن، کە ڕێژەکەی (٣٥.٣%)یە، لە ریزبەندی یەکەم دێن، کەچی (٤٨) یەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٣٠.٨)، هەروەها ئەوانەی بڕوانامەیی ئامادەییان هەیە (٤٠)یەکەن و ڕێژەی (٢٥.٦%) پێک دەهێنن، هەرچی ئەوانەی دەرچووی بنەڕەتین، (٩) یەکەن، بە ڕێژەی (٥.٨%) پێکدێت، لە کۆتایی ئەوانەی بڕوانامەی ماستەرییان هەیە، (٤) یەکە بە ڕێژەی (٢.٦%)یە، لە ڕیزبەندی کۆتایی دێن، هیچ لە تاکەکانی توێژینەوە نیە، کە بڕوانامەی دکتۆرایان هەبێت.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ئاستی خوێندەواری نمونەکانی توێژینەوەکان روون دەکاتەوە**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٩ | ٥.٨ |
| ئامادەیی | ٤٠ | ٢٥.٦ |
| دبلۆم | ٥٥ | ٣٥.٣ |
| بەکالۆریۆس | ٤٨ | ٣٠.٨ |
| ماستەر | ٤ | ٢.٦ |
| دکتۆرا | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

به سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٧)، ئەو دەرئەنجامە دەردەخات، کەوا ئەو یەکانەی لە کەناڵەکان کاردەکەن، زۆرترین لە تاکی توێژینەوە بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، بە دوای ئەوانیش بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ئامادەیی دێت، کەچی هیچ لە تاکی توێژینەوە بڕوانامەی دکتۆرایان نیە، کە لە کەناڵەکان کاردەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، ئەوانەی لە کەناڵەکان کاردەکەن زیاتر چینێکی خوێندەوارن، بەڵام لە پلە و ئاستی جیاواز.

### ٦-١. ماوەی کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە

خشتەی ژمارە (٨) ماوەی کارکردنی یەکەکانی توێژینەوە لە کەناڵەکان روون دەکاتەوە، ئەوانەی (٧- ١١) کاتژمێر کاردەکەن، بریتین لە (١١٤) یەکە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٧٣.١%)، کە زۆرترین ماوەیە بۆ کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە، لە ڕیزبەندی یەکەم دێت، کەچی ئەوانەی لە ماوەی نێوان (٢-٦) کاتژمێر کاردەکەن (٢٨) یەکەن و ڕێژەی (١٧.٩%) پێکدەهێنن، هەروەها ئەوانەی لە نێوان (١٢- ١٦) کاتژمێر کاردەکەن (١٢) یەکەن، ڕێژەکەی بریتییە لە (٧.٧%). هەروەها ئەوانەی یەک کاتژمێر کاردەکەن لە کەناڵەکان، (٢) یەکەن، بە ڕێژەی (١.٣%) لە ڕیزبەندی چوارەم دێت.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**ماوەی کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە لە کەناڵەکان روون دەکاتەوە**

| ماوەی کارکردن لە کەناڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ => | ٢ | ١.٣ |
| ٢- ٦ | ٢٨ | ١٧.٩ |
| ٧- ١١ | ١١٤ | ٧٣.١ |
| ١٢- ١٦ | ١٢ | ٧.٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

ئەنجامی خشتەی ژمارە (٨) بۆمان روون دەکاتەوە، کەوا تاکەکانی توێژینەوە، ئەوانەی لە کەناڵەکان کاردەکەن، لە کۆی (١٥٦) یەکە، (١١٤) تاکی توێژینەوە لە نێوان (٧-١١) کاتژمێر کاردەکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کەناڵەکان لە ڕووی سیاسەتی ماوەی کارکردنەوە لە یەک نزیکن، یاخود کارەکە وا دەخوازێت تاکەکان تواناو هێزی لەوە زیاتر یان نەبێت کات و ماوەی دیکە کار بکەن، یاخود بە پێچەوانەوە دەبینین ژمارەکان کەمترن، یان

پێوستی بەشەکان و کارەکانی نێو کەناڵەکە وای کردووە، ئەو ڕێژەیە زۆرترین یەکە کار لەو ماوەیە بکات.

### ٧-١. پیشەی نمونەکانی توێژینەوە

له خشتەی ژمارە (٩) پیشەی ڕاگەیاندنکارانی کەناڵەکە روون کراوەتەوە، کەوا ئەوانەی هەواڵسازن بریتین لە (٤٢)یەکە بە ڕێژەی (٢٦.٩%) پێک دەهێنێت. هەروەها ئەوانەی بێژەر و پێشکەشکارن، خۆی لە (٢٠) یەکە بە ڕێژەی (١٢.٨٢%) دەبینێتەوە.

هەرچی ئەوانەی ئامادەکارن، بریتین لە (١٤) تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەی (٨.٩٨%) پێک هێناوە، ئەوانەی پەیامنێران (١٩) یەکە و بە ڕێژەی (١٢.٢%) یە، هەروەها ڕاگەیاندنکارانی بواری هونەری، بریتین لە (٦١)یەکە، بە ڕێژەی (٣٩.١%) پێک دێت، کە بە پلەی یەکەم دێت.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**پیشەی نمونەی توێژینەوەکان دەردەخات**

| پیشە (کار) | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەواڵسازان | ٤٢ | ٢٦.٩ |
| بێژەر و پێشکەشکار | ٢٠ | ١٢.٨٢ |
| ئامادەکار | ١٤ | ٨.٩٨ |
| پەیامنێر | ١٩ | ١٢.٢ |
| ڕاگەیاندنکاری بواری هونەری (*) | ٦١ | ٣٩.١ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

خاڵێکی گرنگ هەیە دەکرێ باسی بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە لە کەناڵەکان ئازادی کارکردن و ڕادەربڕین بەو شێوەیە نیە، ئەگینا بۆچی نمونەی توێژینەوەکان لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی ئاماژەیان بۆ کارەکانیان نەکردووە، یەک نمونەی زیندوو لە سەر ئەم بابەتە لە کاتی ئەنجامدانی ڕێکارە مەیدانییەکان و دابەش کردنی فۆڕمی ڕاپرسی بە سەر تاکەکانی توێژینەوە، یەک لە نمونەکان بانگی توێژەری کردووە، کە گوایە ئەم فۆڕمە گرفتی هەیە، کاتێ توێژەر دەچێتە لای بۆ شیکردنەوەی دەستەواژەکان پێی دەڵێت

(*) مەبەست لە ڕاگەیاندنکاری بواری هونەری (ستۆدیۆ و پەخش و کامیرامان)ن.

هیچ گرفتم نیه، بەس من تەنها کەسێکم ئەم کارە دەکەم. ئەگەر ئیدارەی کەناڵەکە ببینێت ڕەنگە گرفت بۆ من دروست بێت، بۆیە حەز دەکەم ئەم فۆرمە لای خۆت بێت.

### ٨-١. ساڵانی خزمەتی نمونەکانی توێژینەوە لە بواری ڕاگەیاندن

مەبەست لە ساڵانی خزمەتی یەکەکانی توێژینەوە لە بواری ڕاگەیاندن، ئەوەیە کە ڕاگەیاندنکاران چەند ساڵ کاریان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرد بێت، ڕۆژانە چەند کاتژمێر کاردەکەن، چونکە ساڵانی خزمەت ئەزمونی یەکەکان لە کەناڵەکان دەردەخات.

بە سەرنجدان لە خشتەی خوارەوە، دەردەکەوێت، کەوا ساڵانی خزمەت لە بواری ڕاگەیاندن روون کراوەتەوە، ئەوانەی یەک ساڵ خزمەتیان لە بواری ڕاگەیاندن هەیە، (٨) یەکەن، بە ڕێژەی (٥.١%)یە.

هەروەها ئەوانەی لە ماوەی نێوان (٢- ٦) ساڵ خزمەتیان لە بواری ڕاگەیاندن کردووە، (٦٦) یەکەن، کە بەرزترین ڕێژەیە و دەکاتە (٤٢.٣%)، هەرچی ئەوانەی لە نێوان ساڵانی (٧-١١) خزمەتییان هەیە، (٤٦) لێتوێژراون، کە ڕێژەی (٢٩.٥%) پێک دێنێت، هەروەها ئەوانەی خزمەتیان لە ماوەی نێوان (١٢- ١٦) کردووە (٢٨) یەکەن، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٧.٩%)، بەڵام ئەوانەی لە (١٧- ٢١) ساڵان خزمەتییان کردووە، (٧) یەکەن، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٤.٥%)، تەنها یەک لە نمونەی توێژینەوەکان لە ماوەی ساڵانی خزمەتی (٢٢-٢٦) دایە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٠.٦%)ە.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**ساڵانی خزمەت لە بواری ڕاگەیاندن نمونەی توێژینەوەکان روون دەکاتەوە**

| ساڵانی خزمەت لە بواری ڕاگەیاندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ => | ٨ | ٥.١ |
| ٢ - ٦ | ٦٦ | ٤٢.٣ |
| ٧ ـ ١١ | ٤٦ | ٢٩.٥ |
| ١٢ ـ ١٦ | ٢٨ | ١٧.٩ |
| ١٧ ـ ٢١ | ٧ | ٤.٥ |
| ٢٢ ـ ٢٦ | ١ | ٠.٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٠٠ |

به سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٠) دەردەکەوێت، کە ئەوانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢ - ٦) خزمەتیان لە بواری ڕاگەیاندن کردووە، (٦٦)یەکەن، کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها ماوەی ساڵانی (٢٢ـ٢٦) نزمترین ساڵە کە (١) یەکەیە. ئەگەر وورد بینەوە ئەوانەی خزمەتیان لە بواری ڕاگەیاندن هەیە لە نێوان (٢ ـ ٦) یان (٧ ـ ١١) کە خۆی لە زۆرترین یەکە دەبینێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت، کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ئامرازەکانی ڕاگەیاندن خرانەگەر بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە، ئەمەش وای کرد ڕاگەیاندنکاران زیاتر کاری میدیایی بکەن.

## ٠٢ زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: خاوەنداری**

**خشتەی ژمارە (١١)**

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ١ | خاوەنداری کەناڵەکە دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان. | ١٤ | ٩ | ١٧ | ١٠.٩ | ٧٨ | ٥٠ | ٢٥ | ١٦ | ٢٢ | ١٤.١ | ٢.٨٥ | ١.٠٨٥ |
| ٢ | خاوەنداری کەناڵ فشاری لە سەر سیستەمی کارگێڕی درووست کردووە لە دەستنیشان کردنی ڕاگەیاندنکار بۆ پلەی کارگێڕییەکان. | ١١ | ٧.١ | ٢٤ | ١٥.٤ | ٥٣ | ٣٤ | ٤٠ | ٢٥.٦ | ٢٨ | ١٧.٩ | ٢.٦٨ | ١.١٤٧ |
| ٣ | خاوەنداری کەسی ئازادی پیشەیی زیاترە بۆ کارکردنی ڕاگەیاندنکاران وەکو لە خاوەنداری مەعنەوی (حزبی). | ٢٨ | ١٧.٩ | ٣١ | ١٩.٩ | ٦٣ | ٤٠.٤ | ٢٧ | ١٧.٣ | ٧ | ٤.٥ | ٣.٢٩ | ١.٠٩١ |
| ٤ | خاوەنداری لە سەر بنەمای پەیوەندی کەسیو کۆمەڵایەتی بەرپرسی بەشەکان دادەنێت نەوەک لە سەر بنەمایی لێهاتووی یان پیشەیی. | ١٧ | ١٠.٩ | ١٥ | ٩.٦ | ٤٣ | ٢٧.٦ | ٣٧ | ٢٣.٧ | ٤٤ | ٢٨.٢ | ٢.٥١ | ١.٢٩٣ |
| ٥ | خاوەنداری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات. | ٤١ | ٢٦.٣ | ٣١ | ١٩.٩ | ٤٥ | ٢٨.٨ | ٢٥ | ١٦ | ١٤ | ٩ | ٣.٣٨ | ١.٢٧٧ |

**١. خاوەندارى كەناڵ دەست دەخاتە نێو كارى ڕاگەیاندنكاران**

لە خشتەی ژمارە (١١) و دەستەواژەی ژمارە (١) دەردەكەوێت، كە (٧٨) لە تاكی توێژینەوە تاڕادەیەک لایان وایە خاوەنداری کەناڵ دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان، کە بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٥٠%)، نیوەی ڕێژەکەی پێکهێناوە. بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٥) یەکە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٦%)، لە ڕیزبەندی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتییە لە (١٧) لێتوێژراوان، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٠.٩%) بە پلەی چوارەم هاتووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (٢٢) یەکە بە ڕێژەی (١٤.١%)، کە بە پلەی سێیەم دێت، بۆچوونییان وایە، کەوا خاوەنداری کەناڵ دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی کە (١٤) یەکە لە خۆی دەگرێت، بە ڕێژەی (٩%)، کە نزمترین ڕێژەیە لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت. لێردا دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٨٥)، لادانی پێوانەیش بریتییە لە (١.٠٨٥).

لێرەدا بۆمان بە دەردەکەوێت، بەرزترین ڕادە کە (٧٨) یەکەیە، تاڕادەیەک پێیان وایە خاوەنداری کەناڵ، دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان، بە سەرنجدان لەم ڕێژەیە کە نیوەی لە نمونەی توێژینەوە پێکهێناوە، دەردەکەوێت خاوەنداری کەناڵ تاڕادەیەک دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنییان و ئەو ئامانجەی کە کاری بۆ دەکات، بەڵام لە ڕادەکانی دیکە دەبینین ژمارەی تاکەکان تاڕادەیەک لە یەک نزیکن‌و لە بەرزبونەوەو نزمبونەوە دان.

**٢. فشاری خاوەنداری کەناڵ لە دەست نیشان کردنی ڕاگەیاندنکار بۆ پلەی کارگێڕییەکان**

لە دەستەواژەی ژمارە (٢) لە خشتەی ژمارە (١١) بە دەردەکەوێت، (٥٣) لە تاکی توێژینەوە کە ڕێژەی (٣٤%) پێکهێناوەو تاڕادەیەک پێیان وایە خاوەنداری کەناڵ فشاری لە سەر سیستەمی کارگێڕی درووست کردووە لە دەست نیشان کردنی ڕاگەیاندنکار بۆ پلەی کارگێڕییەکان

بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٤٠) یەکە و بە ڕێژەی (٢٥.٦%)، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان خۆی لە (٢٤) یەکە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (١٥.٤%) دەبینێتەوە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتییە لە (٢٨) لێتوێژراوان، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٧.٩%).

هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (١١) یەکە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٧.١%)، کە نزمترین ڕێژەیە، پێیان وایە خاوەنداری کەناڵ فشاری لەسەر سیستەمی کارگێڕی درووست کردووە لە دەست نیشان کردنی ڕاگەیاندنکار بۆ پلەی کارگێڕییەکان، کە ناوەندیی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٦٨) و هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.١٤٧).

بە سەرنجدان لە شیکردنەوەی ژمارەکانی سەروو، بە ڕادەی تاڕادەیەک پێیان وایە خاوەنداری کەناڵ فشاری لە سەر سیستەمی کارگێڕی درووست کردووە لە دەست نیشان کردنی ڕاگەیاندنکار بۆ پلەی کارگێڕییەکان، لێرەدا روون دەبێتەوە، تاکی توێژینەوە تاڕادەیەک فشاری سیستەمی کارگێڕی لە سەرە.

**٣. ڕادەی دیاریکردنی خاوەنداری کەسی و خاوەنداری مەعنەوی**

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١١) و دەستەواژەی (٣) روون دەبێتەوە، (٦٣) لە تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەی (٤٠.٤%) پێکهێناوە، بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردوووە، تاڕادەیەک پێیان وایە، کە خاوەنداری کەسی ئازادی پیشەیی زیاترە بۆ کارکردنی ڕاگەیاندنکاران وەکو لە خاوەنداری مەعنەوی، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بریتیین لە (٣١) لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (١٩.٩%)، بە پلەی دووەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین خۆی لە (٢٧) یەکە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (١٧.٣%) یەکە دەبینێتەوە. هەروەها (٢٨) لە تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٧.٩%) بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدان، کە خاوەنداری کەسی ئازادی پیشەیی زیاترە بۆ کارکردنی ڕاگەیاندنکاران

وەکو لە خاوەنداری مەعنەوی، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی لە ڕیزبەندی کۆتایی دێت، کە بریتییە لە (٧) یەکە بە ڕێژەی (٤.٥%)، کە نزمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بۆ ئەمەش ناوەندیی ژمێریاری بریتیە لە (٣.٢٩)، هەروەها لادانی پێوانەییش بریتییە لە (١.٠٩١).

ئەوەی لەم ئەنجامە ژمارەکانی سەروو بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە بەشی زۆری تاکەکانی توێژینەوە بە تاڕادەیەک وەڵامیان داوەتەوە، هەرچی ڕادەی دیکەیە دەبینن بەرزبونەوەو نزمبونەوەی تێدایە، کە پێیان وایە خاوەنداری کەسی ئازادی پیشەیی زیاترە بۆ کارکردنی ڕاگەیاندنکاران وەکو لە خاوەنداریەتی مەعنەوی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، ئەگەر بەراورد بکەین خاوەنداری کەسی زیاتر کارکردنی تیدا خۆشترە نەوەک، خاوەنداری مەعنەوی، چونکە ڕەنگە لە خاوەنداری مەعنەوی کۆمەڵێک مەرج و کۆت و بەند بخرێتە سەر کارەکان، کە یەکەکان نەتوانن بە ئازادی کاری میدیایی بکەن.

**٤. دەستنیشانکردنی بەرپرسی بەشەکان لە لایەن خاوەنداری کەناڵ**

بە پێی دەستەواژەی ژمارە (٤) خشتەی ژمارە (١١) ئەوە روون دەبێتەوە، کە (٤٤) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٢٨.٢%) کە بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدانین، کە خاوەنداری لە سەر بنەمای پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بەرپرسی بەشەکان دادەنێت نەوەک لە سەر بنەمایی لێهاتووی یان پیشەیی، کە بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام دەبینن ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی ڕێژەکە زۆر نزمبۆتەوە بۆ (١٧) یەکەیە و بە ڕێژەی (١٠.٩%)، کە لە ڕیزبەندی چوارەم دێت، بەڵام ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵیدان بریتین لە (٤٣) لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٢٧.٦)، کە بە پلەی دووەم دێت. هەروەها (٣٧) یەکە بە ڕێژەی (٢٣.٧%) کە بە پلەی سێیەم دێت لەگەڵ ئەوەدانین، کە خاوەنداری لە سەر بنەمای پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بەرپرسی بەشەکان دادەنێت نەوەک لە سەر بنەمایی لێهاتووی یان پیشەیی، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتییە لە (١٥) نمونە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٩.٦%) و بچوکترین ڕێژەی تۆمارکردووە. ئەم دەستەواژەیە ناوەندی ژمێریاریی بریتیە لە (٢.٥١)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٢٩٣).

لە ئەنجامی ژمارەکانی دەستەواژەی سەروو بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشی زۆری تاکەکان لەگەڵ ئەوەدانین و تەنانەت بە تەواویش لەگەڵ ئەوە نین کە خاوەنداری لە سەر بنەمای پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بەرپرسی بەشەکان دادەنێت نەوەک لە سەر بنەمایی لێهاتووی یان پیشەیی، کەچی بەشێکی کەمی تاکی توێژینەوە پێچەوانەیەتی، بەڵام ڕێژەیەکی زۆریش تاڕادەیەک لەگەڵ دان، بۆیە ئەم ژمارانە ئەوەمان پێ دەڵێن کەوا، لە کەناڵەکان پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە دانانی بەرپرسی بەشەکان، بەڵام بەو شێوەیە نیە، کە کاریگەری بە سەر کەناڵکەوە بێت، ئەگەر هەش بێت زۆر کەمە.

**٥. خاوەنداری سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات**

گوێرەی خشتەی ژمارە (١١) و دەستەواژەی خاڵی (٥) ئەوە، بە دەردەکەوێت، ئەوانەی تاڕادەیەک پێیانوایە خاوەنداری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات، بریتییە لە (٤٥) یەکە و ڕێژەی (٢٨.٨%) پێکدێت و پلەی یەکەمی بە دەستهێناوە، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتیین لە (٤١) یەکە بە ڕێژەی (٢٦.٣%)، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ (١٤) لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٩%)، کە لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت. لە کاتێکدا (٢٥) لە نمونەی توێژینەوە، کە ڕێژەکە دەکاتە (١٦%) بە پلەی چوارەم هاتووە و لەگەڵ ئەوەدانین، کە خاوەنداری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات، بە پێچەوانەوە دەبینن ڕێژەکە لە ڕادەی لەگەڵیدام بەرزبۆتەوە بۆ (٣١) یەکەو بە ڕێژەی (١٩.٩%)، لە ڕیزبەندی سێیەم دێت و ناوەندی ژمێریاریی ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە (٣.٣٨)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٢٧٧).

دەرئەنجانی ژمارەکانی سەروو بە روونی ئەوە دەخەنە ڕوو، بەرزترین ڕێژە کە تاڕادەیەک پێیانوایە، خاوەنداری بە شێوەیەکی راستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، بەشی زۆری تاکەکانی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان، کە خاوەنداری بە شێوەیەکی راستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات، بەشێکی یەکەکانیش بۆچونییان پێچەوانەیە.

## دووەم: ڕێنمایی

### خشتەی ژمارە (١٢)

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ٦ | ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ دروست کردووم لە کاتی کارکردنمدا. | ٣٤ | ٢١.٨ | ٤٤ | ٢٨.٢ | ٥٩ | ٣٧.٨ | ١١ | ٧.١ | ٨ | ٥.١ | ٣.٥٤ | ١.٠٦٨ |
| ٧ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی ڕێنماییەکانی کەناڵەکە. | ٣٨ | ٢٤.٤ | ٦٥ | ٤١.٧ | ٤٠ | ٢٥.٦ | ١١ | ٧.١ | ٢ | ١.٣ | ٣.٨١ | ٠.٩٣١ |
| ٨ | ئەو برگانەی لە ڕێنماییەکان هەن گونجاون بۆ ئەوەی بە سەرکەوتووی کاربکەم لە کەناڵەکە. | ٣٠ | ١٩.٢ | ٥٠ | ٣٢.١ | ٥٩ | ٣٧.٨ | ١٤ | ٩ | ٣ | ١.٩ | ٣.٥٨ | ٠.٩٦٤ |
| ٩ | ڕێنماییەکان گونجاون بۆ جێبەجێکردنی ئەدای کاری ڕاگەیاندنکار. | ٢٤ | ١٥.٤ | ٤١ | ٢٦.٣ | ٧١ | ٤٥.٥ | ١٧ | ١٠.٩ | ٣ | ١.٩ | ٣.٤٢ | ٠.٩٤٤ |
| ١٠ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕێنماییەکانی سەبارەت بە (دامەزراندن و مووچەو کارکردن و ئەرک و ماف و بەرپرسیارەتی) بۆ روون کردومەتەوە. | ٥٢ | ٣٣.٣ | ٤٠ | ٢٥.٦ | ٤٣ | ٢٧.٦ | ١٣ | ٨.٣ | ٨ | ٥.١ | ٣.٧٤ | ١.١٥٩ |

### ٦. ڕادەی دەستنیشانکردنی ئەو ڕێنماییانەی، کە لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن

بە گوێرەی دەستەواژەی (٦) لە خشتەی ژمارە (١٢) ڕوون دەبێتەوە، کەوا (٥٩) لە نمونەی لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٣٧.٨%) بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە، تاڕادەیەک بۆچونیان وایە، کە ئەو ڕێنماییانەی، لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردوو لە کاتی کارکردندا. کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتییە لە (٤٤)یەکە، کە ڕێژەی (٢٨.٢%) پێکهێناوە، بە پلەی دووەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین خۆی لە (١١) یەکە، بە ڕێژەی (٧.١%) دەبینێتەوە، کە لە ڕیزبەندی چوارەم دێت. هەروەها لە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام بە تەواوی و لەگەڵیدانیم بە تەواوی دەبینن ڕێژەکە، بەرز و نزمی هەیە، بە نمونە ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتیین لە (٣٤) یەکە و بە ڕێژەی (٢١.٨%) بە پلەی سێیەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی خۆی لە (٨) یەکە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (٥٠.١%)، کە نزمترین ڕێژەیە، لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت و بۆچونیان وایە، کە ئەو ڕێنماییانەی، کە لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردوو لە کاتی کارکردندا، ناوەندیی ژمێریاری ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە (٣.٥٤)، هەرچی لادانی پێوانییە بریتییە لە (١.٠٦٨).

لە دەرئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت، بەرزترین ڕێژە کە ڕاگەیاندنکاران بە ڕادەی تاڕادەیەک پێیان وایە، کە ئەو ڕێنماییانەی، کە لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردوو لە کاتی کارکردندا، بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم بە تەواوی زۆر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕادەی لەگەڵیدانیم بە تەواوی و لەگەڵیدانیم، بۆیەش هەر یەکەیان بە ڕێژەیەکی باش پێیان وایە کە کە ئەو ڕێنماییانەی، کە لە لایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردوو لە کاتی کارکردندا.

### ٧. دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی ڕێنماییەکانی کەناڵەکە

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١٢) و دەستەواژەی (٧) دەردەکەوێت، زۆرینەی تاکی توێژینەوە بە ڕادەی لەگەڵیدام کە خۆی لە (٦٥) یەکە دەبینێتەوە، بە ڕێژەی (٤١.٧%) پێکهێناوە بە پلەی یەکەم دێت، لایان وایە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی ڕێنماییەکانی کەناڵەکە، هەرچی ئەوانەی تاڕادەیەک پێیان وایە کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی ڕێنماییەکانی کەناڵەکە، بریتییە لە (٤٠) و بە ڕێژەی (٢٥.٦%) پێکدێت. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی (٣٨)یەکە و بە ڕێژەی (٢٤.٤%) بە پلەی سێیەم دێت. هەرچی ڕادەی لەگەڵیدانیم بە تەواوی و لەگەڵیدانیم، نزمترین ڕیژەن بە پلەی چوارەم و پێنجەم دێن، ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتیین لە (١١) یەکە، کە ڕێژەکەی (٧.١%)یە، کەچی دوو لە لێتوێژراوان، کە نزمترینە بە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (١.٣%) پێکدێت و ناوەندی ژمێریاریی بریتیە لە (٣.٨١)، هەروەها لادانی پێوانی بریتیە لە (٠.٩٣١).

لێرەدا دەردەکەوێت، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان بەشداری دەکەن لە دیاریکردنی ڕێنماییەکانی کەناڵەکە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە سەر ئەدای کاری ڕاگەیاندنکاران و خودی کەناڵەکەش.

### ٨. بڕگەکان گونجاون بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنکار بە سەرکەوتووی کاربکات

لە خشتەی ژمارە (١٢) و دەستەواژەی ژمارە (٨) ئەوە دەردەخات، کە (٥٩) لە تاکی توێژینەوەیە بە ڕێژەی (٣٧.٨%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، ئەو لێتوێژراوانە تاڕادەیەک پێیانوایە ئەو بڕگانەی لە ڕێنماییەکان هەن گونجاون بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنکار بە سەرکەوتووی کاربکات لە کەناڵەکە، ئەوانەی لەگەڵیدان کە خۆی لە (٥٠) یەکە دەبینییەوە بە ڕێژەی (٣٢.١%) بە پلەی دووەم دێت، کەچی لە ڕادەی لەگەڵیدانیم، کە (١٤) لە تاکی نمونە پێکدەهینێت، بە ڕێژەی (٩%) پێکهاتووە، بەڵام لە ڕادەی لەگەڵیدام بە تەواوی ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٣٠) یەکە

و به ڕێژەی (١٩.٢%) بە پلەی سێیەم دێت، کەچی (٣) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (١.٩%) کە کۆتا پلەیان وەرگرتووە، لەگەڵیدانین بە تەواوی، لایان وایە ئەو بڕگانەی لە ڕێنماییەکان هەن گونجاون بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنکار بە سەرکەوتووی کاربکات لە کەناڵەکە. لێرەدا ناوەندیی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٥٨)، هەرچی لادانیی پێوانەیی بریتیە لە (٠٩٦٤.).

ئەگەر سەرنج لە ژمارەکانی سەروو بدەین دەبینن، کە یەکەکانی توێژینەوە تاڕادەیەک لەگەڵ ئەو بڕگانەی ڕێنماییەکان هەن گونجاون بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنکار بە سەرکەوتووی کار بکات لە کەناڵەکە، لە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی جیاوازیەکی زۆریان هەیە، کە ڕێژەکە بەرزترە لە ڕادەی لەگەڵیدانیم بە تەواویو لەگەلیدانیم، بۆیە ئەو بڕگانەی هەن گونجاونو تاکی توێژینەوە دەتوانێت بە سەرکەوتووی کاربکاتو بەربەستی ناهێتە پێش، کە نەتوانێت کارەکەی نەکات.

### ٩. ڕێنماییەکان گونجاون بۆ جێبەجێکردنی ئەدای کاری ڕاگەیاندنکار

لە خشتەی ژمارە (١٢) و دەستەواژەی ژمارە (٩) ئەوە روون دەبێتەوە، کە (٧١) لە نمونەی توێژینەوەکان بە ڕێژەی (٤٥.٥%) کە نیوەی زیاتر بە بەراورد لەگەڵ ڕادەکانی دیکە لایان وایە ڕێنماییەکان گونجاون بۆ جێبەجێکردنی ئەدای کاری ڕاگەیاندنکار، کە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بریتیە لە (٤١) یەکەو بە ڕێژەی (٢٦.٣%) بە پلەی دووەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (١٧) تاکی توێژینەوەو بە ڕێژەی (١٠.٩%) پێکهێناوە دەبینین ڕێژەکە نزمبۆتەوە و بە پلەی چوارەم دێت. ئەو یەکانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتییە لە (٢٤) یەکە بە ڕێژەی (١٥.٤%) بە پلەی سێیەم دێت، کەچی دەبینین لە ڕادەی لەگەڵیدانیم بە تەواوی ڕێژەکە نزم بۆتەوە، کە خۆی لە (٣) یەکە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (١.٩%) پلەی پێنجەمی وەرگرتووە. لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندیی ژمێریاریی بریتییە لە (٣.٤٢)، لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٩٤٤..).

لە ژمارەکانی سەروو ئەوە دەردەکەوێت، کە نیوەی زیاتر لە تاکی توێژینەوە تاڕادەیەک پێیان وایە، ڕێنماییەکان گونجاون بۆ جێبەجێکردنی ئەدای کاری ڕاگەیاندنکاران، ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لە سەر لێتوێژراوان، چونکە ڕێنماییەکان وا دەکەن کە تاکی توێژینەوە کاری پێ بکات و لە سەر بڕوات، ئەمەش دەبێتە هۆی پێشخستنی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە کوردییەکان.

### ١٠. ڕادەی ڕێنماییەکان بۆ ڕاگەیاندنکاران روون کردۆتەوە

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١٢) و دەستەواژەی (١٠) ئەوە روون دەبێتەوە، کە (٥٢) لە تاکی نمونە بە ڕێژەی (٣٣.٣%) بە پلەی یەکەم دێت لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕێنماییەکانی سەبارەت بە (دامەزراندن، مووچە، کارکردن، ئەرک و ماف، بەرپرسیارەتی) بۆ ڕاگەیاندنکاران روون کردۆتەوە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی ڕێژەکە زۆر نزمبۆتەوە، کە بە پلەی پێنجەم دێت بریتییە لە (٨) یەکە بە ڕێژەی (٥.١%).

هەروەها (٤٣) لە لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (٢٧.٦%)کە بە پلەی دووەم دێت، تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەدان، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕێنماییەکانی سەبارەت بە (دامەزراندن، مووچە، کارکردن، ئەرک و ماف، بەرپرسیارەتی) بۆ ڕاگەیاندنکاران روون کردۆتەوە. هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتییە لە (٤٠)یەکە، بە ڕێژەی (٢٥.٦%) پێک دێت، بە پلەی سێیەم دێت، بە پێچەوانەوەئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (١٣) یەکە بە ڕێژەی (٨.٣%) بە پلەی چوارەم دێت. لێرەدا ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٣.٧٤)، لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.١٥٩).

ئەنجامی ژمارەکانی سەروو ئەوە دەردەخەن، کە ڕێژەی زۆرترین لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕێنماییەکانی سەبارەت بە (دامەزراندن، مووچە، کارکردن، ئەرک و ماف، بەرپرسیارەتی) بۆ ڕاگەیاندنکاران روون کردۆتەوە، بە پێچەوانەوە، نزمترین ڕێژە لەگەڵ ئەوەدانین، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕێنماییەکانی سەبارەت بە (دامەزراندن و مووچەو کارکردن و ئەرک و ماف و بەرپرسیارەتی) بۆ ڕاگەیاندنکاران روون کردۆتەوە.

## سێیەم: کاتی کارکردن

### خشتەی ژمارە (١٣)

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ١١ | ماوەی کارکردنم گونجاوە بۆ کارکردن لە کەناڵەکە. | ٥٧ | ٣٦.٥ | ٤٤ | ٢٨.٢ | ٤٥ | ٢٨.٨ | ٦ | ٣.٨ | ٤ | ٢.٦ | ٣.٩٢ | ١.٠١٩ |
| ١٢ | ئەو کاتەی بۆم دیاری کراوە بە ئارەزووی خۆم کاردەکەم بۆ ئەوەی کارەکەم باشتر بێت. | ٥٤ | ٣٤.٦ | ٣٤ | ٢١.٨ | ٤٧ | ٣٠.١ | ١٠ | ٦.٤ | ١١ | ٧.١ | ٣.٧١ | ١.٢٠٩ |
| ١٣ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لەکاتی پشوو خولو وۆرک شۆپمان بۆ دەکاتەوە. | ٧١ | ٤٥.٥ | ٣٣ | ٢١.٢ | ١٤ | ٩ | ٢١ | ١٣.٥ | ١٧ | ١٠.٩ | ٣.٧٧ | ١.٤٢٣ |
| ١٤ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لە کاتی پشوو هەوڵیان نەداوە ڕاگەیاندنکاران لە بەشەکانی دیکەش شارەزایی پەیدا بکەن. | ٣٠ | ١٩.٢ | ٣٢ | ٢٠.٥ | ٣٩ | ٢٥.٠ | ٣٠ | ١٩.٢ | ٢٥ | ١٦ | ٣.٠٨ | ١.٣٤٧ |
| ١٥ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە کاریگەری لە سەر کاتی دیاریکراوی ڕاگەیاندنکار درووست کردووە، لە هەر یەک لە بوارەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەرفیهی، وەرزشی). | ٢٣ | ١٤.٧ | ٣٠ | ١٩.٢ | ٥٦ | ٣٥.٩ | ٣٣ | ٢١.٢ | ١٤ | ٩ | ٣.٣٦ | ٣.٥٥٠ |

**١١. دیاریکردنی ڕادەی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران و کارکردنیان لە کەناڵەکەکان**

لە دەستەواژەی ژمارەی (١١) و خشتەی ژمارە (١٣) بە دەردەکەوێت، کە (٥٧) بە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٣٦.٥%) بە پلەی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی، کە ماوەی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران گونجاوە بۆ کارکردن لە کەناڵەکە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی کە بچوکترین ڕێژەی تۆمارکردووە، کە خۆی لە (٤) یەکە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (٢.٦%) لە ڕیزبەندی پێنجەم هاتووە. هەروەها ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵی دان بریتین لە (٤٥) یەکە بە ڕێژەی (٢٨.٨%)، کە بە پلەی سێیەم دێن، لە کاتێکدا دەبین ئەوانەی لەگەڵیدان (٤٤) یەکەن بە ڕێژەی (٢٨.٢%) پێکهاتووە، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین دەبینین ڕێژەکە زۆر نزم بۆتەوە بۆ (٦) یەکە و ڕێژەی (٣.٨%) پێکهێناوە. لێرەدا ناوەندی ژمێریاریی بریتیەی لە (٣.٩٢)، لادانی پێوانەیی (١.٠١٩). بە گوێرەی دەرئەنجامی سەروو ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە بەرزترین ڕێژە لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی، کە ماوەی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران گونجاوە بۆ کارکردن لە کەناڵەکە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە بەشی زۆری تاکی توێژینەوە کاتی کارکردنییان گونجاوە بۆ کارکردن لە کەناڵەکان.

**١٢. ڕادەی دیاریکر دنی کاتی دیاری کراوی ڕاگەیاندنکاران**

لە خشتەی ژمارە (١٣) و دەستەواژەی خاڵی (١٢) بە دەردەکەوێت، کە (٥٤) یەکە بە ڕێژەی (٣٤.٦%) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی، کە ئەو کاتەی بۆ ڕاگەیاندنکار دیاری کراوە بە ئارەزووی خۆی کاردەکات بۆ ئەوەی کارەکەی باشتر بێت، کە بە پلەی یەکەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (١١) یەکەو بە ڕێژەی (٧.١)، کە بە پلەی چوارەم دێت. هەروەها (٤٧) لە تاکی توێژینەوەش تاڕادەیەک پێیان وایە، کە ئەو کاتەی بۆ ڕاگەیاندنکار دیاری کراوە بە ئارەزووی خۆی کاردەکات بۆ ئەوەی کارەکەی باشتر بێت، کە ڕێژەکە بریتییە لە (٣٠.١%)، بە پلەی دووەم دێت. ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم، دەبینن جیاوازی هەیە ئەویش ئەوانەی لەگەڵیدان بریتیە (٣٤) لە لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٢١.٨%) بە پلەی سێیەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتیە لە (١٠) یەکە، کە ڕێژەی (٦.٤%) پێکهێناوەو بە پلەی پێنجەم دێت. ئەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ناوەندیی ژمێریاریی بریتیە لە (٣.٧١)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٢٠٩).

بە سەرنجدان لەم ژمارانەی سەروو دەرئەنجامی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە زۆرترین ڕێژە لەگەڵ ئەوەدان، کە ئەو کاتەی بۆ ڕاگەیاندنکار دیاری کراوە بە ئارەزووی خۆی کاردەکات بۆ ئەوەی کارەکەی باشتر بێت، هەر بۆیەش ئەوانەی لەگەڵیدانین، ڕێژەکە کەم بۆتەوە هەر وەکو لە خشتەی سەروو ژمارەی یەکەکان ڕوون بۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە کەناڵەکان کاتی دیاریکراو فشاری لە سەر ڕاگەیاندنکار درووست نەکرووە، کە ببێتە هۆی سستی ئیش و کارەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە.

**١٣. کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ بۆ ڕاگەیاندنکاران**

بە گوێرەی دەستەواژەی ژمارە (١٣) لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت، کە (٧١) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٤٥.٥%) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە، لە کاتی پشوو خول و وۆرک شۆپ بۆ ڕاگەیاندنکاران دەکاتەوە، ئەم ڕادەیە بە پلەی یەکەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی خۆی لە (١٧) یەکە بە ڕێژەی (١٠.٩%) دەبینیتەوە و بە پلەی چوارەم دێت. هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٣٣) یەکەو بە ڕێژەی (٢١.٢%)، کە پلەی دووەمی وەرگرتووە، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین خۆی لە (٢١) نمونە دەبینێتەوەو بە ڕێژەی (١٣.٥%) بە پلەی سێیەم دێت، کەچی ئەوانەی تاڕادەیەک لایان وایە، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە، کە لە کاتی پشوو خول و وۆرک شۆپ بۆ ڕاگەیاندنکاران دەکاتەوە، بریتیە لە (١٤)

یەکە و ڕێژەی (٩%) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت، کە ناوەندی ژمێریاریی بریتیە لە (٣.٧٧) و هەرچی لادانی پێوانەیە بریتییە لە (١.٤٢٣).

لە دەرئەنجامی ژمارەکانی سەروو ئەوە بە دەردەکەویت، کە بە ڕێژەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە، لە کاتی پشوو خول و وۆرک شۆپ بۆ ڕاگەیاندنکاران دەکاتەوە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە کاتی پشوو خول و وۆرک شۆپ بۆ ڕاگەیاندنکارانی کەناڵەکە دەکەنەوە، ئەمەش هانی ڕاگەیاندنکار دەدات بۆ ئەوە زیاتر پەرە بە کارەکەو پیشەکەی بدات، هەم بۆ پێشخستنی خودی کەنالەکە هەمیش بۆ پرۆفیشنال بوونی خودی ڕاگەیاندنکارەکە.

**١٤. ڕادەی دیاریکردنی کاتی پشوو بۆ ڕاگەیاندنکاران**

بە بە سەرنجدان لە خشەی ژمارە (١٣) و دەستەواژەی خاڵی (١٤) روون دەبێتەوە، کە تەواوی ڕادەکان ڕێژەکانیان لە یەک نزیکن، هەر وەکو دەبینن (٣٩) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٢٥%) تاڕادەیەک پێیان وایە، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان لە کاتی پشوو هەوڵیان نەداوە ڕاگەیاندنکاران لە بەشەکانی دیکەش شارەزایی پەیدا بکەن، بەڵام (٣٠) یەکە بە ڕێژەی (١٩.٢%) لەگەڵیدان بە تەواوی، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی خۆی لە (٢٥)یەکە بە ڕێژەی (١٦%) دەبینێتەوە. لە لایەکی تر (٣٢)، لە لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٢٠.٥%) لەگەڵ ئەوەدان، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لە کاتی پشوو هەوڵیان نەداوە ڕاگەیاندنکاران لە بەشەکانی دیکەش شارەزایی پەیدا بکەن، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین ڕێژەکە بۆتە (٣٠) یەکە و، کە دەکاتە (١٩.٢%) لەگەڵیدانین، لێرەدا ناوەندی ژمێریاریی بریتیە لە (٣.٠٨)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتیە لە (١.٣٤٧). ئەگەر سەرنج لە ژمارەی تاکەکانی توێژینەوە بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەردوو ڕادەی (لەگەڵیدام بە تەواوی و لەگەڵیدانیم)، یەک ڕێژەیان تۆمارکردووە، کە بریتییە لە (٣٠) یەکە، کە ڕێژەی (١٩.٢%) پێکهێناوە.

ئەنجامەکانی ژمارەکانی سەروو ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕادەکان زۆر لە یەک نزیکن. بەڵام زیاتر لەگەڵ ئەوەن کە تاڕادەیەک، دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان لە کاتی پشوو هەوڵیان نەداوە تا ڕاگەیاندنکاران لە بەشەکانی دیکە شارەزایی پەیدا بکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لە کەناڵەکان شێوازی کارکردن جیاوازە.

**١٥. کاتی دیاریکراوی ڕاگەیاندنکاران لە بوارە جیاجیاکان**

بە گوێرەی خشتەی سەرەوە و دەستەواژەی (١٥) دەردەکەوێت، کەوا (٥٦) لە لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٣٥.٩%)، کە بە پلەی یەکەم دێت و تاڕادەیەک بۆچونییان وایە، کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە کاریگەری لە سەر کاتی دیاریکراوی ڕاگەیاندنکار درووست کردووە، لە هەر یەک لە بوارەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەرفیهی، وەرزشی.

کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٣٣) نمونەی توێژینەوە بەر ڕێژەی (٢١.٢)و کە بە ڕیزبەندی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان خۆی لە (٣٠) نمونە بە ڕێژەی (١٩.٢%) دەبینێتەوە، کە بە پلەی سێیەم هاتووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (٢٣) یەکە بە ڕێژەی (١٤.٧%) بە پلەی چوارەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (١٤) یەکە بە ڕێژەی (٩%)لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت، کە ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٣.٣٦)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٣.٥٥٠).

لە دەرئەنجامی دەستەواژەی سەروو بۆمان روون دەبێتەوە، کەوا بەرزترین تاکی توێژینەوە تاڕادەیەک پێیان وایە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە کاریگەری لە سەر کاتی دیاریکراوی ڕاگەیاندنکاران درووست کردووە، لە بوارە جیا جیاکان، کەچی لە چوار ڕادەی دیکە ژمارەی تاکەکانی توێژینەوە بەرزبونەوەو نزمبونەوەیان تێدایە، ئەمەش ئەوە دەگەینتێت، کە لە کەناڵەکان هەریەکە و سیاسەتی تایبەت بە خۆیان هەیە.

## چوارەم: مامەڵەکردنی کارگێڕی

### خشتەی ژمارە (١٤)

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ١٦ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لە هەڕەمی سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان. | ٣٣ | ٢١.٢ | ٤١ | ٢٦.٣ | ٥٢ | ٣٣.٣ | ١٧ | ١٠.٩ | ١٣ | ٨.٣ | ٣.٤١ | ١.١٨٠ |
| ١٧ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ئاراستەم دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمام بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت. | ٣٥ | ٢٢.٤ | ٣٦ | ٢٣.١ | ٤٣ | ٢٧.٦ | ٢٧ | ١٧.٣ | ١٥ | ٩.٦ | ٣.٣١ | ١.٢٦٤ |
| ١٨ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لە پێدانی بەرپرسیارەتی جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران دەکات. | ٢٣ | ١٤.٧ | ٢٩ | ١٨.٦ | ٥١ | ٣٢.٧ | ٣٦ | ٢٣.١ | ١٧ | ١٠.٩ | ٣.٠٣ | ١.٢٠٤ |
| ١٩ | لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێک دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران. | ٢٦ | ١٦.٧ | ٤٢ | ٢٦.٩ | ٥٥ | ٣٥.٢ | ١٧ | ١٠.٩ | ١٦ | ١٠.٣ | ٣.٢٩ | ١.١٧٩ |
| ٢٠ | هیچ جیاوازیەکم نیە لە ڕووی ئیمتیازات و پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی کە بە سستی کارەکانیان ئەنجام دەدەن. | ٣٢ | ٢٠.٥ | ٢٥ | ١٦ | ٣٠ | ١٩.٢ | ٤٠ | ٢٥.٦ | ٢٩ | ١٨.٦ | ٢.٩٤ | ١.٤١١ |

**١٦. دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە، کە لە هەرەمی سەرەوە بۆ خوارەو ئەکتیڤە**

لە خشتەی ژمارە (١٤) و دەستەواژەی خاڵی (١٦) بۆمان روون دەبێتەوە، کەوا (٥٢) لە لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (٣٣.٣%)، کە بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک پێیان وایە، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە، لە هەرەمی سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٤١) یەکە و بە ڕێژەی (٢٦.٣%)، کە بە پلەی دووەم دێن، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (١٧) تاکی توێژینەوە ڕێژەی (١٠.٩%) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی چوارەم دێت.

هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی خۆی لە (٣٣) نمونەی توێژینەوە و بە ڕێژەی (٢١.٢%) دەبینێتەوە، بە پلەی سێیەم هاتووە، ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (١٣) یەکە و خۆی لە (٨.٣%) پێکهێناوەو لە ڕیزبەندی پێنجەم هاتووە. لێرەدا ناوەندیی ژمێریاریی ئەم خشتەیە بریتییە لە (٣.٤١)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (١.١٨٠).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کەوا بەشی زۆری تاکی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان و دەستەی کارگێڕی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین ڕێژەکە نزمترە، بەڵام دەبینین ڕێژەکە بەزۆر بۆتەوە کە تاڕادەیەک لایان وایە کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان ئەکتیڤن، بۆیە دەردەکەوێت لە کەناڵەکان دەستەی کارگێڕی ئەکتڤیە بە ڕێژە زۆرەکەی.

**١٧. ئاراستەکردنی ڕاگەیاندنکاران بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ کەناڵەکە بەهێز بێت**

لە خشتەی ژمارە (١٤) دەستەواژەی خاڵی (١٧) روون بۆتەوە، کەوا (٤٣) لە نمونەی توێژینەوەکان بە ڕێژەی (٢٧.٦%)، کە لە پلەی یەکەم دێت تاڕادەیەک لایان وایە، کە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕاگەیاندنکاران ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت، بەڵام ئەو یەکانەی لەگەڵیدان بریتیین لە (٣٦) نمونە بە ڕێژەی (٢٣.١%)، کە لە ڕیزبەندی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٧) یەکەو بە ڕێژەی (١٧.٣%) بە پلەی چوارەم دێت.

هەروەها (٣٥) لە تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەی (٢٢.٤%) پێکهێناوەو لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵ ڕاگەیاندنکاران ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت، کە بە پلەی سێیەم هاتووە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵدانین بە تەواوی نزمترین ڕێژەی هەیە لە کۆتا پلە دێت، بریتییە لە (١٥) لێتوێژراوان، کە (٩.٦%) پێکهێناوە، ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات کە ناوەندیی ژمێریاریی بریتییە لە (٣.٣١)، هەوەرها لادانی پێیوانەیی بریتییە لە (١.٢٦٤). لە دەرئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان روون دەبێتەوە، کەوا زۆرینەی نمونەی توێژینەوە بە ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی لایان وایە. کە دەستەی کارگێڕی کەناڵ ڕاگەیاندنکاران ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت، کە ئەمەش ئەوە دەگەینێت لە کەناڵەکان ئاراستەکردن بۆ سیاسیەتی دەزگاکە ڕۆل دەبینێت، بۆ ئەوەی تاکی توێژینەوە زیاتر گرنگی بە کەناڵەکەو پیشەکەی بدات.

ئەگەر وورد بینەوە، ئەوانەی لەگەڵیدانین و یاخود لەگەڵیدانین بە تەواوی ڕێژەکە نزم بۆتەوە، بەڵام بەرزترین ڕێژە لەگەڵ چوار ڕادەکەی دیکە بە بەراورد جیاوازیان هەیە، کە تاڕادەیەک بۆچونییان وایە، کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕاگەیاندنکاران ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت.

**١٨. ڕادەی دیاریکردنی جیاوازی لە پێدانی بەرپرسیارەتی بە ڕاگەیاندنکاران**

لە خشتەی ژمارە (١٤) و خاڵی (١٨)بە دەردەکەوێت، کەوا (٥١) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٣٢.٧%) بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵ لە پێدانی بەرپرسیارەتی جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران دەکات، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین دەبینین خۆی لە(٣٦) یەکە بە ڕێژەی (٢٣.١%)

دەبینێتەوەو بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بریتیین لە (٢٩) نمونە و ڕێژەکەی بریتییە لە (١٨.٦%) لە ڕیزبەندی سێیەم هاتووە.

کەچی لە ڕادەیی لەگەڵیدام بە تەواوی بریتیە لە (٢٣) یەکەو بە ڕێژەی (١٤.٧%)پێکێهیناوە، بە پلەی چوارەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی خۆی لە (١٧) نمونە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (١٠.٩%) لە پلەی پێنجەم دێت. ئەم خشتیە ناوەندیی ژمێریاریی بریتییە لە (٣.٠٣)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٢٠٤).

دەرئەنجامی سەروو ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەوا بەرزترین ڕێژە تاڕادەیەک پێی وایە، کەوا جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران هەیە لە پێدانی بەرپرسیارەتی، بۆیەش بە بەراورد لەگەڵ ڕادەکانی دیکە، دەبینن جیاوازییەکی ئەوتۆ بە دی ناکرێت، لێرەدا ئەو بەرپرسیاریەتییە لە کەناڵێکەوە بۆ یەکێکي تر جیاوازی هەیە.

**١٩. ڕادەی دیاریکردنی مامەڵەی دیموکراسییانە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران**

دەستەواژەی ژمارە (١٩) لە خشتەی ژمارە (١٤) ئەوە دەردەکەوێت، کەوا (٥٥) لە یەکەکانی توێژینەوە بە ڕێژە (٣٥.٢%) بە پلەی یەکەم دێت و تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێک دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٤٢) یەکە بە ڕێژەی (٢٦.٩)، کە بە پلەی دووەم دێت، بەڵام بە پێچەوانەوەوە ئەوانەی لەگەڵیدانین دەبینین ڕێژەکە نزم بۆتەوە بووەتە (١٧)نمونە، کە ڕێژەی (١٠.٩)ی پێکهێناوەو دەبینین ڕێژەکە نزم دەبێتەوەو لە ڕیزبەندی چوارەم دێت. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (٢٦) یەکەو ڕێژەکە بریتیە لە (١٦.٧%)، کە بە پلەی سێیەم دێت، لایان وایە کەوا لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێک دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران.

هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (١٦) نمونە، کە ڕێژەی (١٠.٣%) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت. ئەم دەستەواژەیە ناوەندیی ژمێریاریی بریتیە (٣.٢٩)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتیە لە (١.١٧٩).

ئەگەر سەرنج بدەین لە ژمارەی تاکەکانی سەروو دەردەکەوێت، کەوا بەرزترین ڕێژە تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان مامەڵەیەکی دیموکراسیانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران، ئەگەر چی هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی بەرزترە لە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدانیم و لەگەڵیدانیم بە تەواوی، بەڵام بەو مانایەش ناگەیەنێت کەوا، خودی کەناڵەکەکان لەگەڵ تەواوی تاکەکان زۆر باش بن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبینین بەشێک لە نمونەکان لەگەڵ ئەوە نین کە مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان لەگەڵ بکرێت.

**٢٠. جیاوازی نێوان ڕاگەیاندنکاران لە ڕووی ئیمتیازات و ئەوانەی لە کارەکانیان سستن**

لە خشتەی ژمارە (١٤) و دەستەواژەی ژمارە (٢٠) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کەوا (٤٠) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٢٥.٦%)، کە بە پلەی یەکەم هاتووە، لەگەڵ ئەوەدانین، کەوا ڕاگەیاندنکاران هیچ جیاوازیەکییان نیە لە ڕووی ئیمتیازات و پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی، کە بە سستی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان ڕێژەکە نزمبۆتەوە بوەتە (٢٥) یەکە بە ڕێژەی (١٦%)، کە پلەی پێنجەم دێت، کەچی ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵیدان بریتین لە (٣٠) نمونە، کە ڕێژەی (١٩.٢%) پێکهێناوە.

ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام بە تەواوی لەگەڵیدانیم بە تەواوی، ڕوون دەبێتەوە، کە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە ژمارەی تاکەکان نیە، بۆ نمونە ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (٢٩) یەکە، کە ڕێژەی (١٨.٦%)، کە بە پلەی چوارەم دێت، کەوا ڕاگەیاندنکاران هیچ جیاوازیەکیان نیە لە ڕووی ئیمتیازات و

پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی، کە بە سستی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی دەبینین بە چەند یەکەیەک ڕێژەکە بەرزبوەتەوە بۆ (٣٢)، کە ڕێژەی (٢٠.٥%) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی دووەم دێت، کەچی ناوەندیی ژمێرپارییە بریتییە لە (٢.٩٤)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٤١١).

ئەنجامی ژمارەکانی سەروو ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کەوا بەشی زۆری تاکەکانی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان کەوا جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران هەیە لە ڕووی ئیمتیازات و پاداشتی ماددی و مەعنەوەی لەگەڵ ئەو یەکانەی، کە بە سستی کارەکانییان ئەنجام دەدەن، بەڵام ژمارەی تاکەکانی جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە، کە کاریگەری زۆر درووست کردبێت بە بەراورد لەگەڵ ڕادەکانی دیکە.

## پێنجەم: زۆربوونی (پلەبەندی- سلسلە مراجع- فلتەرەکان)

### خشتەی ژمارە (١٥)

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ٢١ | ناکۆکی نێوان پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری خراپ دەخاتە سەرم. | ٣٦ | ٢٣.١ | ٤٠ | ٢٥.٦ | ٤٥ | ٢٨.٨ | ٢٠ | ١٢.٨ | ١٥ | ٩.٦ | ٣.٤٠ | ١.٢٤٣ |
| ٢٢ | تێپەربوونی بوونی هەواڵ بە زۆری (پلەبەندی)ەکان دەبێتە هۆی دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە کاتی خۆیدا. | ٢٤ | ١٥.٤ | ٣٥ | ٢٢.٤ | ٥٩ | ٣٧.٨ | ٢٤ | ١٥.٤ | ١٤ | ٩.٠ | ٣.٢٠ | ١.١٥٠ |
| ٢٣ | لە کاتی ڕوودانێکی لە ناکاو دەسەڵاتی ئەوەم هەیە کار لە سەر هەواڵە گرنگەکان بکەم بێ ئەوەی بگەڕێمەوە لای پلەبەندییەکان. | ٣٥ | ٢٢.٤ | ٣٥ | ٢٢.٤ | ٤٦ | ٢٩.٥ | ٢٨ | ١٧.٩ | ١٢ | ٧.٧ | ٣.٣٤ | ١.٢٢٦ |
| ٢٤ | ڕەتکردنەوەی هەندێ هەواڵ لە لایەن پلەبەندی نابێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لەسەر کارەکەی. | ٣٦ | ٢٣.١ | ٣٦ | ٢٣.١ | ٥١ | ٣٢.٧ | ٢٣ | ١٤.٧ | ١٠ | ٦.٤ | ٣.٤٢ | ١.١٨٠ |
| ٢٥ | پەیوەندیی کەسی کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان. | ٣٨ | ٢٤.٤ | ٢٢ | ١٤.١ | ٥٠ | ٣٢.١ | ٢٩ | ١٨.٥ | ١٧ | ١٠.٩ | ٣.٣٦ | ٢.٠٤٨ |

## ٢١. ڕادەی دیاریکردنی ناکۆکی نێوان پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی

لە خشتەی ژمارە (١٥) دەستەواژەی خاڵی (٢١) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە (٤٥) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٢٨.٨%) تاڕادەیەک پێیان وایە، کە کەوا ناکۆکی نێوان پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری خراپ دەخاتە سەر ڕاگەیاندنکاران، کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەڵام هەردوو ڕادەی لەگەڵیدانیم و لەگەڵیدانیم بە تەواوی ڕێژەیان نزمترە لە ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی، ئەگەر سەرنج بدەین، ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٤٠) یەکە بە ڕێژەی (٢٥.٦%) پلەی دووەمی هێناوە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٠)یەکە کە ڕێژەی (١٢.٨%) پێکهێناوە، پلەی چوارەمی بە دەست هێناوە. ئەگەر دوو ڕادەی تر بەراورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت، بۆ نمونە ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (٣٦) لە تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەی (٢٣.١%) پێکهێناوە، کە لە ڕیزبەندی سێیەم دێت و ڕایان وایە کەوا ناکۆکی نێوان پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری خراپ دەخاتە سەر ڕاگەیاندنکاران، بەڵام لە ڕادەی لەگەڵیدانین بە تەواوی دەبینین ڕێژەی نزمبۆتەوە بۆ (١٥) نمونە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٩.٦%)، و بە پلەی پێنجەم دێت، کە ناوەندیی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٤٠)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٢٤٣).

بە سەرنجدان لە ئەنجامی ژمارەکانی سەروو بە دەردەکەوێت، کەوا زۆرترین تاکی توێژینەوە تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەدان، کەوا پلەدارەکانی نێو سیستەمی کارگێڕی کاریگەری خراپ دەخانە سەر ڕاگەیاندنکاران، هەرچی ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم بە تەواوی ڕێژەکە بەرزترە لە ڕادەی دژی بەرامبەر، بۆیە ڕێژە زۆرینەی لەگەڵ ئەوەن، کە پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری لە سەر ڕاگەیاندنکار درووست کردووە، لە هەمان کاتیش بەشێک لە نمونەکان پێیان وایە کە پلەدارەکان کاریگەری درووست نەکردووە.

## ٢٢. ڕادەی تێپەربوونی بوونی هەواڵ بە پلەبەندییەکان

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١٥) و دەستەواژەی خاڵی (٢٢) ڕوون دەبێتەوە، کەوا (٥٩) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٣٧.٨%) کە بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەدان، کەوا، تێپەربوونی بوونی هەواڵ بە زۆری پلەبەندییەکان دەبێتە هۆی دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی لە کاتی خۆیدا، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان خۆی لە (٣٥) یەکە بە ڕێژەی (٢٢.٤%) دەبینێتەوە، کە بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین و هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (٢٤) یەکە بە ڕێژەی (١٥.٤) کە لە ڕیزبەندی سێیەم دێن، کە لە هەردوو ڕادە یەکەکان وەک یەکن، کەچی ئەوانەی بە تەواوی لەگەڵیدانین دەبینین ڕێژەکە نزم دەبێتەوە بۆ (١٤)یەکەو بە ڕێژەی (٩%) پێکهێناوە بە پلەی چوارەم دیت. ئەم خشتەیە ناوەندیی ژمێریاریی بریتییە لە (٣.٢٠)، هەروەها لادانی پێچەوانەی بریتییە لە (١.١٥٠). بە سەرنجدان لەم ژمارانەی سەروو ئەو ئەنجامانەمان بۆ دەردەخەن، کەوا زۆرترین لە تاکی نمونەکان تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەدان کەوا تێپەربوونی هەواڵ بە زۆری پلە بەندییەکان وا دەکات، کە هەواڵ دوابکەویت، کەچی دەبینین لە دوو ڕادە ژمارەی تاکەکان وەک یەکە، لە دوو ڕادەی تریش ژمارەی تاکەکان لە یەک نزیکن، بۆیە لێرەدا، دەبینین کەوا تێپەربوونی هەواڵ بە پلە بەندییەکان هەواڵ دوادەخات، ڕەنگە هەندێ جاریش کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبێت، گەر بە چەند پلەبەندیی بڕوات.

## ٢٣. ڕادەی دیاریکردنی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنکار لە سەر هەواڵە گرنگەکان

بە گوێرەی دەستەواژەی خاڵی (٢٣) لە خشتەی ژمارە (١٥)، بۆمان دەردەکەوێت، کەوا (٤٦) لە نمونەکان بە ڕێژەی (٢٩.٥%) تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەن، کەوا لە کاتی ڕوودانێکی لە ناکاو ڕاگەیاندنکار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کار لە سەر هەواڵە گرنگەکان بکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە لای پلەبەندییەکان، بەڵام هەردوو ڕادەی لەگەڵیدان و لەگەڵیدان بە تەواوی یەک ڕێژەیان تۆمارکردووە، کە بریتییە لە (٣٥) یەکە بە ڕێژەی (٢٢.٤%) بە پلەی دووەم دێن، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٨)یەکە و بە ڕێژەی (١٧.٩%)، کە بە پلەی سێیەم دێت، کەچی

هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتییە لە (١٢) لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (٧.٧%)، لە ڕیزبەندی کۆتایی دێت، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٤)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٢٢٦).

ئەنجامی ژمارەکانی سەروو، ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کەوا بەشی زۆر لە تاکی توێژینەوە، کە پلەی یەکەمیان تۆمارکردووە تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا ڕاگەیاندنکار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە کار لە سەر هەواڵە گرنگەکان بکات، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە لای پلە بەندییەکان، کەچی لە دوو ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی ڕێژەکە وەک یەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت ڕاگەیاندنکار بۆی هەیە دەسکاری هەواڵ یاخود لە سەر هەواڵە گرنگەکان بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدانین و لەگەڵیدانین بە تەواوی، دەبینین ڕێژەکە نزم بۆتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی دەبێت لە سەر سیاسەتی کەناڵەکان و خودی ئەو کارەی کە ڕاگەیەندنکار کاری تێدا دەکات.

**٢٤. ڕەتکردنەوەی هەواڵ لە لایەن پلەبەندی نابێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لە سەر کارەکەی**

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٥) و دەستەواژەی خاڵی (٢٤) بە دەردەکەوێت، کەوا (٥١) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٣٢.٧%)، کە بە پلەی یەکەم هاتووە، تاڕادەیەک پێیان وایە، ڕەتکردنەوەی هەندێ هەواڵ لە لایەن پلەبەندی نابێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لە سەر کارەکەی، بەڵام لە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی تاکەکانی توێژینەوە بریتین لە (٣٦) یەکە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٣.١%)، هەردوو ڕادەکە بە پلەی دووەم دێن، کەچی ئەگەر وورد بینەوە دەبینین ڕێژەکە نزم بۆتەوە لە ڕادەی لەگەڵیدانین کە بریتییە لە (٢٣) نمونە بە ڕێژەی (١٤.٧%)، کە بە پلەی سێیەم هاتووە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی خۆی لە (١٠)یەکە دەبینێتەوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە ٦.٤٠%) بە پلەی چوارەم دێت و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٤٢)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.١٨٠).

بە گوێرەی ژمارەکانی سەروو روون دەبیتەوە، کەوا بەرزترین یەکە پێیان وایە کە تاڕادەیەک ڕەتکردنەوەی هەواڵ لە لایەن فلتەرەکان نابێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لە سەر کارەکەی، بەڵام دەبینن بەشێکی زۆری تاکەکانیش لەگەڵ ئەوەدان و تەنانەت لەگەڵیشیدان بە تەواوی، کەوا ڕەتکردنەوەی هەواڵ لە لایەن پلەبەندییەکان نابێتە هۆی لاوازی ڕاگەیاندنکار، ئەمەش وا دەکات کە ڕاگەیاندنکار زیاتر ئارەزوو بکات لە سەر کارەکەی، کەچی دەبینن بەشێکیش لەگەڵیدانین، و پێیان وایە ڕەتکردنەوەی هەندێ هەواڵ دەبێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لە سەر کارەکەی، کە وا دەکات حەز بە کارەکەی نەکات و بەردەوام سست و ناچالاک بێت.

**٢٥. ڕادەی دیاریکردنی پەیوەندی کەسی و کاریگەری لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان**

لە خشتەی ژمارە (١٥) و دەستەواژەی خاڵی (٢٥) دەرکەوتووە، کە وا (٥٠)، یەکە بە ڕێژەی (٣٢.١%)، کە بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک پێیان وایە، پەیوەندیی کەسی کاریگەری هەیە لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (٣٨) یەکە بە ڕێژەی (٢٤.٤%)، کە بە پلەی دووەم دێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی ڕێژەکە نزمبۆتەوە، بوەتە (١٧) یەکەو بە ڕێژەی (١٠.٩%) بە پلەی پێنجەم دێت. بە سەرنجدان

لە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم دەردەکەوێت، کەوا جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە، کە بە چەند یەکە جیاوازییان هەیە، بۆ نمونە ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتییە لە (٢٩) یەکە بە ڕێژەی (١٨.٥%) کە بە پلەی سێیەم دێت، بۆچونییان وایە کەوا پەیوەندیی کەسی کە کاریگەری هەیە لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٢٢) یەکە بە ڕێژەی (١٤.١%)، کەچی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٦)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٢.٠٤٨).

به گوێرەی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت، کەوا بەرزترین یەکە رایانوایە، کە تاڕادەیەک پەیوەندیی کەسی کاریگەری هەیە لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، بەڵام دەبینین بەشێک لە تاکەکانی توێژینەوەش لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا پەیوەندی کەسی کاریگەری هەیە لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی رێژەکە نزم بۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە کەناڵەکان هەر کەناڵێک سیساسەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین دەبینین ڕێژەکە بەرزبۆتەوە، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان رێژەکە نزمبۆتەوە.

## شەشەم: ئازادی کارکردن

### خشتەی ژمارە (١٦)

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ٢٦ | بە هۆی فشاری سیستەمی کارگێڕی ئازادی کارکردنم لە کەناڵەکە بۆ فەراهەم کراوە. | ٢١ | ١٣.٥ | ٣٩ | ٢٥ | ٥٤ | ٣٤.٦ | ٢٩ | ١٨.٦ | ١٣ | ٨.٣ | ٣.١٧ | ١.١٣٥ |
| ٢٧ | دەتوانم بە ئازادی کاربکەم بە بێ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ بەرپرسانی کەناڵەکەم. | ٢١ | ١٣.٥ | ٢٧ | ١٧.٣ | ٥٢ | ٣٣.٣ | ٣١ | ١٩.٩ | ٢٥ | ١٦ | ٢.٩٢ | ١.٢٤٧ |
| ٢٨ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە نەبۆتە هۆی گرفت لە بەڕێوەچوونی سستی ئیش و کارەکانم. | ٣٢ | ٢٠.٥ | ٤٣ | ٢٧.٦ | ٤٣ | ٢٧.٦ | ٢٧ | ١٧.٣ | ١١ | ٧.١ | ٣.٣٧ | ١.١٩٣ |
| ٢٩ | ئازادی کارکردن لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە نەرم و نیانی تێدایە. | ٣٢ | ٢٠.٥ | ٥٠ | ٣٢.١ | ٤٩ | ٣١.٤ | ١٦ | ١٠.٣ | ٩ | ٥.٨ | ٣.٥١ | ١.١٠٤ |
| ٣٠ | دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ئازادی فەراهەم کردووەو ڕێگا دەدات بیروبۆچونی خۆم لە ناوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دەرببڕم. | ٣٦ | ٢٣.١ | ٣٤ | ٢١.٨ | ٥١ | ٣٢.٧ | ٢٠ | ١٢.٨ | ١٥ | ٩.٦ | ٣.٣٦ | ١.٢٣٩ |

**٢٦. فەراهەم کردنی ئازادی کارکردن بۆ ڕاگەیاندنکاران**

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١٦) لە دەستەواژەی (٢٦) ئەوە روون بوەتەوە، کەوا (٥٤) لە لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (٣٤.٦%) کە بەرزترین ڕادەیەو بە پلەی یەکەم هاتووە، تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا بە هۆی فشاری سیستەمی کارگێڕی ئازادی کارکردن بۆ ڕاگەیاندنکاران لە کەناڵەکان فەراهەم کراوە. کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان، بریتین (٣٩) تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەی (٢٥%) پێکهێناوە و بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٩) نمونە، کە ڕێژەی (١٨.٦%) لە ریزبەندی سێیەم دێت.

کەچی دەبینین لە ڕادەی لەگەڵیدان بە تەواوی ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٢١) نمونە، کە ڕێژەی (١٣.٥%) پێکێهێناوەو بە پلەی چوارەم هاتووە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (١٣) یەکەو بە ڕێژەی (٨.٣%)، بە پلەی پێنجەم دێت، کە ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٣.١٧)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.١٣٥).

ئەنجامی ژمارەکانی سەروو ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەوا زۆرترین یەکە تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا بە هۆی فشاری سیستەمی کارگێڕی ئازادی کارکردن بۆ ڕاگەیاندنکاران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان فەراهەم کراوە، بەڵام لە ڕادەی دیکە جیاوازیەکی ئەوتۆ بە دی ناکرێت، کە بە چەند نمونەیەک بیروڕایان جیاوازە، بۆیە ئازادی کارکردن وەک ڕەهەندێکی سیستەمی کارگێڕی لەم دەستەواژەیە دەرکەوتوە کە فشاری کارکردن تاڕادەیەک لە سەر ڕاگەیاندنکار هەیە.

**٢٧. ڕادەی دیاریکردنی ئازادی کارکردنی ڕاگەیاندنکار**

بە گوێرەی دەستەواژەی (٢٧) لە خشتەی ژمارە (١٦) دەردەکەوێت، کەوا (٥٢) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٣٣.٣%) کە بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک پێیان وایە، کە ڕاگەیاندنکار دەتوانێ بە ئازادی کاربکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەرپرسانی کەناڵەکەی، بەڵام بە دوو ڕادەی دژ بەیەکەدا کە ژمارەی تاکەکانی توێژینەوە لە یەک نزیکن، ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٣١) یەکە بە ڕێژەی (١٩.٩%)، کە بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٢٧) لێتوێژراوان، بە پلەی سێیەم هاتووە.

هەر چی ڕادەی لەگەڵیدانین بە تەواوی خۆی لە (٢٥) یەکە دەبینێتەوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٦%) بە پلەی چوارەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتین لە (٢١) یەکە بە ڕێژەی (١٣.٥%)، کە لە ریزبەندی پێنجەم دێت. ئەم خشتەیە ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٢.٩٢%)، لادانی پێوانەی بریتییە لە (١.٢٤٧).

بە سەرنجدان لە ژمارەکانی سەروو ئەو ئەنجامەمان بۆ دەردەخات، کەوا زۆرترین تاکی توێژینەوە تاڕادەیەک فشاری ئازادی کارکردنی لە سەر بووە، کە دەتوانێت کاربکات و بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای بەرپرسانی کەناڵەکە، هەرچی ڕادەکانی ترە دەبینن ژمارەی تاکەکان زۆر لە یەک نزیکن، فشارەکان بەرزبونەوە و نزمبونەوەی تێدایە، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە فشارەکە کاریگەری ئەرێنی بە گوێرەی خشتەی ژمارە (١٥) و دەستەواژەی خاڵی (٢٢) روون دەبێتەوە، نەرێنی هەیە بە سەر ڕاگەیاندنکار لە چوارپێوەی ئازادی کارکردن وەک ڕەهەندێکی گرنگی سیستەمی کارگێڕی.

**٢٨. بەڕێوەچوونی کارەکانی ڕاگەیاندنکاران لە کەناڵەکان نمونەی توێژینەوە**

لە خشتەی ژمارە (١٦) و دەستەواژەی خاڵی (٢٨) روون دەبێتەوە، کەوا هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام و تاڕادەیەک، کە ژمارەی تاکەکان وەک یەکن و بریتین لە (٤٣) لێتوێژراوان، کە ڕێژەی (٢٧.٦%)یان پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی یەکەم دێن، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٧) یەکە بە ڕێژەی (١٧.٣%)، کە بە پلەی سێیەم دێت.

له دوو ڕادەی جیاواز و دژ دەردەکەون، کەوا ژمارەی تاکەکان هەڵکشان و داکشانی تێدایە، بۆ نمونە ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی خۆی لە (٣٢) یەکە دەبینێتەوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٠.٥%)، بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی دەبیندرێت ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ (١١) یەکە بە ڕێژەی (٧.١%)، کە لە ڕیزبەندی چوارەم دێت. هەروەها ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە ((٣.٣٧)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.١٩٣).

دەرئەنجامی ژمارەی دەستەواژەکانی سەروو ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کەوا زۆترین تاکی توێژینەوە لە دوو ڕادەی جیاواز، کە بەرزترین ڕێژەیان پێکهێناوە، کە لایان وایە، کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە نەبۆتە گرفت لە بەڕێوەچوونی سستی کارەکانی ڕاگەیاندنکار، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە تاکی توێژینەوە فشاری ئەوتۆی لە سەر نەبووە، ئەوانەی فشارییان لە سەر بووە، ڕێژەکە کەمترە لەوانەی فشارییان لەسەر نیە.

### ٢٩. ئازادی کارکردن لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە نەرم و نیانی تێدایە

لە دەستەواژەی ژمارە (٢٩) و خشتەی ژمارە (١٦) روون دەبێتەوە، کەوا (٥٠) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٣٢.١%) کە بە پلەی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدان کەوا ئازادی کارکردن لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە نەرم و نیانی تێدایە، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (١٦) یەکە بە ڕێژەی (١٠.٣%) لە ڕیزبەندی چوارەم دێت، بەڵام (٤٩) یەکە، بە ڕێژەی (٣١.٤%)، کە بە پلەی دووەم دێت، تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا، ئازادی کارکردن لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە نەرم و نیانی تێدایە.

هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی خۆی لە (٣٢) یەکەو (٢٠.٥%) دەبینێتەوە، کە لایان وایە ئازادی کارکردن لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە نەرم و نیانی تێدایە، بەڵام بە پێچەوانەوە، بە پلەی سێیەم دێن، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی دەبینین ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ (٩) یەکە، کە ڕێژەی (٥.٨%) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی پێنجەم هاتووە. ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات کە ناوەندی ژمێریاریی بریتییە لە (٣.٥١)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.١٠٤).

دەرئەنجامی ژمارەکانی سەروو بە دەردەکەوێت، کەوا زۆرترین تاکی توێژینەوەی لەگەڵ ئەوەدان، کەوا ئازادی کارکردن لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵەکە نەرم و نیانی تێدایە، بەڵام کەمتر لەو ڕێژەیە ئەوە کە تاڕادەیەک لەگەڵیدان، لە دوایش ئەویش لەگەڵیدان بە تەواوی، بەڵام دەبینین ڕادەی لەگەڵیدانیم و لەگەڵیدانیم بە تەواوی ڕێژەکە نزمبۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کەوا لە کەناڵەکان ئازادی کارکردن بۆ ڕاگەیاندنکاران فەراهەم کراوە، بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان بە ئاسانی بکەن و لەمپەرێکی ئەوتۆیان بۆ درووست نەبێت، بە پێچەوانەوە فشارەکە کەمترە.

### ٣٠. ڕاگەیاندنکاران بە ئازادی بیروبۆچونی خۆیان لە ناوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دەردەبڕن

لە خشتەی ژمارە (١٦) دەستەواژەی (٣٠) روون دەبێتەوە، کەوا بەشی زۆری تاکی توێژینەوە بەرزترین ڕێژەیان تۆمارکردوە، کە خۆی لە (٥١) یەکە بە ڕێژەی (٣٢.٧%) دەبینێتەوە، تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ئازادی فەراهەم کردووەو ڕێگا دەدات بیروبۆچونی ڕاگەیاندنکاران لە ناوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دەرببڕێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی ڕێژەکە نزمبۆتەوە کە خۆی لە (٣٦) یەکە دەبینێتەوە بە ڕێژەی (٢٣.١%) بە پلەی دووەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی دەبینن ڕێژەکەی بریتییە لە (١٥) یەکە بە ڕێژەی (٩.٦%)، لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت.

هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٣٤) نمونە، کە ڕێژەی (٢١.٨%)ی پێک هێناوە، بە پلەی سێیەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٢٠) لێتوێژراوان، کە ڕێژەی (١٢.٨%)ی پێکهێناوە. بە سەرنجدان

لەم خشتەیە ئەوە روون دەبێتەوە کەوا ناوەندیی ژمێریاریی بریتیە لە (٣.٣٦)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (١.٢٣٩).

بە گوێرەی دەرئەنجامی ژمارەکانی دەستەواژووی سەروو روون دەبێتەوە، کەوا (٥١) یەکە تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا لە لایەن کەناڵەکان ئازادی فراهەم کراوە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنکار بیروبۆچونی خۆی لە ناوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دەرببڕێت، یاخود باشتر وایە بڵێین ئازادی کارکردن لە کەناڵەکە تا ڕادەیەک هەیە، بەڵام ئەگەر وردبینەوە لەو ژمارانەی سەروو لە چوار ڕادەی پێچەوانەی یەکتر دەبینین، ئەوانەی لەگەڵیدان و لەگەڵیدان بە تەواوی ڕێژەکە بەرزترە، پێیان وایە ئازادی کارکردن لە کەناڵەکان فراهەم کراوە.

بە پێچەوانەوە ڕادەی لەگەڵیدانیم و لەگەڵیدانیم بە تەواوی ڕێژەکە نزم بۆتەوە، ڕایان وایە کە ئازادی کارکردن کارکردن فەراهەن نەکراوە، کە ڕاگەیاندنکار بیروڕای خۆی دەرببڕێت لە نێو کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن.

لێرەدا ئەوە دەسەلمێندرێت، کەوا ڕاگەیاندنکاران فشارێکی ئەوتۆیان لە سەر نیە، کەوا لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بیروبۆچونی خۆیان بخەنەڕوو، ئەگەرچی فشارەکە لە سەر بەشێکی تاکەکانیش هەیە کەوا ناتوانن بیروبۆچونی خۆیان بخەنەڕوو لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

## حەوتەم: مووچە

**خشتەی ژمارە (١٧)**

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تاڕادەیەک | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ٣١ | ئەو مووچەی وەری دەگرم بەشی بژێوی ژیانم دەکات. پێویستم بە کارکردنی دیکە نیە. | ٢٠ | ١٢.٨ | ٢١ | ١٣.٥ | ٣٧ | ٢٣.٧ | ٣٠ | ١٩.٢ | ٤٨ | ٣٠.٨ | ٢.٥٨ | ١.٣٨٢ |
| ٣٢ | ئەو ڕاگەیاندنکارانەی وەک من لە یەک بوار کاردەکەن بە یەکسانی مووچەمان پێ دەدرێت. | ٢٦ | ١٦.٧ | ٢٨ | ١٧.٩ | ٤٠ | ٢٥.٦ | ٢٦ | ١٦.٧ | ٣٦ | ٢٣.١ | ٢.٨٨ | ١.٣٩١ |
| ٣٣ | لە کەناڵەکە جیاوازی بە پێی ڕەگەز ڕۆل دەبینێت لە پێدانی مووچە بە ڕاگەیاندنکاران. | ١٤ | ٩ | ٢١ | ١٣.٥ | ٣٦ | ٢٣.١ | ٣٨ | ٢٤.٤ | ٤٧ | ٣٠.١ | ٢.٤٧ | ١.٢٩٢ |
| ٣٤ | زۆری مووچە کاریگەری بە سەر کارەکانم درووست کردووە بۆ پێش خستنی کەناڵەکە. | ٢٧ | ١٧.٣ | ٢٠ | ١٢.٨ | ٣٩ | ٢٥ | ٣٧ | ٢٣.٧ | ٣٣ | ٢١.٢ | ٢.٨١ | ١.٣٧٢ |
| ٣٥ | ئاگاداری ئەو داهاتەی ریکلام نیم، کە لە کەناڵەکە بە دەست دەهێندرێت و تەنانەت سوودمەندیش نەبوویمە لە هیچ پاداشتێک. | ٥٢ | ٣٣.٣ | ٣٠ | ١٩.٢ | ٢٩ | ١٨.٥ | ١٨ | ١١.٥ | ٢٧ | ١٧.٣ | ٣.٤٠ | ١.٤٨٤ |

**٣١. مووچە بەشی بژێوی ژیانی ڕاگەیاندنکاران دەکات**

لە خشتەی ژمارە (١٧) و خاڵی (٣١) روون بۆتەوە، کەوا بەزرترین ڕێژە (٤٨) یەکەن بە ڕێژەی (٣٠.٨%)، لە ڕیزبەندی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدانین بە تەواوی کەوا ئەو مووچەیەی ڕاگەیاندنکار وەری دەگرێ و بەشی بژێوی ژیانی دەکات. پێویستی بە کارکردنی دیکە نیە، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی دەبینن ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ (٢٠) نمونەو کە ڕێژەی (١٢.٨%) پێکهێناوەو بە پلەی پێنجەم دێت.

هەرچی ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵیدان بریتین لە (٣٧) لێتوێژراوان، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٣.٥%) بە پلەی دووەم دێت. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٣٠) یەکە بە ڕێژەی (١٩.٢%) کە لە ڕیزبەندی سێیەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان خۆی لە (٢١) نمونە دەبینێتەوەو کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٢.٨%) لە ڕیزبەندی چوارەم دێت، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٥٨)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٣٨٢).

بە گوێرەی ژمارەکانی سەروو ئەو دەرئەنجامە دەردەخات، کە بەزرترین ڕێژە لەگەڵ ئەوەدانین بە تەواوی، کە مووچە بەشی بژێوی ژیانییان ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کە بەشێک لە تاکەکانی توێژینەوە ڕایانوایە، کە ئەو مووچەیە لە کەناڵەکان وەری دەگرن بەشی بژێوی ژیانییان دەکات پێویستیان بە کارکردنی دیکە نیە.

لێرەدا مووچە ڕۆل و کاریگەری زۆری هەیە لە سەر ڕاگەیاندنکار، ئەگەر مووچەیەک باشی هەبێت، دەتوانێت پیشەییانەو لێهاتوویانە کاری خۆی بکات لە کەناڵەکە فشاری دارایی لە سەر نەبێت، بەڵام بەشی زۆری پێیاوایە، کە مووچە بەشی بژێوی ژیانیان ناکات، ئەگەر تاکی توێژینەوەش بژێوی ژیانی باش نەبێت ناچار لە کارەکەی سست دەبێت و ڕەنگە ببێتە هۆی وازهێنانی لە بەر بژێوی ژیانی پەنا بۆ کاری دیکە ببات.

**٣٢. ڕاگەیاندنکاران بە یەکسانی مووچەیان پێ دەدرێت**

لە خشتەی ژمارە (١٧) و دەستەواژەی (٣٢) دەردەکەوێت، کەوا (٤٠) یەکە بە ڕێژەی (٢٥.٦%) کە بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا ئەو ڕاگەیاندنکارانەی لە یەک بوار کاردەکەن بە یەکسانی مووچەیان پێ دەدرێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (٣٦) لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (٢٣.١%)، کە لە ڕیزبەندی دووەم دێت، بەڵام هەردوو ڕادەی لەگەڵیدان بە تەواوی و لەگەڵیدانین، یەک ڕێژەیان تۆمارکردووە، دەبینین ڕێژەکە نزم بۆتەوە بۆ (٢٦) یەکە، کە ڕێژەی (١٦.٧%) پێکهێناوە، بە پلەی چوارەم دێن، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٢٨) یەکە کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٧.٩%) کە بە پلەی سێیەم دێت، کە ناوەندی ژمێریاری ئەم خشتەیە بریتییە لە (٢.٨٨)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٣٩١).

دەرئەنجامی ژمارەی دەستەواژەکانی سەرەوە بۆمان روون دەکاتەوە، بەشی زۆری تاکەکانی توێژینەوە تاڕادەیەک ڕایان وایە، کەوا ئەو ڕاگەیاندنکارانەی لە یەک بوار کاردەکەن هیچ جیاوازییان نیە، وەک یەک کاردەکەن، تەنانەت مووچەیشان وەک یەکە.

کەچی لە چوار ڕادەی دیکە کە لە ژمارەکان بە دەردەکەوێت، کە جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەو ڕاگەیاندنکارانەی کە لە یەک بوار کاردەکەن، بەشێکیش بە ڕادەی جیاواز پێیانوایە، کە جیاوازی نیەو وەک یەک مووچیان پێ دەدرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شوێنی کارکردن و هەمیش مووچە وەک ڕەهەندێکی سیستەمی کارگێڕی فشاری هەیە لە سەر تاکی توێژینەوە.

**٣٣. جیاوازی ڕەگەزی ڕۆل دەبینێت لە پێدانی مووچە بە ڕاگەیاندنکاران**

بە سەرنجدان لە دەستەواژەی (٣٣) و خشتەی ژمارە (١٧) روون دەبێتەوە، کەوا ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتییە لە (٤٧) لێتوێژراوان بە ڕێژەی (٣٠.١%) کە بە پلەی یەکەم دێت و پێیان وایە کەوا لە کەناڵەکە جیاوازی بە

پێی ڕەگەز ڕۆڵ دەبینێت لە پێدانی مووچە بە ڕاگەیاندنکاران، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە تەواوی دەبینین ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ (١٤) یەکە و بە ڕێژەی (٩%)، بە پلەی پێنجەم دێت، بەڵام ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵیدان بریتییە لە (٣٦) یەکە، کە ڕێژەی (٢٣.١%) پێکهێناوە.

هەروەها ئەو تاکانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٣٨) یەکە بە ڕێژەی (٢٤.٤%)، بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان خۆی لە (٢١) نمونە دەبینێتەوە بە ڕێژەی(١٣.٥%) کە لە ڕیزبەندی چوارەم دێت و ناوەندی ژمێریای بریتیە لە (٢.٤٧)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتیە لە (١.٢٩٢).

لە ژمارەکانی سەروو دەردەکەوێت، کەوا زۆرترین ژمارەی تاکەکان لەگەڵ ئەوەدانین بە تەواوی لە کەناڵەکان جیاوازی بە پێی ڕەگەز ڕۆل دەبینێت لە پێدانی مووچە بە ڕاگەیاندنکاران، ئەمەش ئەوە دەگەینێت لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) ناکرێت لە پێدانی مووچە، ئەگەر چی لە ژمارەکان بیروڕای جیاواز هەیە، دەبینین هەڵکشان و دابەزینی تێدابیە، بۆیە ئەو ژمارانە ئەوەمان پێ دەڵێن کەوا جیاوازی ڕەگەزی کاریگەری ئەوتۆ ناخاتە سەر تاکی توێژینەوە لە پێدانی مووچە بە ڕاگەیاندنکاران.

**٣٤. زۆری مووچە کاریگەری درووست کردووە بۆ پێش خستنی کەناڵەکان**

بە گوێرەی دەستەواژەی (٣٤) لە خشتەی ژمارەی (١٧) دەردەکەوێت، کەوا (٣٩) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٢٥%) کە بە پلەی یەکەم دێت، تاڕادەیەک ڕایان وایە کەوا زۆری مووچە کاریگەری بە سەر کارەکانی ڕاگەیاندنکار درووست کردووە بۆ پێش خستنی کەناڵەکە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٣٧) یەکە بە ڕێژەی (٢٣.٧%) لە ڕیزبەندی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ (٢٠) یەکە بە ڕێژەی (١٢.٨%) پێکهێناوەو لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت.

هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتییە (٣٣) تاکی توێژینەوە، کە ڕێژەکەی بریتیە لە (٢١.٢%)، بە پلەی سێیەم هاتووە، هەرچی ئەو یەکانەی لەگەڵیدان بە تەواوی بریتییە لە (٢٧) یەکە بە ڕێژەی (١٧.٣%) کە بە پلەی چوارەم دێت، کە ناوەندیی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٨١)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٣٧٢).

بە گوێرەی ژمارەکانی دەستەواژەی سەروو روون بۆتەوە، جگە لەو یەکانەی کە تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا زۆری مووچە کاریگەری بە سەر کارەکانی ڕاگەیاندنکار درووست کردووە بۆ پێش خستنی کەناڵەکە، بەڵام ژمارەی دوو ڕادەی جیاواز زۆر لە یەک نزیکە، ئەوانیش ڕادەی (لەگەڵیدانیم، لەگەڵیدانیم بە تەواوی)، ڕێژە یەک لە دوای یەکیان تۆمارکردووە و ڕایان وایە کەوا زۆری مووچە کاریگەری بە سەر کارەکانی ڕاگەیاندنکار درووست نەکردووە بۆ پێش خستنی کەناڵەکە.

کەچی لە دوو ڕادەی دیکەی دژ، ڕێژەکە نزمبۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا، کە زۆری مووچە وادەکات، کە کارەکان بە باشی بەڕێوەبچن، هەم دەبێتە هۆی ئەکتیڤ بوونی ڕاگەیاندنکارەکە هەمیش دەبێتە هۆی پێشخستنی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵەکە.

**٣٥. داهاتی ریکلام و سوودمەند بوونی ڕاگەیاندنکاران**

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٧) کۆتا دەستەواژە بە دەردەکەوێت، کەوا (٥٢) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٣٣.٣%)، بە پلەی یەکەم دێت، لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا، ڕاگەیاندنکاران ئاگاداری ئەو داهاتەی ریکلام نین، کە لە کەناڵەکە بە دەست دەهێندرێت و تەنانەت سوودمەندیش نەبووینە لە هیچ پاداشتێک، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (٢٧) یەکە بە ڕێژەی (١٧.٣%)، کە بە پلەی چوارەم دێت، کەچی ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵیدان خۆی لە (٢٩) یەکە دەبینێتەوە، بە ڕێژەی (١٨.٥%)، کە لە ڕیزبەندی سێیەم دێت.

بە سەرنجدان لە ژمارەی تاکەکانی ڕادەی لەگەڵیدام بریتییە لە (٣٠) یەکە و بە ڕێژەی (١٩.٢%) کە بە پلەی دووەم دێت، بەڵام (١٨) لە لێتوێژراوان بە ڕێژەی (١١.٥%) بە پلەی پێنجەم دێت. هەورەها ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٤٠)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١.٤٨٤).

دەرئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان روون دەبێتەوە، کەوا بەشی زۆری تاکەکانی توێژینەوەو بە هەردوو ڕادەی لەگەڵیدام و لەگەڵیدام بە تەواوی پێیانوایە، کە ئاگاداری ئەو داهاتەی ریکلام نین، کە لە کەناڵەکە بە دەست دەهێندرێت، تەنانەت سودمەندیش نەبووینە، لەو لە هیچ جۆرە پاداشتێک، کەچی دەردەکەوێت، کەوا هەر سێ ڕادەی تاڕادەیەک یاخود هەردوو ڕادەی لەگەڵیدانین و لەگەڵیدانین بە تەواوی، پێ دەچێ ئاگاداری ئەو داهاتەی ریکلام بن، یاخود پاداشتیان لە داهاتی ریکلام وەرگرتبێت.

## دووەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان

لە دوای ئەنجامدانی ڕێکاری مەیدانی و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و شرۆڤەکردنییان لە لایەن نمونەی توێژینەوە، کە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی وەرگیرابوون، توێژەر دەستی کردووە بە ئەنجامدانی گریمانەکان و تاقیکردنەوەیان، تا لە ڕێگەوەی بزاندرێت ئاماژەداری هەیە یاخود بە پێچەوانەوە.

**خشتەی ژمارە (١٨)**

**تاقیکردنەوەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان**

| فاکتەرە دیمۆگرافییەکان / گۆڕاوی بەدواداچوو | | ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی | نرخی ئەگەر (Sig.) | ئاستی ئاماژەداری |
|---|---|---|---|---|
| گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان | ڕەگەز | ٠.١٠٢ | ٠.٢٠٧ | ئاماژەداری نیە |
| | تەمەن | -٠.٠١٥ | ٠.٨٥١ | ئاماژەداری نیە |
| | باری کۆمەڵایەتی | -٠.٠٣٤ | ٠.٦٧٣ | ئاماژەداری نیە |
| | ئاستی خوێندەواری | -٠.٠٥٤ | ٠.٣٧٩ | ئاماژەداری نیە |
| | ماوەی کارکردن لە کەناڵ | ٠.١٨٢ | (*) ٠.٠٢٣ | ئاماژداری هەیە |
| | پیشە | ٠.٠٠٢ | ٠.٩٧٦ | ئاماژەداری نیە |
| | ساڵانی خزمەتی ڕاگەیاندن | ٠.١١٥ | ٠.١٥٢ | ئاماژەداری نیە |

**گریمانەی سەرەکی یەکەم:** پەیوندییەکی ئاماری هەیە لە نێوان فاکتەرە دیمۆگرافییەکانو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان. ئەم گریمانەیە چەند گریمانەی لاوەکی لێدەبێـەوە:

**گریمانەی لاوەکی یەکەم:** پەیوەندییەکی ئاماری هەیە لە نێوان ڕەگەزو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

پەیوەندییەکی ئاماری نییە، لە نێوان ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ گۆڕاوی ڕەگەز وەک گۆڕاوێکی دیمۆگرافی، هەروەکو دەرکەوتووە، بەهای پەیوەندی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی بریتییە لە (٠.١٠٢)، بەڵام نخی ئەگەری بریتییە لە (٠.٢٠٧)، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئاستی ئاماژەداری نیە.

ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەردوو توێژینەوەی (الضمداوی) (الخنبلی)، لە یەکتر نزیکن، چونکە هەرسێکیان لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی رووپێوین.

لە لایەکی دیکەش ڕەگەزی مێیینە لە هەرسێکییان کەمتر بووە لە ڕەگەزی نێر، بۆ نمونە لە توێژینەوەکەی (الضمداوی) کەمی ژمارەی مێیینە گەیشتە (١٠.٩٦%)، کەچی نێرینە زۆربەی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی گرتەوە بە ڕێژەی (٨٩.٠٤%)، لە بەرامبەردا لە توێژینەوەکەی ئێمەشدا ڕەگەزی مێینە بریتیی بوو لە (١٢.٨%)، هەرچی ڕەگەزی نێر بوو بریتیی بوو لە (٨٧.٢%)، هەروەها لە توێژینەوەکەی (الخنبلی)ش ژمارەی نێر لە تێکڕای ژمارەی گشتی نمونەی توێژینەکەدا بە سەر ژمارەی مێدا زاڵە، کە ڕێژەی نێر (٧١%) و ڕێژەی مێ (٢٩%)، هەروەها ژمارەی هەواڵسازە

---

(*) پەیوەندییەکە ئاماژەدارە ئەگەر(٠.٠٥ ≥ Sig.).

پیاوەکان لە هەواڵسازە ژنەکان زۆرتربوون لە پێگەکانی: (الاهرام، اخوان، اون لاین، المصریون، اون اسلام)، بەڵام لە پێگەی مصراوی هەموو هەواڵسازەکان نێربوون.

**گریمانەی لاوەکی دووەم:** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان تەمەن و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

پەیوەندییەکی ئاماری نیە، لە نێوان گۆڕاوی تەمەن و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەروەکو روون بۆتەوە، بەهای پەیوەندی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی بریتییە لە (٠.٠١٥-)، بەڵام نرخی ئەگەری بریتییە لە (٠.٨٥١)، بەڵام ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئاستی ئاماژەداری نیە.

ئەم توێژینەوەیە بچوکتری تەمەن لە تەمەنی (١٨)ساڵی بوو، کەچی لەگەڵ توێژینەوەی (الضمداوی) یەک ناگرێتەوە، چونکە زیاتر لە نیوەی نمونەی توێژینەوەکان، تەمەنی ئەرکدارییان هەیە، کەمتر لە (١١) ساڵ، ئەوەش ئاماژەیە بۆ کەمی ئەزموونی ئەرکدارییان. هەروەها یەک لە گریمانەکانی توێژینەوەکەی (ابو الحمام) ئاماژە بەوە دەکات کەوا، جیاکاریی خاوەن نیشانەو بەڵگەی ئاماری لە رای هەواڵسازەکان لە رۆژنامەگەریی ئینتەرنێتدا نییە، بەرەو ئایندەی "دەرگای ڕاگەیاندن" لە رۆژنامەگەریی ئینتەرنێت لە دانەپاڵی تەمەنی هەواڵسازانی رۆژنامەو پێگە هەواڵییەکان لە سەر ئینتەرنێت.

**گریمانەی لاوەکی سێیەم:** پەیوەندییەکی ئاماری هەیە لە نێوان باری کۆمەڵایەتیو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ئاماژەی ئاماری نیە، لە نێوان گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندنکار و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە دەرکەوتووە بەهای پەیوەندی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی بریتییە لە (٠.٠٣٤-)، کەچی نرخی ئەگەری خۆی لە (٠.٦٧٣) دەبینێتەوە. بۆیە ئاستی ئاماژەداری نیە.

**گریمانەی لاوەکی چوارەم:** پەیوەندییەکی ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ئاماژەی ئاماری نییە، لە نێوان ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری ڕاگەیاندنکار، کە دەرکەوتووە بەهای پەیوەندی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی، (٠.٠٥٤-) هەرچی نرخی ئەگەری (٠.٣٧٩). بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٨) دەردەکەوێت، کە ئاستی ئاماژەداری نیە.

**گریمانەی لاوەکی پێنجەم:** پەیوەندییەکی ئاماری هەیە لە نێوان ماوەی کارکردن لە کەناڵ و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

پەیوەندییەکی ئاماری هەیە، لە نێوان گۆڕاوی ماوەی کارکردن لە کەناڵ لەگەڵ ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە دەرکەوتووە بەهای پەیوەندی رەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی بریتییە لە لە (٠.١٨٢)، هەروەها نرخی ئەگەری بریتییە لە (٠.٠٢٣)، کەواتە ئاستی ئاماژەداری هەیە.

**گریمانەی لاوەکی شەشەم:** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان پیشە و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ئاماژەی ئاماری نییە، لە نێوان گۆڕاوی پیشەو ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە دەرکەوتووە بەهای پەیوەندی ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی بریتییە لە (٠.٠٠٢) هەرچی نرخی ئەگەری (٠.٩٧٦). بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٨) دەردەکەوێت، کە ئاستی ئاماژەداری نیە.

**گریمانەی لاوەکی حەوتەم:** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان ساڵانی خزمەتی ڕاگەیاندن و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ئاماژەی ئاماری نیە لە نێوان گۆڕاوی ساڵانی خزمەتی ڕاگەیاندن و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، چونکە بەهای پەیوەندی ڕەهەندەکانی سیتسەمی کارگێڕی بریتییە لە (٠.١١٥)، کەچی نرخی ئەگەری بریتییە لە (٠.١٥٢)، کەواتە ئاستی ئاماژەداری نیە.

**گریمانەی سەرەکی دووەم:** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان جۆری کەناڵی حزبی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) و ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

## ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی

### یەکەم: خاوەنداری

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بەڕەهەندی خاوەنداری**

**خشتەی ژمارە (١٩)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خاوەنداری | GK | ٤٣ | ٣.٠٦ | ٠.٨٠٥ | ١.١٧٣ | ٠.٣٢٥ |
| | Payam | ٢٥ | ٢.٨١ | ٠.٤٧٤ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٣.٠٣ | ٠.٧١٤ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٢.٩٣ | ٠.٧٣٤ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٢.٧٢ | ٠.٦٣٤ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٢.٩٤ | ٠.٧٠٤ | | |

بە سەرنجدان لەم خشتە بەراودکارییە لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، دەردەکەێت، لە کۆی پێنج کەناڵ، کە کۆی گشتی تاکەکانی توێژینەوە خۆی لە (١٥٦) پێکدێت، بە سەرنجدان لە ڕەهەندی خاوەنداری دەردەکەوێت،

کەوا کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان لە کۆی (٤٣) لێتوێژراوان، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٠٦) هەرچی لادانی پێوانەییە خۆی لە (٠.٨٠٥) دەبینێتەوە، بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، دەبینین (٢٧) نمونە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٨١)، هەرچی لادانی پیوانەییە بریتییە لە (٠.٧٣٤).

بە سەرنجدان لە هەردوو کەناڵی ئیسلامی (سپێدە و پەیام)، هەروەکو لە کەناڵی ئاسمانی پەیام دەرکەوتووە، کە بریتییە لە (٢٥) یەکە، کە ناوەندی ژمێریاری (٢.٨١)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتیە لە (٠.٤٧٤)، لە بەرامبەردا کەناڵی ئاسمانی سپێدە دێت، کە خۆی لە (٤٠) یەکە دەبینێتەوەو ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٣.٠٣)، کەچی لادانی پێوانەی بریتییە لە (٠.٧١٤). هەروەها (٢١) لە تاکی توێژینەوە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، کە بچوکترین یەکەیە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٧٢)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٦٣٤).

لە خشتەی سەروو بە دەردەکەوێت، کەوا ئاماژەیەکی ئاماری نیە، لە نێوان جۆری کەناڵی حزبی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) لەگەڵ ڕەهەندی خاوەنداری وەک ڕەهەندێکی گرنگی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، کە کۆی گشتی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٩٤)، لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠.٧٠٤)، کە نرخی (f) بریتییە لە (١.١٧٣)، بە بەهای ئەگەری (٠.٣٢٥)، کەوا دەردەکەوێت ئاستی ئاماژەدار نیە.

## دووەم: ڕێنمایی

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بە ڕەهەندی ڕێنمایی**

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێنمایی | GK | ٤٣ | ٣.٧٦ | ٠.٥٧١ | ٥.٧٤٦ | ٠.٠٠٠ (*) |
| | Payam | ٢٥ | ٣.٦٧ | ٠.٥٦٢ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٣.٣٦ | ٠.٧٤٥ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٣.٣٨ | ٠.٧٢٨ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٤.٠٧ | ٠.٥٤٢ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٣.٦٢ | ٠.٦٨٢ | | |

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (٢٠)، کە بەراودکارییە لە نێوان کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، ڕوون دەبێتەوە، لە کۆی پێنج کەناڵ، کە کۆی گشتی تاکەکانی توێژینەوە لە (١٥٦) پێکدێت، بە سەرنجدان لە ڕەهەندی ڕێنمایی دەردەکەوێت، کەوا کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان لە کۆی (٤٣) لێتوێژراوان، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٧٦) کەچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠.٥٧١) دەبینێتەوە، بەڵام کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، کە لە (٢٧) یەکە پێکدێت و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٨)یە، لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠.٧٢٨).

هەرچی کەناڵی ئاسمانی پەیامە، بریتییە لە (٢٥) یەکە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٦٧)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٥٦٢). لە لایەکی دیکە، (٤٠) لێتوێژراوانی کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٦)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠.٥٦٢)، بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، کە خۆی لە (٢١) یەکە دەبینێتەوە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٤.٠٧)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٥٤٢).

دەرئەنجامی خشتەی سەروو بۆمان ڕوون دەکاتەوە، لە ڕەهەندی ڕێنمایی ئاماژەیەکی ئاماری هەیە، لە نێوان جۆری کەناڵی حزبی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، کە کۆی گشتی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٦٢)، لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠.٦٨٢)، کە نرخی (f) بریتییە لە (٥.٧٤٦)، بە بەهای ئەگەری (٠.٠٠٠)، کەوا دەردەکەوێت ئاستی ئاماژەدار هەیە.

## سێیەم: کاتی کارکردن

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بەڕەهەندی کاتی کارکردن**

**خشتەی ژمارە (٢١)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاتی کارکردن | GK | ٤٣ | ٣.٦٧ | ١.٤٧٠ | ٠.٨٧١ | ٠.٤٨٣ |
| | Payam | ٢٥ | ٣.٤٦ | ٠.٥٥٦ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٣.٧١ | ٠.٦٧٥ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٣.٤٧ | ٠.٦٤٧ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٣.٣٢ | ٠.٦٠٢ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٣.٥٧ | ٠.٩٤١ | | |

بە سەرنجدان لە خشتەی سەروو، روون دەبێتەوە، کەوا لە تێکرای پێنج کەناڵ، کە کۆی گشتی تاکەکانی توێژینەوە بریتییە (١٥٦)، بە گوێرەی بەراوردکردنی نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، دەردەکەوێت، کە کاتی کارکردنی تاکەکانی توێژینەوە، لە کەناڵێکەوە بۆ یەکی تر جیاوازی هەبووە، دەبینن ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی لە بەرزبونەوە و نزمبونەوەدان، لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، کە خۆی لە (٤٣) یەکە دەبینێتەوە بەرزترین ڕێژەیە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٦٧)، کەچی (١.٤٧٠) لادانی پێوانەکەیەتی، کەچی (٢٧) لە تاکی توێژینەوەی کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، کە ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٣.٤٧)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٦٤٧).

ئەگەرچی لە هەردوو کەناڵی ئیسلامی، تاکەکان جیاوازییان هەیە لە ژمارەی تاکەکان، ئەو ڕێژەیە وای کردووە بیرڕوایی تاکەکان کاریگەری هەبێت، بۆ ئەوەی لادانی پێوانەی و ناوەندی ژمێریاری جیاواز بن، بۆ نمونە لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە، خۆی لە (٤٠) یەکە دەبینێتەوە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٧١)، کەچی لادانی پێوانەی بریتییە لە (٠.٦٧٥)، بە بەراوردکردنی لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە نمونەی توێژینەوەکانی بریتییە لە (٢٥)، کە ناوەندی ژمێریاری (٣.٤٦)، هەرچی لادانی پێوانەییە خۆی لە (٠.٥٥٦). بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو کە یەکەکانی توێژینەوە بریتییە لە (٢١)، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٢)، لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠.٦٠٢).

لە ئەنجامی خشتەی سەروو کە بەراوردکردنی لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) سەبارەت بە ڕەهەندی (کاتی کارکردن)، وەک بەڕەهەندێکی سیستەمی کارگێڕي لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەردەکەوێت، کەوا ئاماژەیەکی ئاماری نیە، لە بەر ئەوەی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٥٧) و لادانی پێوانەیش خۆی لە (٠.٩٤١)، کە نرخی (f) بریتییە لە (٠.٨٧١)، کە بەهای ئەگەری (٠.٤٨٣)، ئەمەش ڕووندەکاتەوە، کەوا ئاستی ئاماژەداری نیە.

## چوارەم: مامەڵەکردنی کارگێڕی

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بەڕەهەندی مامەڵەکردنی کارگێڕی**

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مامەڵەکردنی کارگێڕی | GK | ٤٣ | ٣.٣٥ | ٠.٨١٤ | ٢.٧٤٢ | ٠.٠٣١ |
| | Payam | ٢٥ | ٣.٠٨ | ٠.٥٦٩ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٣.١٦ | ٠.٦٩٥ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٢.٩١ | ٠.٦١٤ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٣.٤٦ | ٠.٥٣٧ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٣.٢٠ | ٠.٦٩٦ | | |

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (٢٢) روون دەبێتەوە، لە کۆی پێنج کەناڵ، کە کۆی گشتی لێتوێژراوان بریتییە لە (١٥٦)، کە ئاستی ئاماژەداری هەیە، بە بەراوردکردنی نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، دەردەکەوێت، لەگەڵ مامەڵەکردنی کارگێڕی وەک ڕەهەندێکی سیستەمی کارگێڕی، لە کەناڵێکەوە بۆ یەکی دیکە. جیاوازی هەیە لە ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی، کە ڕێژەکە بەرزی و نزمی تێدایە، لە هەردوو کەناڵی عەلمانی بە نمونە، کە (٤٣) یەکە بریتییە لە تاکەکانی توێژینەوەی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٥) هەرچی لادانی پێوانەییە خۆی لە (٠.٨١٤)دەبینێتەوە، بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، کە لە (٢٧) یەکە پێکدێت، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٩١)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠.٦١٤).

بە سەرنجدان لە هەردوو کەناڵی ئیسلامی روون دەبێتەوە، کەوا لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە خۆی لە (٤٠) یەکە دەبینێتەوە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.١٦)، کەچی لادانی پێوانەییە (٠.٦٩٥)، لە بەرامبەردا کە (٢٥) لێتوێژراوان لە کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٠٨)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٥٦٩). لە لایەکی دیکە، (٢١) لە تاکی توێژینەوەی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو پێک دەهێنن، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٤٦)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠.٥٣٧).

دەرئەنجامی خشتەی سەروو لە ڕەهەندی مامەڵەکردنی کارگێڕی وەک ڕەهەندێکی سیستەمی کارگێڕی، بۆمان دەردەکەوێت، کەوا بەراوردکردنی نێوان کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) کەوا ئاستی ئاماژەداری هەیە، چونکە ناوەندی ژمێریاری مامەڵەکردنی کارگێڕی بریتییە لە (٣.٢٠)، هەرچی لادانی پێوانەیە بریتییە لە (٠.٦٩٦)، لێرەدا نرخی (f) بریتییە لە (٢.٧٤٢)، کە بەهای ئەگەری (٠.٠٣١)، ئەمەش ڕووندەکاتەوە، کەوا ئاستی ئاماژەداری هەیە.

## پێنجەم: پلەبەندی

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بەڕەهەندی پلەبەندی**

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلەبەندی | GK | ٤٣ | ٣.٥١ | ٠.٧١٩ | ١.١٥٩ | ٠.٣٣١ |
| | Payam | ٢٥ | ٣.١٩ | ٠.٩٦٣ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٣.٣٨ | ٠.٦١٣ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٣.٢٨ | ٠.٦٣٨ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٣.١٩ | ٠.٦٩٧ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٣.٣٤ | ٠.٧٢٥ | | |

بە گوێرەی خشتەی سەروو دەردەکەوێت، لە کۆی پێنج کەناڵی ئاسمانی کوردی، کە بریتییە لە (١٥٦) لێتوێژراوان، کە بەراوردکردنی نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، دەردەخات، لە ڕەهەندی پلەبەندی نمونەی توێژینەوەکان، کە ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی کەناڵەکان جیاوازن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کەوا بیروڕای جیاوازی لە نێوان جۆری کەناڵەکان و تاکی توێژینەوە هەیە، کە هەر کەناڵێک سیاسیەتی تایبەت بە خۆی هەیە و لێتوێژراوان پابەندن بەو سیاسەتە، بە تایبەت لە ژووری هەواڵ، یاخود ئەو پلەبەندییانەی کە سەرقالی کۆکردنەوەی هەواڵ و دارشتنەوەیان و ئۆکەی کردنی بۆ پەخش و بڵاو کردنەوە، کە تاکەکانی توێژینەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

بە سەرنجدان لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان و کەی ئێن ئێن، دەردەکەوێت کەوا (٤٣) لێتوێژراوان لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، کە ناوەندی ژمێریاری (٣.٥١)یە، کەچی لادانی پێوانەیی (٠.٧١٩)، بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، کە نمونەی توێژینەوەکانی بریتییە لە (٢٧)، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٢٨)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە (٠٦٣٨).

ئەگەر ئاماژە بە هەردوو کەناڵی ئیسلامی (سپێدەو پەیام) بکەین، ئەوە دەردەخات کەوا لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە ژمارەی تاکەکانی بەرزترە لە کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە خۆی لە (٤٠) یەکە دەبینێتەوە، کە ناوەندی ژمێریاری (٣.٣٨)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠٦١٣)، لە بەرامبەردا کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە ژمارەی تاکی توێژینەوە (٢٥) و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.١٩)، لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠٩٦٣). هەروەها لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، کە خۆی لە (٢١) یەکە دەبینێتەوە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.١٩)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠٦٩٧).

لە خشتەی سەروو روون دەبێتەوە، کەوا ئاماژەیەکی ئاماری نیە، لە نێوان جۆری کەناڵی حزبی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) لەگەڵ پلەبەندی وەک ڕەهەندێکی گرنگی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە کۆی گشتی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٣٤)، لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠.٧٢٥)، کە نرخی (f) بریتییە لە (١.١٥٩)، بە بەهای ئەگەری (٠.٣٣١)، کەوا دەردەکەوێت ئاستی ئاماژەدار نیە.

## شەشەم: ئازادی کارکردن

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بەڕەهەندی ئازادی کارکردن**

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئازادی کارکردن | GK | ٤٣ | ٣.٤٥ | ٠.٨٩٠ | ٢.١٠٧ | ٠.٠٠٨٣ |
| | Payam | ٢٥ | ٣.٢٩ | ٠.٦٠٣ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٣.٠٣ | ٠.٧٠٦ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٣.١٩ | ٠.٦٨٩ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٣.٤٢ | ٠.٥٤٠ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٣.٢٧ | ٠.٧٣٧ | | |

بە سەرنجدان لە خشتەی (٢٤)، کە بەراودکردنی لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، لە کۆی پێنج کەناڵ، کە کۆی تێکرای یەکەکانی توێژینەوە خۆی لە (١٥٦) دەبینێتەوە، کە کەناڵی گەلی کوردستان بە بەرزترین دێت، خۆی لە (٤٣) یەکە دەبینێتەوە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٤٥)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە٠.٨٩٠ ()، لە بەرامبەر ئەو کەناڵە عەلمانیە، کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن دێت، کە سەرجەمی تاکەکانی توێژینەوەی بریتییە لە (٢٧) و ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٣.١٩)و لادانی پێوانەیی (٠٦٨٩.).

بەڵام لە هەردوو کەناڵی ئیسلامی (سپێدەو پەیام) جیاوازی هەیە، لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە لە ڕیزبەندی دووەم دێت لە ژمارەی تاکەکانی توێژینەوە کە خۆی لە (٤٠) یەکە دەبینێتەوە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٠٣)، لادانی پێوانەیی خۆی لە (٠٧٠٦.) دەبینێتەوە، بەڵام (٢٥) لە تاکی توێژینەوەی کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٢٩) هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠٦٠٣.)، لە لایەکی دیکە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو کە خۆی لە (٢١) تاکی توێژینەوە دەبینێتەوە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٤٢)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٥٤٠).

ئەنجامی خشتەی سەروو ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کەوا ئاماژەیەکی ئاماری نیە، لە نێوان جۆری کەناڵی حزبی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) لەگەڵ ڕەهەندی ئازادی کارکردن وەک ڕەهەندێکی گرنگی سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، کە کۆی گشتی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.٢٧) و لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠٧٣٧.)، کە نرخی (f) بریتییە لە (٢.١٠٧)، بە بەهای ئەگەری (٠.٠٨٣)، لێرەدان بە دەردەکەوێت ئاستی ئاماژەدار نیە.

## حەوتەم: مووچە

تاقیکردنەوەی گریمانەی بەراوردکردن لە نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)

**سەبارەت بەڕەهەندی مووچە**

**خشتەی ژمارە (٢٥)**

| ڕەهەندی سیستەمی کارگێڕی | کەناڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | نرخی F | بەهای ئەگەری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مووچە | GK | ٤٣ | ٢.٩١ | ٠.٧٧٧ | ١.٥٩٩ | ٠.١٧٨ |
| | Payam | ٢٥ | ٢.٧٣ | ٠.٧٤٦ | | |
| | Speda | ٤٠ | ٢.٦٩ | ٠.٦٤٤ | | |
| | KNN | ٢٧ | ٢.٧٧ | ٠.٧٢٧ | | |
| | Rudaw | ٢١ | ٣.١٣ | ٠.٧١٤ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٦ | ٢.٨٣ | ٠.٧٢٨ | | |

بە گوێرەی خشتەی سەروو، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەوا لە کۆی پێنج کەناڵ، کە کۆی گشتی لێتوێژراوان بریتییە (١٥٦)، بە بەراوردکردنی نێوان جۆری کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی)، دەردەکەوێت، کە مووچە وەک ڕەهەندێکی گرنگی سیستەمی کارگێڕی، لەم خشتەیە کاریگەری خۆی هەیە لە ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەی، چونکە لە یەکەکانی توێژینەوە لە کەناڵێکەوە بۆ یەکی دیکە جیاوازیان هەیە، کە دەردەکەوێت، لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، کە خۆی لە (٤٣) یەکەیە، ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٩١) و لادانی پێوانەیش بریتییە لە (٠.٧٧٧)، بەڵام لە کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن روون بۆتەوە، کەوا لە کۆی (٢٧) یەکەی کەناڵەکە، ناوەندی ژمێریاری (٢.٧٧) و لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٧٢٧).

ئەگەر سەرنج لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (پەیام و سپێدە) بدەین وەک دوو کەناڵی ئیسلامی، روون دەبێتەوە کەوا (٤٠) لە تاکەکانی توێژینەوە کەناڵی ئاسمانی سپێدە پێکدەهێنن، کە ناوەندی ژمیریاری (٢.٦٩)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (٠.٦٤٤). لە بەرامبەر ئەم کەناڵە، کەناڵی ئاسمانی پەیامە کە خۆی لە (٢٥) یەکە دەبینێتەوە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٧٣)، کەچی لادانی پێوانەیی (٠.٧٤٦). لە لایەکی دیکە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو دێت، کە خۆی لە (٢١) یەکە دەبینێتەوە، کە ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٣.١٣)، کەچی لادانی پێوانەیی بریتییە لە (٠.٧١٤).

ئەنجامی خشتەی رەهەندی مووچە بۆمان دەردەخات، بە بەراوردکردنی نێوان کەناڵی (عەلمانی، ئیسلامی، ئەهلی) لەگەڵ ڕەهەندی (مووچە)، وەک ڕەهەندێکی سیستەمی کارگێڕي لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە روون بۆتەوە، کەوا ئاماژەداری ئاماری نیە، لە بەر ئەوەی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (٢.٨٣) و لادانی پێوانەیش خۆی لە (٠.٧٢٨)، کە نرخی (f) بریتییە لە (١.٥٩٩)، کە بەهای ئەگەری دەکاتە (٠.١٧٨)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەوا ئاستی ئاماژەداری نیە.

ئەگەر چی ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی تیۆری پاسەوانی دەرگایە، لە هەمان کاتیش چەند توێژینەوەیەکی دیکەش لە توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی پاسەوانی دەرگا، ئەنجامی توێژینەوەکە

کۆمەڵێک فشاری دەرخستووە لە سەر ڕاگەیاندنکار، کەچی بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەی دیکە، دەبینین ئەنجامەکان هەمان فشار یاخود کاریگەری هەیە، بۆ نمونە لە توێژینەوەی (امیر نامق عبدالله)، بە ناونیشانی (الضغوطات المهنیه علی القائم بالاتال واثرها علی السلوک المهنی)، کە سەرجەم کارمەندانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییەکەی کوردسات و زاگرۆسی گرتەوە، ئەنجامی ئەم توێژینەوە دەری خستووە، کەوا لە زۆربەی کاتەکاندا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی کوردسات و زاگرۆس، پاڵەپەستۆی زۆرو جۆراوجۆر لەسەر ڕاگەیاندنکار هەیە، بەڵام لە هەموو کاتێکدا ناتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە. هەروەها ئەو پاڵەپەستۆیانە لە شێوەی جیاوازدا بەرجەستە دەبن و دەکرێ دیارترینیان لە پاڵەپەستۆی ( سیاسی، کارگێڕی، یاسایی، پیشەیی، ڕەوشتی، ئابووری)دا بەرجەستە بکەین.

هەروەها لە توێژینەوەی (نسرین ریاض عبدالله)، بە ناونیشانی (تاثیر سمات بیئه العمل الصحفی علی القائمین بالاتصال فی الصحف المصریه والاردنیه). ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخست، کە ڕەگەزەکانی ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسیی دەرەکیو ناوەخۆ لە میسرو ئەردەن، کاریگەرییەکی ئاشکرا لە سەر هەڵسوکەوتی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ئاستەکانی کارکردن و ڕەزامەندیی ئەرکداریی ڕاگەیاندنکاران، ئەو ڕەگەزانەش خۆی لە کۆمەڵێک لە پاڵەپەستۆ، یان گیروگرفت دەبینێتەوە، کە نەک تەنها گرێدراوی ژینگەو کۆمەڵگا نین، بەڵکو گرێدراوی هەڵومەرجی هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندنن بە تەنها.

## سێیەم: دەرئەنجامەکان

**أ. توێژینەوەکە لە کۆتایی گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە، کە بەرزترین ڕادەی ڕێژەی هەر دەستەواژەیەک لە ڕەهەندەکانی سیستەمی کارگێڕی وەرگیراوە ئەوانیش:**

**یەکەم: خاوەنداری**

١. ڕێژەی (٥٠%) یەکەکان تاڕادەیەک پێییان وایە، کە خاوەنداری کەناڵەکە دەست دەخاتە نێو کاری ڕاگەیاندنکاران لە کاتی کارکردنیان.

٢. (٣٤%) لە نموونەکان تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا خاوەنداری کەناڵ فشاری لە سەر سیستەمی کارگێڕی دروست کردووە لە دەستنیشان کردنی ڕاگەیاندنکار بۆ پلەی کارگێڕییەکان.

٣. هەروەها ڕێژەی (٤٠.٤%) تاڕادەیەک بۆچونیان وایە، کە خاوەنداری کەسی ئازادی پیشەیی زیاترە بۆ کارکردنی ڕاگەیاندنکاران وەکو لە خاوەنداری مەعنەوی.

٤. (٢٨.٢%) لێتوێژراوان لەگەڵ ئەوەدانین بە تەواوی کەوا، خاوەنداری لە سەر بنەمای پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بەرپرسی بەشەکان دادەنێت، نەوەک لە سەر بنەمایی لێهاتووی یان پیشەیی.

٥. ئەنجامی توێژینەوە ئەوەی دەرخستوە، کەوا (٢٨.٨%) لە نموونەکانی توێژینەوە، تاڕادەیەک لایان وایە، کە خاوەنداری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دیاری دەکات.

**دووەم: ڕێنمایی**

٦. ڕێژەی (٣٧.٨%) تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە دەدرێن ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنکار دروست کردووە لە کاتی کارکردندا.

٧. ئەنجامی توێژینەوە ئەوەی خستۆتە ڕوو کەوا ڕێژەی (٤١.٧%) لەگەڵ ئەوەدان کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی ڕێنماییەکانی کەناڵەکە.

٨. هەروەها ڕێژەی (٣٧.٨%) تاڕادەیەک بۆچونیان وایە کەوا ئەو برگانەی لە ڕێنماییەکان هەن گونجاون بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنکار بە سەرکەوتووی کاربکات لە کەناڵەکە.

٩. (٤٥.٥%) تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا ڕێنماییەکان گونجاون بۆ جێبەجێکردنی ئەدای کاری ڕاگەیاندنکاران.

١٠. دەرئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستوە، کەوا ڕێژەی (٣٣.٣%) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی، دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە ڕێنماییەکانی سەبارەت بە (دامەزراندن و مووچەو کارکردن و ئەرک و ماف و بەرپرسیارەتی) بۆ ڕاگەیاندنکاران ڕوون کردۆتەوە.

**سێیەم: کاتی کارکردن**

١١. دەرئەنجامەکانی یەک لە دەستەواژەکانی ڕەهەندی کاتی کارکردنی ئەوەی خستۆتەڕوو، کەوا (٣٦.٥%) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا ماوەی کارکردنی ڕاگەیاندنکار گونجاوە بۆ کارکردن لە کەناڵەکە.

١٢. ڕێژەی (٣٤.٦%) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا ئەو کاتەی بۆ ڕاگەیاندنکار دیاری کراوە بە ئارەزووی خۆی کاردەکات بۆ ئەوەی کارەکەی باشتر بێت.

١٣. هەروەها ڕێژەی (%٤٥.٥) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە لەکاتی پشوو خولو وۆرک شۆپ بۆ ڕاگەیاندنکاران دەکاتەوە.

١٤. ڕێژەی (%٢٥) تاڕادەیەک پێیان وایە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان لە کاتی پشوو هەوڵیان نەداوە ڕاگەیاندنکاران لە بەشەکانی دیکەش شارەزایی پەیدا بکەن.

١٥. (%٣٥.٩) تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان کاریگەری لە سەر کاتی دیاریکراوی ڕاگەیاندنکار درووست کردووە، لە هەر یەک لە بوارەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەرفیهی، وەرزشی).

### چوارەم: مامەڵەکردنی کارگێڕی

١٦. ڕێژەی (%٣٣.٣)، تاڕادەیەک پێیان وایە دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان لە هەرەمی سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

١٧. دەرئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست، کە (%٢٧.٦) تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەدان کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان ڕاگەیاندنکاران ئاراستە دەکەن بۆ ئەوەی ئینتیمای بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت.

١٨. نمونەی لێتوێژراوان بە ڕێژەی (%٣٢.٧) تاڕادەیەک پێیان وایە کە دەستەی کارگێڕی کەناڵ لە پێدانی بەرپرسیارەتی جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران دەکات.

١٩. دەرئەنجامەکانی ئەوەیان خستەڕوو، کە ڕێژەی (%٣٥.٢) تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێک دەستەی کارگێڕی کەناڵەکە مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران.

٢٠. ڕێژەی (%٢٥.٦) نمونەکان لەگەڵ ئەوەدانین کەوا هیچ جیاوازیەک نیە لە ڕووی ئیمتیازات و پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی، کە بە سستی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

## پێنجەم: پلەبەندی

٢١. دەرئەنجامەکان دەریان خستووە، کە ڕێژەی (%٢٨.٨) تاڕادەیەک پێیان وایە، کەوا ناکۆکی نێوان پلە دارەکانی سیستەمی کارگێڕی کاریگەری خراپ دەخاتە سەر ڕاگەیاندنکاران.

٢٢. ڕێژەی (%٣٧.٨) تاڕادەیەک لایان وایە، کەوا تێپەربوونی بوونی هەواڵ بە زۆری پلەبەندییەکان دەبێتە هۆی دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە کاتی خۆیدا.

٢٣. (%٢٩.٥) تاڕادەیەک بۆچونیان وایە کەوا لە کاتی ڕووداوێکی لە ناکاو ڕاگەیاندنکار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کار لە سەر هەواڵە گرنگەکان بکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە لای پلەبەندییەکان.

٢٤. هەروەها دەرئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستوە کەوا (%٣٢.٧) تاڕادەیەک پێیان وایە کەوا ڕەتکردنەوەی هەندێ هەواڵ لە لایەن پلەبەندی نابێتە هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنکار لەسەر کارەکەی.

٢٥. (%٢٤.٤) لەگەڵ ئەوەدان بە تەواوی کەوا پەیوەندیی کەسی کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان.

**شەشەم: ئازادی کارکردن**

